حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی)

**نامەیەکە خوێندکار**
**کانیاو ابراهیم کریم**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،  وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی  ماستەر لە کۆمەڵناسی

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی. د. واحدە حمەوەیس نصراللە**

**2720 ك    1441 هـ    2020 ز**

ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار( کانیاو ابراهیم کریم رشید ) بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرلە زانستی (کۆمەڵناسی) ، پێشینار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: د. واحدە حمە ویس نصراللە
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت: / / 2020

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: : پ. ی.د. کەژاڵ حسین محمد
سەرۆکی بەشی ( کۆمەڵناسی)
ڕێکەوت : / / 202

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێـمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار ( کانیاو ابراهیم کریم) بە ناونیشانی ( ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( کۆمەڵناسی) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. ژیا عباس قادر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت : / / 2020

واژۆ:
ناو: د. جوان اسماعیل بکر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: / /2020

واژۆ:
ناو: د. زانا احمد پیرداود
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2020

واژۆ:
ناو: د. واحدە حمە ویس نصراللە
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / 2020

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ. ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
/ / 2020

بسم الله الرحمن الرحيم

( وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُو مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا)

صدق الله العظيم

سورة النساء : الاية 124

# پوختەی توێژینەوە:

به درێژایی مێژوو ژن ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردن و بنیادنانی نەوەیەکی تەندروستدا هەبووە و کاری کردووە شانبەشانی پیاوان تابتوانێت کەسێکی بەرهەمهێن و چالاك بێت لە کۆمەڵگادا. سەرەرای ئەوەی ژن هەمیشە بە لێپرسراوی یەکەم دادەنرێت لە پەروەردەکردنی منداڵاندا بەڵام لەئەمڕۆدا کارکردنیشی لە دەرەوەی ماڵ بۆتە پێویستیەکی گرنگ چ بۆخۆی چ بۆ باری ئابوری خێزانەکەی. هەربۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەخۆی دەبینێتەوە لە پرسیارێکی سەرەکیدا کە بریتیە لە ئایا کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر پەروەردەی منداڵ هەیە؟ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەکردنی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی منداڵ و دیاریکردنی بەهێزترین هۆکار لە کارکردنی ژنان و رەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵ. لە ڕووی جۆرێتیەوە جۆری توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەی توێژینەوە ژنانی فەرمانبەری هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردەیە کە ژمارەیان (150) ژنن و خاوەنی منداڵی تەمەن (2–5) ساڵانن. لە کاتێکدا نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێگەی نمونەی مەبەستدار هەڵبژێرراون و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشت بە فۆرمی ڕاپرسی بەستراوە. ئامڕازە ئامارییە بەکاهاتوەکان بریتین لە (ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی ئەلفا، ئامرازی ئاماری پێرسون، ناوەندی سەنگکراو بۆ دەرکردنی کێشی هەربڕگەیەك لە نێو فۆرمدا).

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دابەش بووە بۆ دوو دەروازە کە تیۆری و پراکتیکیە. لە دەروازەی تیۆریدا بابەتە تیۆریەکانی توێژینەوەکە ئاماژە پێکراوە، لە دەروازەی پراکتیکیدا لایەنی پراکتیکی ودەرئەنجامی توێژینەوە و ڕاسپاردە وپێشنیارەکانی خراوەتەڕوو. لەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:

–لە ئەنجامی مەیدانیەوە دەرکەوتووە کە وا بەشێوەیەکی گشتی زۆرترینی ژمارەی منداڵانی نمونەی ناو توێژینەوەکە دوو منداڵە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە وورده وورده خێزانی کوردی لە بچوك بوونەوەیەدایە. و دەرکەوت لە توێژینەوەکەدا کە نمونەی توێژینەوەکە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی جەستەی منداڵەکانیان دروست نەکردووە ئەویش بەهۆی ئەوەی

ساڵانە پشکنینی تەندروستی بۆ منداڵەکانیان ئەنجامدەدەن و کەمتەرخەم نەبوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان. هەروەها کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ لە نیوەی ڕۆژەکە زیاتر ئەوا دەرکەوت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرونی منداڵ دروست دەکات. کەم و زۆری کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ هۆکارە بۆ دروستبونی کاریگەرییەکان لەسەر پەروەردەی منداڵ. وبەرئەنجامی کارکردنی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ لەسەر منداڵەکانیان دەرکەوتووە کە سیفەتەکانی ( بەکۆمەڵایەتی و پشت بەخۆبەستن) بەرجەستە بووە. نمونەی توێژینەوەکە پشت بە دایەنگاو باخچەکان دەبەستن بۆ چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەروەها توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو منداڵانەی نمونەی توێژینەوەکە لە شوێنێك دایاندەنێن و کەس و لایەنی تر بەشدارە لە پەروەردەکردنیان ئەوا کاریگەری ئەرێنی وەك (پاراوی لە زمانی منداڵدا و لەبەرامبەردا کاریگەری نەرێنی وەك (شەڕنگێزی لە ڕەفتار)یاندا دروست دەبێت. کات بەسەر بردنی منداڵانی نمونەکە کاتێك لە ماڵەوەن زیاتر بە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانە.

بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە کێشەی پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکان یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی نمونەکە. ژنانی نمونەی توێژینەوەکە هاوسەنگیان ڕاگرتووە لە نێوان ژیانی خێزانی و کارەکەیاندا. هەروەها پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتە ئابوری ودەرونی و کۆمەڵایەتیەکان و دەرکەوت کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ هۆکارە بۆدەسکەوتنی هەردوو دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی پێکەوە.

**پێشکەش بە..**

- ★ دایکم... تا ئیستاش لەخەمی ماندووبوونمدایە.
- ★ ڕۆحی پورم.. کەتائێستاش لە نزاکانی ئەودا دەژیم.
- ★ هاوسەری ئازیزم،.. تا تەواوکردنی توێژینەوەکە  هاوکارم بوو.
- ★ "ئەنەس و داناس" جگەرگۆشەکانم.
- ★ بە هەموو ئەو ئەو ژنانەی کاردەکەن و لە خەمی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندان.

## سوپاس و پێزانین بۆ ....

- سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی دەکەم کە هەریەکەیان بەرێنمایی و بەرچاوڕوونی رێبەریان کردم.

- سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د.واحدە حمەویس).
- سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستا (پ.ی.د نەجات حمەفرج) لە بەشی کۆمەڵناسی بۆ هاوکاریکردنم لە توێژینەوەکە.

- سوپاسی مامۆستای بەڕێز(پ.ی.د. کوردستان عمر) لە بەشی کاری کۆمەلأیەتی بۆ هاوکاریکردنم لە توێژینەوەکە.

- سوپاس بۆ هاوڕێی بەڕێزم "هێمن شریف"بۆ هاوکاریکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی پشتگرییان کردم لە بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە.

- سوپاس بۆ مامۆستایانی بەڕێزی هەڵەسەنگێنەری فۆرمەکە.
- سوپاس بۆکارمەندانی کتێبخانەی کۆلێج بۆهاوکاریکردنیان.

# پێرستی بابەت


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ا | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ج | ئایەتی قورئان |
| د–ه | پوختەی توێژینەوە |
| و | پێشکەشکردن |
| ز | سوپاس و پێزانین |
| ح–ل | پێرستی بابەتەکان |
| ک–م | پێرستی خشتەکان |
| م | پێرستی پاشکۆکان |
| 2–1 | پێشەکی |
| 55–3 | **دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری** |
| 4 | **بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان** |
| 5 | **باسی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** |
| 5 | 1/ کێشەی توێژینەوە |
| 6 | 2/ گرنگی توێژینەوە |
| 6 | 3/ ئامانجی توێژینەوە |
| 9–7 | **باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان** |
| 7 | یەکەم/ کارکردن |
| 7 | دووەم/ ژنی ئیشکەر |
| 8 | سێیەم/ پەروەردە |
| 9 | چوارەم/ منداڵ |
| 19–10 | **باسی سێیەم/ توێژینەوە هاوشێوەکان** |

| | |
|---|---|
| یەکەم/ توێژینەوە ناوخۆییەکان | 12-10 |
| دووەم/ توێژینەوە دەرەکیەکان | 16-12 |
| سێیەم/ گفتوگۆکردنی توێژینەوە هاوشێوەکان | 19-17 |
| **باسی چوارەم/ تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە** | 24-20 |
| **باسی یەکەم/ قۆناغەکانی کارکردنی ژنان** | 30-26 |
| **باسی دووەم/ پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان** | 36-31 |
| یەکەم/ پاڵنەری خودی | 31 |
| دووەم/ پاڵنەری ئابووری | 32 |
| سێیەم/ پاڵنەری زانستی | 34-33 |
| چوارەم/ پاڵنەری کۆمەڵایەتی | 34-33 |
| پێنجەم/ پاڵنەری سیاسی | 36-35 |
| **بەشی سێیەم/ بەرپرسیارێتی ژن و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵ** | 37 |
| **باسی یەکەم/ بەرپرسیارێتی ژن لە ناو خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ** | 40-38 |
| **باسی دووەم/ ئەرکی ژن پەروەردەکردنی منداڵدا** | 43-41 |
| **باسی سێیەم/ پەیوەندی ژن بە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵدا** | 44 |
| أ. گەشەکردنی جەستەی منداڵ | 44 |
| ب. گەشەکردنی دەروونی منداڵ | 45 |
| ت. گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ | 47-46 |
| پ. گەشەکردنی زمانی منداڵ | 49-48 |
| **باسی چوارەم/ ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ** | 55-50 |
| 1. ڕەنگدانەوە ئەرێنیەکان | 52-50 |
| 2. ڕەنگدانەوە نەرێنیەکان | 55-52 |

| | |
|---|---|
| **دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی** | 56 |
| **بەشی چوارەم:  هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | 128–56 |
| یەکەم/ جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە | 57 |
| 1. جۆری توێژینەوەکە | 57 |
| 2. میتۆدی توێژینەوەکە | 58–57 |
| 3. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 58 |
| 4. نمونەی توێژینەوەکە | 59–58 |
| 5. سنورەکانی توێژینەوەکە | 60 |
| 6. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری | 61–60 |
| 7. ڕاستێتی فۆرم | 61 |
| 8. جێگیری فۆرم | 62 |
| 9. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | 62 |
| **باسی دووەم/ ئەنجامە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | 63 |
| **یەکەم/ خستنەرووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان** | 109–63 |
| 1/ گۆڕاوە سەربەخۆکانی توێژینەوەکە | 70–63 |
| 2/ خستنە رووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە | 103–71 |
| **باسی سێیەم/ ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوەکە** | 104 |
| یەکەم/ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 106–104 |
| دووەم/دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 108–107 |
| ڕاسپاردە و پێشنیاری توێژینەوەکە | 109–108 |
| سەرچاوەکان | 116–110 |
| پاشکۆکان | 128–117 |
| **پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی** | i-ii |
| **پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی** | A-c |

## پێرستی خشتەی توێژینەوەکە


| | |
|---|---|
| خشتەی (1) تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | 63 |
| خشتەی (2) ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە | 64 |
| خشتەی (3) ئاستی خوێندەواری هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە | 65 |
| خشتەی (4) داهاتی مانگانەی نمونەی توێژینەوەکە | 66 |
| خشتەی (5) جۆری نیشتەجێبونی نمونەی توێژینەوەکە | 67 |
| خشتەی (6) ژمارەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 68 |
| خشتەی (7) ڕیزبەندی منداڵی نمونەی توێژینەوەکە | 69 |
| خشتەی (8) کاتژمێری کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە | 70 |
| خشتەی (9) ئەنجامدانی پشکنینی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە | 71 |
| خشتەی (10) نانی بەیانی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 72 |
| خشتەی (11) کاتی خواردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 73 |
| خشتەی (12) چۆنیەتی خەوی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 74 |
| خشتەی (13) ئامادەکردنی ژەمە خواردنی خێزان لەلایەن نمونەکە | 75 |
| خشتەی (14) کەمتەرخەمی بوونی نمونەکە لە چاودێری تەندروستی منداڵەکانیان | 76 |
| خشتەی (15) شێوازەکانی پەروەردەکردن لەلای نمونەی توێژینەوەکە | 78-77 |
| خشتەی (16) ئامادەنەبوونی نمونەکە لە ماڵداو کاریگەری لەسەر دەرونی منداڵ | 79 |
| خشتەی (17) کاریگەری کارکردنی نمونەکە | 81-80 |
| خشتەی (18) سیفەتەکانی منداڵان لەبەرئەنجامی کارکردنی نمونەکە | 83-82 |
| خشتەی (19) کات بەسەربردنی منداڵان لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە | 84-83 |
| خشتەی (20) چاودێریکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 85 |
| خشتەی (21) چۆنیەتی گەیاندنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | 86 |
| خشتەی (22) شێوازی پەیوەندی منداڵانی نمونەکە بە باوکیانەوە | 87 |

| | |
|---|---|
| 88 | خشتەی (23) کاریگەریە ئەرێنیەکانی بەشداری کردنی لایەنی تر لە پەروەردەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە |
| 89 | خشتەی (24) کاریگەریە نەرێنیەکانی بەشداری کردنی لایەنی تر لە پەروەردەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە |
| 91-90 | خشتەی (25) چۆنیەتی کاتبەسەر بردنی منداڵانی نمونەکە کاتێك لە ماڵەوەن |
| 91 | خشتەی (26) ڕای نمونەکە لەسەر جیاوازی ڕەفتاری منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵانێك کەدایکیان کارناکات |
| 93-92 | خشتەی (27) هۆکاری جیاوازی رەفتاری منداڵانی نمونەکە |
| 94 | خشتەی (28) پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە |
| 95 | خشتەی (29) بەشداریکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە بڕیاردان لەناو خێزاندا |
| 96 | خشتەی (30) هۆکاری بەشداری نمونەکە لە بڕیاردان لەناو خێزاندا |
| 98-97 | خشتەی (31) کێشەکانی ڕووبەڕووی نمونەی توێژینەوەکە دەبێتەوە |
| 98 | خشتەی (32) هاوسەنگکردن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانی نمونەکە |
| 99 | خشتەی (33) هۆکاری نا هاوسەنگی لای نمونەی توێژینەوەکە |
| 100 | خشتەی (34) دەسکەوتەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە |
| 104-101 | خشتەی (35) تایبەت بە هێزی بڕگەکانی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە |

# پێرستی پاشکۆکان


| لاپەرە | ناونیشانی پاشکۆکاکان |
|---|---|
| 123-119 | پاشکۆی (1) فورمی راپرسی توێژینەوە |
| 125-124 | پاشکۆی (2) ڕاستێتی فورمی راپرسی |
| 127-126 | پاشکۆی (3) گونجاندنی ناوەڕۆکی فۆرمی راپرسی |
| 128 | پاشکۆی (4) جێگیری فۆرمی راپرسی |

# پێشەکی

بێگومان لەگەڵ دەستپێکی هاتنە کایەی مرۆڤایەتیدا ژن وەك بونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا ڕۆڵی کارای لە پێکهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە و لە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی کەسانی مەزنیش کە حاشا لە تواناکانی ناکرێت. کەباس لە ژن دەکرێت هەمیشە دوو ڕواڵەتی جیاواز یەتەبەرچاو لە کارامەیی یان کارامەیە لە کاروباری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی خێزاندا، یان لەودیو پەنجەرەی ماڵەوە ژنێکی کارامەی چالاك دەبینرێت کە شانبەشانی پیاوان لە گۆڕەپانی کارکردندا دەجەنگێن و بژێوی ژیان دابین دەکەن.

بایەخدان بە منداڵ و پەروەردەکردنیان ئەرکێکی گەورەیە لەسەر شانی خێزان و بەتایبەت ژنان چونکە قۆناغی منداڵی گرنگترین قۆناغە لەژیانی مرۆڤدا و هەستیارترین قۆناغە بۆمنداڵ کە تیایدا ڕوبەڕوی گۆرانکاریەکانی ژیان دەبێتەوە. بۆیە پێویستی بەچاودێریکردن هەیە لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی جا ئەو ژینگەیە خێزان بێـت یان دەرەوەی خێزان. بۆ ئەم کارەش منداڵان هەمیشە پێویستیان بە پاڵپشتی خێزان هەیە بەتایبەتی دایك. لەبەرئەوەی لە ئەمڕۆدا کارکردنی ژنان بۆتە واقیعێك و پێویستیەکی ژیان ئەوا ژنانیش لەم ساڵانەی دواییدا بەڕێژەیەکی بەرچاو هاتونەتە ناو مەیدانی کارکردن سەرەرای ئەرکە سەرەکیەکەی خۆیان کە پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵە.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە (ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ)ە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە چەندین توێژینەوە ئەنجامدراوە لەچەند لایەنێکی جیاوازی بابەتی ژندا بەڵام بەشێوەیەکی ورد نەچونەتە ناو واقعی ژیانی خێزانی ژنان و لایەنی پەروەردەی منداڵەکانیان بەڵکو زیاتر ئاماژەدانبووە بە ڕوکەشی دەرەوەی ژیانی خێزان و ئەو قۆناغانەی کە ژیانی هاوسەری پیاتێپەریوە هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە دەچێتە نێو ناخی ژیانی ئەو ژنانەی کاردەکەن و تیشك دەخاتەسەر ئەو ڕەنگدانەوەیەی کەلەسەر لایەنی جەستەیی و دەرونیی و کۆمەڵایەتی پەروەردەی منداڵ دروستدەبێت لەبەرئەنجامی کارکردنی دایکیانەوە .

ئەم توێژینەوەیە دوو دەروازەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، دەروازەی یەکەم لایەنی تێوری توێژینەوەکەیە و بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشبووە:

**بەشی یەکەم**: کێشەو گرنگی و ئامانج و تیۆری توێژینەوەکە و پێناسەی چەمك و زاراوەکان و توێژینەوەکانی پیشوو دەگرێتەوە، **بەشی دووەم:** تایبەتە بە باسکردن لە ژن و پرسەکانی کارکردن و پاڵنەرەکانی کارکردنی. **بەشی سێیەم:** باسکردنە لە بەرپرسیارێتی ژن و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ کە بە چەند باسێك خراوەتەڕوو، کە لە باسی یەکەمدا بەرپرسیارێتی ژن لەناو خێزان

و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ و لە باسی دووەمیشدا ژن وەك پێشەنگێك لە ژیانی منداڵدا و لە باسی سێیەم پەیوەندی ژن بە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵەوە و لە باسی چوارەم ڕەنگدانەوەکانی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ باسکراوە. **دەروازەی دووەمیش لایەنی مەیدانی** توێژینەوەکەیە کە دەکاتە بەشی چوارەمی توێژینەوەکە لە چەند باسێك پێکهاتووە ئەویش جۆرو میتۆدو هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە میتۆدی توێژینەوەکە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و سنوری توێژینەوەکە و ئامرازەکانی توێژینەوەکە و کەرەستە ئامارییەکان و ڕاستێتی وجێگیری فۆرم لە خۆدەگرێت، کە باسی دووەم خستنەڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان و سەلماندنی ئامانجەکان و باسی سێیەمیش لە دەرئەنجام ڕاسپاردە و پێشنیارەکان خۆی دەبینێتەوە. لە کۆتایشدا سەرچاوەکان و پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوەکەیە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**تێبینی/** لەبەر ئەوەی لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا ووشەیەك چەند مانا هەڵدەگرێت ئەوا لە هەندێ شوێنە لەبری ووشەی (کار) ووشەی (ئیش) بەکاهاتووە ئەویش بەهۆی ڕێکخستن و گونجاندنی لەناو ڕستەکەدا چونکە لە ڕووی دارشتنەوە جوان نیە بنوسرێت (ژنی کارکەر) بۆیە نووسراوە (ژنی ئیشکەر)هەروەها لە هەندێ شوێندا پێویست بووە ووشەی (دایك) بەکاربێت لەبری ووشەی (ژن).

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان

## باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوە

دووەم: گرنگی توێژینەوە

سێیەم: ئاما نجی توێژینەوە

## باسی دووەم :دیاریکردنی چەمکەکان

یەکەم: کارکردن

دووەم: ژنی کارکەر( ئیشکەر)

سێیەم:  پەروەردە

چوارەم: منداڵ

## باسی سێیەم: توێژینەوە هاوشێوەکان

یەکەم: توێژینەوە ناوخۆییەکان

دووەم: توێژینەوە دەرەکیەکان

## باسی چوارەم: تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە

١- تیۆری بونیادی وەزیفی

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

کێشە بەمانای ئەو پاڵنەرانەی کە وا لە توێژەر دەکەن ئەو بابەتە بکاتە بابەتی توێژینەوەیەکی زانستی بە ئامانجی دەرخستن و ڕونکردنەوەی لایەنە نادیارەکانی بابەتەکە و خستنەڕوویان بە شێوەکی زانستی بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆمەڵگەو کێشەو گرنگی پێدانەکانی (حافظ، 1981: 48).

ژنان هەموو کات کاریانکردووە لەهەر پێگەیەك بێت بەڵام ئەم کارکردنە جیاوازی هەیە بەپێی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان. کۆمەڵگەی کوردیش هەروەك کۆمەڵگەکانی تری جیهان بێبەش نەبووە لەو گۆڕانکاریانەی بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە ڕوویانداوە کاریگەریان هەبووە لەسەر هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ بوارەکانی کارکردن هەروەها بەهۆی بوونی چەندین دەزگاو بنکەیەکی وەبەرهێنان کە پێویستبوون بەدەستی کاری ژنانەوە ئەمانە وایانکرد کارکردن بێتە پێویستییەك بۆ ژنان هەتا کاربکەن و ئاستی بژێوی ژیانی خۆیان باشتر بکەن و ببنە خاوەن پێگەیەگی سەربەخۆی خۆیان. سەرەنجام بەهۆی هاتنەدەرەوەی ژن و کارکردنی لەدەرەوەی ماڵ گۆڕانکاری لە ڕۆڵەکاندا دروستبوو هەندێ بەرپرسیارێتی کەوتە سەرشانی ژنان کە پێشتر لە ئەستۆی پیاواندا بوو، بەمەش قورساییەکی تر کەوتە سەرشانی ژنان سەرەرای ئیشی ماڵەوەو پەروەردەکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خێزان خۆی لە دونیای کارو کێشەکانیشیدا دەبینێتەوە هەر بۆیە دەبێت هەوڵبدات بە گونجاندنی ڕۆڵەکانی بەلەبەرچاوگرتنی ئەرکی خێزان و پەروەردەی منداڵ و پیشەکەشی لە دەرەوەی ماڵ. دیارە ئەم شێوازە لە ژیانی ژنان کاریگەری لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتارو ژیانکردنی منداڵ دەبێت چونکە تا ئێستاش ژنان بە پەروەردکارو لێپرسروای یەکەمی منداڵ دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا پرسیاری سەرەکی بریتیە لە ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لە سەر پەروەردەی منداڵ چییە؟ ئەویش لەڕێی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی تری لاوەکی وەك ئایە کارکردنی ژنان چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر گەشەکردنی جەستەیی و دەرونی کۆمەڵایەتی منداڵ هەیە؟ و ئەو هۆکارانە چییە کەوا دەکات ژنێك کە کاردەکات لە دەرەوەی ماڵ هاوسەنگی بۆ ڕانەگیرێت لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانیدا؟ ئایا کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی دروستبوونی کێشەی پەروەردەکردنی منداڵەکانی؟ بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر چەند هەنگاوێکی تیۆری و پراکتیکی دەگرێتەبەر تا وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت.

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی دوو گرنگی لە خۆ دەگرێت:

1- **گرنگی تیۆری:** کە خۆی لە گەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە کە مەبەستە توێژینەوەی لەسەر بکرێت. بەواتای ئاماژەدان و تیشك خستنەسەر ئەو بابەتە تیۆری و پەرتوك و نووسراوانەی کە لەسەر بابەتەکەن تاوەکو پاڵپشتبن بۆ توێژینەوەکە وە لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکە ڕونبکاتەوەو وەڵامی هەندێك بواری جیاواز لە بابەتەکەدا بداتەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە کە تیشکی خستوّتە سەر کێشەگەلێکی هەنوکەیی سەردەمیانەیە کە پەیوەستە بەژیانی ژنانەوە بەتایبەت ئەوانەی کە کاردەکەن هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە ژیانی منداڵەکانیانەوە هەیە. ئەمە جگە لەوەی بابەتی هەڵبژێردراوی توێژینەوەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە بابەتی توێژینەوەکە هەڵقوڵاوی یەکێك لەو بابەتانەیە کە زانستی کۆمەڵناسی گرنگی پێدەدات کە ئەویش کارکردنی ژن و پەرورەردەکردنی منداڵانە لە هەمان کاتیشدا توێژینەوەکە دەچێتە بواری (کۆمەڵناسی پەروەردەیی)ە وە کە یەکێك لەبوارە گرنگەکانی زانستی کۆمەڵناسیە.

2- **گرنگی پراکتیکی**: توێژینەوەکە خۆی لەو زانیاری و داتایانەدا دەبینێتەوە کە هەڵقوڵاوی لایەنی مەیدانیە بۆ توێژینەوەکە هاوشان بەلایەنی تیۆری وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاشکرا دەکات کە مەبەست بووە لە توێژینەوەکەدا بەرجەستەبکرێت. سەرەرای ئەوەی ئەم توێژینەوەیە دەرئەنجامەکانی رەنگە سودبەخش دەبێت بۆ سەرجەم ڕێکخراو و گروپەکانی ژنان بۆئەوەی بەرچاوڕون بن سەبارەت بەو واقع و دۆخ و ژیانەی ژنانی خێزاندار تیایدان.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی:

1. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵدا بەتایبەت:

ا. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەکردنی جەستەیی منداڵ.

ب. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەکردنی دەرونی منداڵ.

ت. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەکردنی کۆمەلأیەتی منداڵ.

2. دیاریکردنی بەهێزترین هۆکار لە کارکردنی ژنان وڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵ.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان

چەمك ئامرازێکی هێماییە کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت بۆ دەربڕینی مانا و بیرۆکە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە کەسانی تر. هەروەها پێناسەی چەمکە زانستییەکان کارێکی پێویستییە لە توێژینەوەی زانستی پێویستە لەسەر توێژەر لە کاتی داڕشتنی کێشەکەیدا ئەو چەمکانە دیارییکات کە بەکاری دەهێنێت تا زیاتر ووردتر و دیاریکراوتر بێت ئەوە ئاسانتر دەبێت لەسەر خوێنەری توێژینەوەکە (حسن، 173:1971).ئەو چەمکانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون ئەمانەن:

### یەکەم: کارکردن (العمل) (Working)

**کارکردن** ئەنجامدانی ئەرك گەلێکە کە لەخۆگری تێچوونی هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆحی و جەستەییە و ئامانجەکەشی بەرهەمهێنانی کالاَکان و خزمەتگوزارییە پێویستیەکانە بۆ دەستبەرکردنی پێداویستیە مرۆڤیەکان، کارکردن لەبەرامبەر دەستهەقە دیاریکراوەکانەوە ئەنجامدەدرێت (گیدنز، 670:2009) لەلایەکی ترەوە **کارکردن** هۆکارێکە لە هۆکارەکانی سەلماندنی خود کە تاك تیایدا هەوڵدەدات ئامانجەکانی بهێنێتەدی و حەزو ئارەزووەکانی پربکاتەوە، دەرفەتێکیشە تاوەکو لە ڕێیەوە تاك تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە لەو بوارەی کە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت (معروف، 31:1980). یاخود **کارکردن** بە واتایەکی تر هەموو هەوڵێکی مرۆڤە کە دەیخاتەگەڕ فیکری یا هونەری یا بازوویی بێت، بەرامبەر کرێیەك هەمیشەیی یا کاتی یا وەرزی بێت (النصار، 63:1997).

**پێناسەی کارڕایی بۆ کارکردن:** هەوڵێك و چالاکیەکی عەقڵی یا جەستەییە کەدایك ئەنجامی دەدات بۆ پڕکردنەوەی لایەنی مادی و مەعنەویەکانی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی خێزانەکەی.

### دووەم: ژنی کارکەر (ئیشکەر) (المرأة العاملة) (Woman worker)

**ژنی ئیشکەر** بریتییە لەو ژنەی کارێك بەئەنجام بگەیەنێت لەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەلاَیەتی و دەستکەوتی ئابوری (عبدالفتاح، 1990: 106).

به واتایەکی تر مەبەست لە ژنی ئیشکەر لەو ژنەی کە کارێك یا پیشەیەك بەئەنجام دەگەیەنێت لەدەرەوەی ماڵی خۆی کە چەند کاتژمێرێك لە کاتی خۆی تەرخان دەکات لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێیەك بۆ پڕکردنەوەی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی (مەلیکە، 2004: 7).

## پێناسەی کارپایی بۆ ژنی کارکەر (ئیشکەر):

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لەژنی ئیشکەر ئەو ژنەیە کە کارێکی تری هەیە لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا و لە فەرمانگەکاندا کار دەکات کەبەرامبەر کارەکەی پاداشتی ماددی وەردەگرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی و خێزانەکەی. سەرەڕای ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی وەك ژنی ماڵ لە بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانی ئەوا کارێکی تریش لە دەرەوە ئەنجام دەدات.(لەم توێژینەوەیەدا ژنانی ئیشکەر پێکهاتووە لەو ژنە فەرمانبەرانەی لەناو کەرتی پەروەردەو تەندروستیدا کاردەکەن).

## سێیەم: پەروەردە (التربیة) (Education)

**پەروەردە** بەلای جۆن (دیوی)یەوە کە گرنگیەکی زۆری داوە بە بواری پەروەردە وای دەبینیٚ کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك پرۆسە کە کۆمەڵگە دەتوانێت لەڕێگەیەوە زانیاری و ئامانجەکانی بگەیەنێت لە پێناو پارێزگاریکردنی لە مانەوەی ئەوەش تازەبوونەوەی بەردەوامبوونی خودە لە رێگەی گەشەسەندنی زیاتر چونکە بەبڕوای ئەم زانایە ژیان خۆی لە تازەبوونەوەو گەشەسەندندایە (جعنین، 2009:51). هەروەها به بڕوای (هربرت سبنسەر) پەروەردە بریتیە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەین لە پێناو خۆماندا هەموو ئەو شتانەی ئەوانیتر دەیکەن لە پێناو ئێمەدا، لە پێناو نزیکبوونەوە لە کامڵبوون هەروەها نموونەی بالاَ لە پەروەردە ئامادەکردنی تاك بۆ ژیانێکی تەواو، تاکە ڕێگە کە تاك دەتوانێت بە پەیژەکانی ژیاندا سەرکەوێت پەروەردەکردنیەتی وە گەشەسەندنی هەموو لایەنەکانی کەسێتی تاك (سرحان، 1982: 66). لە ڕوانگەیەکی ترەوە **پەروەردە** سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کاریگەری چالاکی خێزان و قوتابخانە دیاریدەکات لەسەر گەشەسەندنی نەوەکان لەڕووی جەستەیی و عەقڵی و ئاکاری تا بتوانێت کە ژیانی تەندروست بژی لەو ژینگەیەی تیایدایە. (بدوی، 1982: 127).

**پێناسەی کارپایی بۆ چەمکی پەروەردە:**

لەم توێژینەوەیەدا پەروەردە بریتیە لە پرۆسەیەك كە لە لایەن دایكەوە ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی گەشەسەندنی کەسێتی منداڵ لەلایەنی جەستەیی و دەرونی و كۆمەڵایەتی تا پلەی كامڵبوون و گونجاندن و پێكەوە ژیان لەگەڵ خۆی و ئەوانیتر. پەروەردەكردنی لایەنی جەستەیی كە مەبەستی چاودێریكردن و گرنگی پێدانی منداڵە لە خواردن و خواردنەوەی تەندروستی و پێداویستیەكانی ڕۆژانەی. لایەنە دەرونیەكەی گرنگیدان بە تواناكانیان و چاندنی بەهاكانە لە كەسێتی منالە، لایەنە كۆمەڵایەتیەكەش مەبەستی لە ڕووی ئاكاری و خۆگونجاندنی لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەكانی، بۆ بەدیهێنانی ئەم شێوازی پەروەردەیە منداڵ پێویستی بە دایكە تا بتوانێت هەموو ئەم شتانە دەستەبەر بكات.

**چوارەم: منداڵ (الطفل) (Child)**

**منداڵ** ئەو تاكەیە لە قۆناغەكانی تەمەنیدا پشت بە كەسانیتر دەبەستێت بەتایبەت بەرپرسانی لەناو خێزان وەك دایك و باوك تاوەكو دەگاتە قۆناغی پیشت بەستن بەخۆی لە ڕووی دەرونی وتواناكانی و پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی لەناو ژینگەی دەوروبەریدا (قطامي و برهوم، 1997:17). لەلایەكی ترەوە پێناسەی **منداڵ** لە ڕیكەوتنامەی مافەكانی منداڵ لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە–1990 دەرچووە: منداڵ بریتیە لەو (مرۆڤەی تەمەنی 18 ساڵی تێنەپەراندبێت، بەپێی یاساش بەر لەم تەمەنە باڵق نەبووبێت). (اتفاقیە حقوق الطفل، 1990: 7).

–**پێناسەی كارپایی منداڵ:** بریتیە لەو قۆناغەی تەمەن كە تێیدا تاك پشت بەكەسانی دەوروبەری دەبەستێت بۆمانەوەی، لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر پرۆسەی پەروەردەكردن و ڕۆڵی دایك لە گەشەكردنی جەستەی و دەرونی و كۆمەڵایەتی منداڵان لە تەمەنی (2–5)ساڵان.

# باسی سێیەم
# توێژینەوە هاوشێوەکان

## یەکەم: توێژینەوە ناوخۆییەکان

### 1- توێژینەوەی (عزیز – 1981) بە ناونیشانی (کارکردنی ژن و کاریگەری لەسەر ڕۆڵی لەناو خێزان).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەیدانییە لەسەر ژنانی ئیشکەرو ژنانی ماڵەوە لەشاری بەغدا ئەنجامدراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ژنی ئیشکەر لە مەیدانی کارکردن و کاریگەری ئەو کارکردنەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و ڕۆڵی لەناو خێزان وەك هاوسەر و وەك دایك. توێژەر میتۆدی ئەزموونگەری بەکارهێناوە و پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە کە (95) پرسیاری لەخۆگرتووە و ئاڕاستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کراون هەروەها سوود لە چاوپێکەوتن و تێبینی کردنیش وەرگیراوە . ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە لە (300) ژنی خێزانداری ناو شاری بەغداد پێکهاتووە بەم شێوەیە هەڵبژێراوون: سەبارەت بە ژنانی کارکەر کە ژمارەیان (2412) ژنە و لە مانە (800) یان خێزاندارن و (150) ژن بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون بەشێوەیەك لە نێوان پێنج ناو ناوێك ڕاکێشراوە، بەلاّم سەبارەت بەو ژنانەی کارناکەن ئەوا لە ڕێگەی (یەکێتی گشتی ژنانی عێراق)ەوە کە لە هەر گەڕەکێکی شاری بەغداد لقیان هەبووە (150) ژن وەرگیراوە.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە:

– ئەو ژنانەی لەناو خێزانیشدا زیاتر توانای بڕیاردانیان هەیە ڕێژەی لەیەکترگەیشتن و پێکەوە گونجانی ژیانی هاوسەری لەو خێزانانە زۆر زیاترە کە ژنەکانی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن بەبەراورد لەگەڵ ئەو خێزانانەی ژنەکانیان لە ماڵەوەن و کارناکەن چونکە کارکردن ئەبێتەهۆی ئەوەی کەژنیش بەشداری دابینکردنی ئابوری خێزان بکات و لەبەرامبەردا پیاوانیش لە کاری ماڵەوەو پێگەیاندنی منداڵەکان یارمەتی هاوسەرەرکانیان دەدەن. لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە بەهۆی کەمی کاتەوە، ژنانی کارکەر کەمتر دەتوانن سەردانی خزمانیان بکەن هەروەها کەمتریش دەتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن ئەمەش وایکردووە توانای وەچەخستنەوەیان کەمتر بێت، بەلاّم ئەو ژنانەی کارناکەن لەم بوارەدا چانسی گەورەتریان هەیە بەهۆی زۆری کاتی بەتاڵیان کە یارمەتیان دەدات لە چاودیریکردنی منداڵ و خستنەوەی وەچەی زیاتر.

## 2- توێژینەوەی ( عبداللە – 1982) بە ناونیشانی (کێشە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ژنی ئیشکەر لە هەرێمی کوردوستان).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر کێشەکانی ژنی ئیشکەر لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی گرنگترین کێشە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ژنانی ئیشکەر لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنیان بەشێوەکی زانستیانە بۆ گونجاندنیان لە نێوان ڕۆڵە جۆربەجۆرەکانە، جەختی کردۆتەوە لەسەر دیاریکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری ژن و کاریگەری ئەو بارودۆخە لەسەر کێشە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان، گرتنەبەری ئەو ڕێ و شوێنانەی کە بە هۆیانەوە ژن ئازاد و سەربەخۆ دەبێت و شوێنی سروشتی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەگرێتەوە، بەشداریکردنی ژن لە کرداری بونیاتنانی کلتوور لەو ناوچەیەدا هەروەها زانینی ڕێژەی کاریگەری پیشەسازی و تەکنەلۆژیا لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی لای ژن و توانا قەبوڵکردنی گرنگی کارەکەی و زیادکردنی وزە و توانای هەروەها تێگەیشتن لە کێشە کلتوری و کۆمەڵایەتیەکان ژنی ئیشکەر لە ناوچەکە و هۆکار و ئەنجامەکان و چارەسەری زانستیانە بۆیان بە خێرایی، توێژەر ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوەو نمونەیەکی هەڕەمەکی دیاریکردووە کە پێکهاتووە لە (200) ژنی ئیشکەر، توێژەر ڕێگای چاوپێکەوتنی فەرمی هەڵبژاردوە وە جەختی کردۆتە سەر شێوازی تێبینیکردن بە بەشداریکردنەوە، هەستاوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی فەرمی ڕاپرسییەوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

بە پێی توێژینەوەکە (66٪) ئەو ژنانەی کاردەکەن و هاوسەردارن ڕازی نین بەو خزمەتگوزاریانەی کە لەلایەن دایەنگا وباخچەکانەوە پێشکەش دەکرێن بە منداڵەکانیان هەروەها ڕێژەی (68٪) لە ژنانی هاوسەرداری ئیشکەر هەستناکەن کە کارەکانیان هۆکارێکە بۆ پشت گوێخستنی منداڵەکانیان، (72٪) دڵنیایی دەدەنەوە بەوەی پەیوەندی نییە لەنێوان کەمتەرخەمی ژنی ئیشکەر و چاودێری کردنی منداڵ و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان.و لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان قەبارەی خێزان و زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکانی نێو خێزان و نەبونی ئارەزووی وەچە خستنەوەی زۆر. و بەپێی توێژینەوەکە (68٪) ژنانی ئیشکەر جەختیان کردە سەر کاریگەری کێشەی ژن لە ماڵدا لەسەر کارە پیشەییەکەی هەروەها ژنی ئیشکەر توانای بەرپرسیارێتی و بڕیاردانی هەیە لە خێزاندا.

## 3– توێژینەوەی ( محمد – 2006) بە ناونیشانی (ژنی کورد و ململانێی ڕۆڵەکان).

ئەم توێژینەوەیە تویژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە لە زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە، توێژەر پشتی بە هەردوو ڕێبازی (بەراورد و ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەلأیەتی) بەستووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە و لەم توێژینەوەیەدا (250) ئافرەتی وەرگیراوە وەکو نموونەی توێژینەوەکە (165) لە ژنانی بێکارن و (85) لەو ژنانەی کاردەکەن. نموونەی توێژینەوەکەی لەناو شاری سلێمانی وەرگرتووەو بەشێوەی مەبەستدار بووە بەپێی ئاستی گوزەرانیان و پشتی بەستووە بە خزمەتگوزارییە جوگرافییەکانی ناوچەکە و ڕای هەندێ لە دانیشتووانی شارەکە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەکە هەولّدان بووە بۆ زانینی کێشەو ململانێی ڕۆڵی ژن و جیاوازی لەنێوان ژنی ماڵەوەو ژنی ئیشکەردا لە بوارەکانی ململانێدا هەروەها هۆکارەکانی ململانێی ڕۆڵ لەلای ژنی کورد.

لە کۆتایدا توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە کە بەم شێوەیە ڕوونی کردۆتەوە، ژنی کورد نزیکەی سالێکە (ژنی ماڵەوەو ئیشکەر) بە دەست ململانێی ڕۆڵەوە دەناڵێنن کە بە پلەیەکی ڕێژەیی پێی هەڵدەستن و دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە هۆکارەکانی ململانێی ڕۆڵ لای ژنی کورد هۆکاری کۆمەلأیەتی و دەرونین وەك (پەیوەندی ژن و مێردایەتی، پەرچدانەوەی کارکردنی ژن، بەدواداچوون و چاودێریکردنی منداڵان، کارکردنی ژنان، هۆکاری سووربوون گرنگیدان بە خێزان).

کەواتە هۆکاری کۆمەلأیەتی و دەرونی لە پشتی ململانێی ڕۆڵبینینی ژنان کوردیەوە هەیە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕایەی نەسەلماند کە دەڵێت (جیاوازی لە نێوان ژنی ماڵەوە و ژنی ئیشکەردا لە بواری ململانێی ڕۆڵ بینیندا هەیە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەلەسەر سەرئەنجامی توێژینەوەکە وەستاون).

## دووەم: توێژینەوە دەرەکیەکان

### 1- توێژینەوەی ( عبدالفتاح – 1984) بە ناونیشانی (سایکۆلۆجیای ژنی ئیشکەر).

**ئە**م توێژینەوەیە لەسەر سایکۆلۆجیای ژنی ئیشکەر لە وولأتی میسر ئەنجامدراوە کە توێژەر هەولّیداوە بە خسنتەڕووی ئەو دەستکەوتانەی ژنی ئیشکەر دەستی دەکەوێت لەڕێی کارکردنەوە دەرونی، کۆمەلأیەتی، ئابورین و گۆڕنکاریەکان لە هەڵوێستی ژنان بەهۆی کارەکانیانەوە بەرامبەر هاوسەر و مناڵەکانی هەروەها خستنەڕووی بۆچوون و تێڕوانینی پیاوان لەسەر کارکردنی ژنان.

توێژەر ڕێبازی ئەزمونی بەکارهێناوە بەیارمەتی دوو کۆمەڵە کە کۆمەڵێکیان ئەزمونیە لە ژنانی ئیشکەر وە کۆمەڵەکەی تریان لەژێر چاودێریدان(مجموعة الضابطة) لە ژنانی ماڵەوە لە بەکارهێانی فۆرم بۆ زانینی کاریگەری چونە دەرەوەی ژنان بۆ کارکردن لەسەر منداڵەکانیان و تاچەند کۆمەڵگە قبوڵی

ئیشی ژنان دەکات. توێژەر نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی بەکارهێناوە ئەویش بەهۆی بوونی چینی جیاواز لە ژنانی ئیشکەر لە ئاستی جیاواز **لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی،** ئیشکردن دەبێتەهۆی پڕکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی کە پەیوەندی هەیە بە گرنگی و پێگە و هەستکردن بە بوونی خودی خۆی. کارکردنی ژنان دەبێتەهۆی ئاسایشی ئابوری بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان بەمەش ترسەکانی کەمدەبێتەوە هەروەها ئاسایشی ئابوری وا لە ژنان دەکات ملکەچی پیاوان نەبن هەست بەپێگەی خۆیان بکەن. لە کۆتایدا توێژەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە کارکردنی ژنان یارمەتی جێگیربونی دەرونی و کامڵبوونی هەڵچونی منداڵ دەدات.

## 2–توێژینەوەی ( الحاج یوسف – 2003) بەناونیشانی (کاریگەری ئیشکردنی دایك لەسەر پەروەردەی منداڵەکانی)

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر هەندێك لە دایکانی ئیشکەر لەشاری (الشراقە) لە جەزائر ئەنجامدراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بۆ زانینی ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە دروستدەبێت لەسەر پەروەردە و چاودێریکردنی منداڵ بەهۆی چونەدەرەوەی دایك بۆ ئیشکردن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدان بۆ زانینی گرنگنرین ئەو هۆکارانەی کە بونەتە بەربەست لەبەردەم دایکی ئیشکەر لە هاوسەنگ ڕاگرتنی نێوان ئەرکی خێزانی و ئەرکە پیشەییەکەیدا. توێژەر پشت بەڕێبازی وەسفی شیکاری بەستووە بۆ وەسفکردنی دۆخی دایك کە کاتێك هەوڵدەدات هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان ڕۆڵی خێزانی و ڕۆڵی پیشەیدا. هەروەها توێژەر ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە وەکو شێوازێکی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیە، نمونەی توێژینەوەکەی مەبەستدار بووە کە (120) لێتوێژراوی وەرگرتووە لە چینە جیاوازەکانی وەك: (بواری خوێندن، وەزیفی و ئیداری، بواری تایبەت، بواری تەندروستی) بەمەرجێك نموونەکان دایکی ئیشکەر بن و لەدەرەوەیماڵەوە کاربکەن و منداڵی بچوکیشیان هەبێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامڕازی فۆرمی ڕاپرسی لە شاری شەراقە بەکارهاتووە.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە**: درێژی ماوەی کارکردنی دایك بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتەسەر پەروەردەی منداڵ، بەتایبەت ئەو دایکانەی هەر لەبەیانی زووەوە منداڵەکانیان بەجێدەهێڵن تا درەنگانێکی ڕۆژ. زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە ڕایان وابوو کە ئەو کاتەی هەیانە لەماڵەوە گونجاو نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست. هۆکاری سەرنەکەوتنی دایکی ئیشکەر لە نێوان کاری دەرەوەو ماڵەوەیدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی نەك بۆ هۆکاری خودی. لەو هۆکارنەش نەبونی کەسێکی دی کە گرنگی و چاودێریکردنی منداڵ بگرێتەخۆی سەرەرای

نەبوونی باخچەو دایەنگای گونجاو نزیك لە شوێنی کارەکانیان. دەرئەنجامی توێژیتەوەکە دەریخستووە کە دایکی ئیشکەر زیاتر لەهەوڵی سنووردارکردنی وەچەخستنەوەو منالبووندایە وەك لە دایکێك کە لە ماڵەوەیە، لێرەوە دەردەکەوێت کە ئیشکردنی ژنان هۆکاربووە بۆ بچوکبوونەوەی قەبارەی خێزان.

## 3-توێژینەوەی ( ملیکە – 2004) بە ناونیشانی (ئیشکردنی ژن و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی بە خێزانیەکان)

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە زانکۆی (منتوری لە قسنتینە) کراوە لە وولاتی جەزائیر ئامانجی ئەم توێژینەوەیەدیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی خێزانی ژنی ئیشکەری جەزائیریە، ڕێژەی بەشداریکردنی ژنی جەزائیری لە باشترکردنی ئاستی بژێوی خێزانەکەیدا لەڕێگەی ئەو داهاتەی کە بەدەستی دەهێنێت و پێشنیارکردن بۆ چارەسەری گونجاو بۆ کێشە خێزانیەکانی ژنی ئیشکەر، تاوەکو توانای هەبێت لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی کە خێزانداریيە و بەشداریکردنی بەشێوەیەکی دروست و ئەرێنی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیدا لە ڕێگەی بەجێهێنانی کارەکەی دەرەوەی کە یارمەتیدەرە لە ڕازیبوون لە خوودی خۆی. ئەو ئامرازەی کە توێژەر بەکاریهێناوە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە ڕێبازی وەسفی کە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویستە لەسەر دیاردە کۆمەلأیەتی و دەرونیەکان. **لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

بەر پرسیارێتی ژنی ئیشکەر لەناو خێزانەکەیدا بەتایبەت ئەو کارانەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی ماڵەوە هەیە کەمتر دەبێت ئەگەر هاتو هاوسەرەکەی یارمەتیدەری بێت. ژنی ئیشکەر تا ئێستاش بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ماڵی لەئەستۆیە هاوشانی بەرپرسیارێتی پیشەییەکەی هەروەها هەڵدەستێت بە چاودێری منداڵەکانی و ئاگاداربونیان هەرچەندە هاوسەریش یارمەتیدەر بێت.

باوکانیش لەچاودێریکردن و گرنگیدان بە منداڵەکانیان ڕۆڵ دەبینن، بەدەر لەو باوەرە تەقلیدیەی جاران کە ئەو ئەرکەیان تەنها لەئەستۆی دایکاندا دانابوو. کەواتە ئەرکی پەروەردەو چاودێریکردنی منالأن لە ئەستۆی دایك و باوك هەردووکیانە. پابەندبوونی ژنی ئیشکەر بە کارەکەیەوە و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کاری پیشەیی و کاری خێزانیدا پەنادەباتەبەر ڕێکخستنی کات و بەکارهێنانی پێداویستیە ناو ماڵیەکان. پاڵنەری سەرەکی بۆ کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەستکەوتی ئابوریەئەویش بۆئەوەیە تا بتوانن بەشداربن لە باشترکردنی گوزەرانی ژیانی خێزانیان.

### 4- توێژینەوەی (ئەلەهدینو ئەبرو و رۆشەن ئەلی موغیری) - 2012) بەناونیشانی (کاریگەری ئیشکردنی دایك لەسەر گەشەکردنی منداڵ).

ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی پاکستان ئەنجامدراوە لەکاتێکدا هەڵبژاردن لەنێوان پەروەردەی منداڵ و کارکردن لەدەرەوەی ماڵ هەڵبژاردنێکی سەخت بووە بۆ دایکە پاکستانیەکان هەربۆیە ئەم توێژینەوەی هەوڵی داوە بەخستنەڕووی کاریگەری ئیشکردنی دایك لەسەر زوو گەشەکردن و ڕاهێنان و کارامەیی منداڵ، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی پێکهێنا بوو لە (1600) خوێندکار (1200) دایك و (800) مامۆستا لەقوتابخانە جیاوازەکانی وولاتی پاکستان. شێوازی میتۆدی ئەم توێژینەوەی پێکهاتبوو لە هەردوو جۆری چەندێتی و چۆنیەتی هەروەها توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلایەتی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگای فۆرمی ڕاپرسیەوە کە بۆ دایکان و خوێنکاران و مامۆستایان کرابوو.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە** خستنەڕووی شێوازی پەیوەندی نێوان دایکی ئیشکەر و منداڵەکەی. و بۆ بۆچوونی مندالأن لەسەر ئیشکردنی دایکیان. هەروەها بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەن و ئەو منداڵانەنی دایکیان لەماڵەوەن.و بۆ زانینی کاریگەری ئیشکردنی دایك لەسەر (گەشەکردن مەعریفی، کۆمەلأیەتی، سۆزداری، زمان) ی منداڵ.هەروەها بۆ زانینی کاریگەری ئیشکردنی دایك لەسەر متمانە بەخۆبوونی منداڵ.

**لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتی بوولە:**

پەیوەندی سۆزداری نێوان دایکی ئیشکەر و منداڵەکانی بەرەو لاوازی دەڕوات. ئەویش بەهۆی ئەوەی دایك لە کاتێکی زوودا دەچێتەوە سەر کارەکەی منداڵە ساوەکەی بەجێدەهێڵێت لەلای یەکێك یا دامەزراوەیەك بەمەش پەیوەندی نێوان دایك و منداڵ لاواز دەبێت.وجیاوازییەکی گەورە نیە لە نێوان منداڵانی ژنانی ئیشکەر و ژنانی ماڵەوە، زۆرێك لە مامۆستایان ئاماژەیان بەوەدابوو کە فێرکردن و ڕاهێنان و گەشەکردنی منداڵان لەسەر پەیوەندیەکی تەندروستی نێوان قوتابخانەو خێزانەکان وەستاوە نەك لەسەر ئەوەی کام منداڵە دایکی ئیش دەکات و کام منداڵ دایکی ئیش ناکات.و تێڕوانینی منداڵان بۆ ئیشکردنی دایکیان تێڕوانینێکی ئەرێنی بووە. کارکردنی دایك کاریگەری نەبووە لەسەر گەشەکردنی مەعریفی و کۆمەلأیەتی و زمانی منداڵ بەلأم کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی سۆزداری منداڵ ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دایك کاردەکات لەدەرەوەی ماڵ ناچار منداڵ دەدرێتە دەست کەسێکی تر کەهەرگیز ناتوانێت جێگرەوەی دایك بێت. ئیشکردنی دایك کاریگەری هەیە لەسەر متمانەبەخۆبوونی منداڵ بەتایبەت لەلای کچان، کچانی ژنی ئیشکەر دایکیان بە نمونە وەردەگرن و هەوڵدەدەن لە داهاتوودا لە دایکیان بچن لە کارکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی.

## 1- توێژینەوەی (سونالی اگەروال –2016) بەناونیشانی (بەراوردکردنی نیشانەی کەسێتی ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکات لەگەڵ ئەو منداڵانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە).

ئەم توێژینەوەیە توێژیەوەیەکی بەراوردکاریە کە لە وڵاتی هندستان ئەنجام دراوە. توێژەر مەبەستی بووە لە بەراوردکردنی نیشانەی کەسێتی ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکات لەگەڵ ئەو منداڵانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە لە ڕووی شەش سیفاتەوە کە ئەویش(چالاکی وسستی، پەرۆشی و بێباکی، بوێری و ملکەچی، بەگومان و خۆشباوەڕی، خەمۆکی و ناخەمۆکی، جێگیری سۆزداری وناجێگیری سۆزداری)ی بوون.

**ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە** خستنە ڕووی سیفەتی کەسێتی منداڵانی ژنانی ئیشکەر و خستنە ڕووی سیفەتی کەسێتی منداڵانی ژنانی ماڵەوە هەروەها بەراوردکردنی سیفەتی کەسێتی منداڵانی ژنان ئیشکەرو ژنانی ماڵەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر میتۆدی ڕوپێوی وەسفی بەکارهێناوە نموونەی توێژینەوەکەشی لە (60) خوێندکار پێکهاتبوو لە کوڕان و کچانی پۆلی (9–10) لە قوتابخانەیەك لە شاری بەهادوورجارە لە هندستان. نموونەی توێژینەوەکە (30) خوێندکار دایکیان کاری کردووە لەدەرەوەی ماڵ و (30) خوێندکاریش دایکیان ژنی ماڵەوە بوون. بۆ بەراوردکردنی سیفەتی کەسێتی ئەم خوێندکارانە توێژەرمیتۆدی بەراووردی بەکارهێناوە و هەروەها پشتی بە ئامرازی ئاماری وەکو (t test) بەستووە.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە** دەرکەوت لە چالاکی و سستیدا ئەو منداڵەی دایکی کاردەکات لە دەرەوەی ماڵ کارا تر و چالاکترە لەو منداڵەی دایکی لە ماڵەوەیە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵەی دایکی کاردەکات زیاتر سەربەخۆیە و پشت بەخۆی دەبەستێت لە کاتێکدا ئەو منداڵەی دایکی لە ماڵەوەیە زیاتر پشت بە دایکی دەبەستێت لە هەموو کارێکی ڕۆژانەیدا لەکاتێکدا لە سیفەتی **بەپەرۆشیدا** دەرکەوت **کە** ئەو منداڵەی دایکی لە ماڵەوەیە زیاتر بەپەرۆشە بەبەراوورد بەو منداڵەی دایکی کاردەکات. هەروەها منداڵی ژنی ماڵەوە زیاتر سوورن لەسەر قسەی خۆیان و کەمتر لە ژێر ملکەچی ئەوانی تردان. هەمیشە لەبەرانگاربوونەوەی دونیای کێبڕکێدان و جۆرێك لەشەڕەنگێزیان تێدا بەدیدەکرێت کە لەشێوەی کەلە ڕەقی و ڕەفتاری زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردایە لەکاتێکدا منداڵانی ئەو ژنانەی کاردەکەن زیاتر بە گومانن بەبەراورد بە منداڵانی ئەو ژنانەی کارناکەن.هەروەها ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکەن زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن ئەویش بەهۆی ئەو کەمتەرخەمیە سۆزدارییە کەلەلایەن خێزانەکانیانەوە توشیان دەبێت بۆیە ئەمان زیاتر توشی خەمۆکی دەبن لەو منداڵانەی دایکیان

لەماڵەوەیە. لە بابەتی سۆزداری و پەیوەندیەکاندا، تێبینی کراوە منداڵانی ژنانی ئیشکەر زۆر بەئاسانی کاریگەر دەبن بە بابەتە سۆزداریەکان و کەمتر جێگیری سۆزداریان هەیە لەو منداڵانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە. کەواتە ئەو منالأنەی دایکیان لە ماڵەوەیە و کارناکەن لەدەرەوەی ماڵ زیاتر بە پەرۆ شن و سورن لەسەر قسەی خۆیان و باوەڕیان زیاترە بە خەڵکە و خەمۆك نین.

## چوارەم: گفتوگۆکردنی توێژینەوە هاوشێوەکان

لەم باسەدا توێژەر هەوڵیداوە سود لە کۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی وەربگرێت، کە تا ڕادەیەکی زۆر نزیکایەتیان لەگەڵ ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەیدا هەبوو، بەرچاو ڕوونیەك بوون بۆ ئاراستەکردنی توێژینەوەکە بەرەو زانستی بوون، هەریەك لەو توێژینەوانە جەختیان لەسەر پەیوەندیی نێوان کارکردنی ژنان لەگەڵ گۆڕاوێك یان بوارێك دەکردەوە، پاشان باسیان لە پەیوەندییە خێزانیەکان دەکردەوە کە نزیکایەتی تەواویان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هەیە.

**توێژینەوەی (عزیز،1981)** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تا ڕادەیەك نزیکە لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێستا، بەتایبەت لە ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و ڕۆڵی لەناو خێزان وەك هاوسەر و وەك دایك. هەروەها لە چوارچێوەی توێژینەوەکەشدا باسی ئەو کاریگەریانە دەکات کە بەهۆی کارکردنی ژنانەوە دروست دەبێت لە سەر پەروەردەکردنی منداڵ و پەیوەندیە خێزانیەکان. بەڵام لەڕێبازی توێژینەوەکە و ئەو ئامرزانەی بەکاریهێناون بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە جیاوازی بەدیدەکرێت.

**توێژینەوەی (عبدالله،1982)** باس لە گرنگترین ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ژنانی ئیشکەر دەکات، وچارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی زانستیانە بۆ گونجاندنیان لە نێوان ڕۆڵە جۆربەجۆرەکاندا، توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و نمونەکەی لە ژنی ئیشکەر پێکهاتووە، و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. توێژینەوەکەی ئێستاش لەبەردەستدایە لەسەر ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنانە کە جگە لەسەر پەروەردەی منداڵ ڕەهەندەکانی تریشی لەبەرچاوگرتووە، گرنگترین ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی نمونەی

توێژینەوەکە دەبێتەوە لەبەرئەنجامی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ خستوّتەڕوو. هەروەها توێژینەوەکەی ئێستا نزیکایەتی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕێبازی توێژینەوەکە و ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە.

**توێژینەوەی(محەمەد، 2006)** ئەم توێژینەوەیە باس لە ململانێی ڕۆڵ دەکات لەلای ژنی کورد، وزانینی جیاوازی لەنێوان ژنانی ئیشکەرو ژنانی ماڵەوە لە بوارەکانی ململانێدا هەروەها هەوڵیداوە بە دەرخستنی ئەو کێشانەی ژنی ئیشکەر لەبەر ئەنجامی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ توشی دەبێت ، ونمونەی توێژینەوەکەی مەبەستدارە و لە ناو شاری سلێمانیدایە. هەرچەندە لە ناونشیاندا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ناونیشانەکەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستادا هەیە، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەتەواوی نزیکایەتی هەیە چونکە توێژینەوەکەی ئێستا باس لەو ئەو ڕۆڵە جیاوازانە دەکات کە نمونەی توێژینەوەکە دەیگێڕێت لە نێوان ژیانی خێزانی و کاری پیشەییدا، و دەرخستنی ئەو ڕەنگدانەوەیەی کارکردنی نمونەکە لەدەرەوەی ماڵ لەسەر گەشەی جەستەیی و دەرونی و کۆمەلاّیەتی منداڵ. بەهەمانشێوە نمونەکەی توێژینەوەی ئێستاش مەبەستدارەو لەناو شاری سلێمانیدا وەرگیراوە.

**توێژینەوەی (عبدالفتاح، 1984)** باس لە سایکۆلۆجیای ژنی ئیشکەر دەکات لە کۆمەڵگای میسریدا، و خستنەڕووی ئەو دەسەکەوتە ئابوری و دەرونی و کۆمەلاّیەتیانەی دەستی دەکەوێت بەهۆی کارکردنەوە. لە توێژینەوەکەی ئێستاشدا باس لە کارکردنی ژنان و پاڵنەرەکانی گرنگی پێدراوە و بەتایبەت لەکاتی دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا تەوەرێکی تایبەت بە کارکردنی ژنان تەرخانکراوە.

**توێژینەوەی (یوسف،2003)** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نزیکە لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێستا بەتایبەت لەوەدا کە هەوڵیداوە بۆ زانینی کاریگەری کارکردنی دایك لەسەر پەروەردەی منداڵ، و هەوڵیداوە بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی بەربەستە لەبەردەم دایکی ئیشکەر لە هاوسەنگڕاگرتن لە نێوان ئەرکی خێزانی و ئەرکە پیشەییەکەیدا. توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە و نمونەکەی لە نێوان کەرتە گشتی وتایبەتەکاندا وەرگرتووە.

**توێژینەوەکەی (ملیکە،2004)** ئەم توێژینەوەیە باس لە جۆری ئەو پەیوەندیانە دەکات کەلە نێوان تاکەکانی خێزانی ژنی ئیشکەری جەزائیریدایە، و بەشداریکردنیان لە باشترکردنی ئاستی بژێوی خێزانەکانیاندا لەرێی ئەو داهاتەی بە دەستیان دەکەوێت.سەرەرای باسکردنی پەیوەندی هاوسەرانی

نمونەکە لە هاوکاری کردنیان لە پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیان. ئەو بابەتانە بەڕوونی لە توێژینەوەکەی ئێستادا باسکراوەو لەڕێبازی توێژینەوە و نمونەو ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکانیشدا یەکدەگرێتەوە.

**توێژینەوەی (موغیری، 2012)** باس لە کاریگەری ئیشی دایك لەسەر گەشەی منداڵ دەکات، بەتایبەت لەسەر زوو گەشەکردن و ڕاهێنان و کارامەیی منداڵ. توێژینەوەکەی ئێستاش لەکاتی دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنانی لەسەر گەشەی جەستەیی و دەرونی و کۆمەلآیەتی لەبەرچاوگرتووە. بەلآم لە وەرگرتنی ژمارەی نمونەکە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە جیاوازی بەدیدەکرێت.

**توێژینەوەی (ئەگەروال، 2016)** ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە چەند سیفەتێك دەکات کەلەبەرئەنجامی کارکردنی دایکانەوە لە دەرەوەی ماڵ لە منداڵەکانیاندا دروست دەبێت، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی ئەو مندالآنەی دایکیان  کارناکەن لەدەرەوەی ماڵ زیاتر بە پەرۆ شن و سورن لەسەر قسەی خۆیان و باوەڕیان زیاترە بە خەڵك و خەمۆك نین، لەبەرانبەردا ئەو مندالآنەی دایکیان لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن چالاکترن بەلآم لەڕووی سۆزداریەوە کەمتر جێگیرن وزیاتر تووشی خەمۆکی دەبن. لە توێژینەوەکەی ئێستادا ڕەچاوی ئەو سیفاتانە کراوە کە مندالآنی ژنانی ئیشکەر هەڵگرین و لەلایەنی مەیدانیدا خراوەتە ڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی هەرچی توێژینەوەکانە گرنگیان داوە بە ئەو ژنانەی کارێك دەکەن لە دەرەوەی ماڵ، یا بەو پاڵنەرو هۆکارانەی وایکردووە ژنان کاربکەن لە دەرەوەی ماڵ، یا ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵەکانیان و پەیوەندیە خێزانی و کۆمەلآیەتیەکانیان. و زۆربەی توێژینەوەکان لە جۆرو میتۆد و هەڵبژاردنی نمونەکە و ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکانەوە نزیکایەتیان لەگەڵ یەك هەیە و لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستاشدا کەلەبەردەستدایە بەهەمانشێوە یەکدەگرێتەوە.

## باسی چوارەم: تیۆرە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

لە توێژینەوەی زانستیدا لەسەر هەر دیاردەیەکی سروشتی یان کۆمەڵایەتی تیۆر بایەخی زۆری هەیە چونکە دەبێتە مایەی دیاریکردنی شوناسی هەر زانستێك تەنانەت بەشێك لە توێژەران تیۆریان زۆر لە میتۆدی زانستی بەلاوە گرنگترە چونکە میتۆد بەپێی دیاردەی لێتوێژراو گۆڕانی بەسەردا دێت ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە بەیەك بنچینەی تەواوی زانستەکان دێتە هەژماردن بەڵام تیۆر بە پێچەوانەوە بابەت و ڕۆڵ و کارو ڕێڕەوی هەر زانستێك دیاریدەکات (عبدالمعطي،10:1998) هەروەها تیۆرەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا یارمەتی توێژینەوەکان دەدات بۆ گەیشتن بەڕاستیەکان (التميمی، 15:2000).

هەروەك ئاشکرایە تیۆر توانای شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەی زانستی هەیە بەرەو ئەو ئامانجەی کەلە چوارچێوەی میتۆدیدا هەوڵی بۆ دەدات کەواتە تیۆر توانایەکی بەرزی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکاندا هەیە تیۆری سوسیۆلۆژیاش هەوڵدانێکی هزریە بۆ ڕاڤەکردنی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە دەتوانین بە درێژکراوەی هزری کۆمەڵایەتی دابنێین کە ڕەگ و بنچینەکەی بۆ بیرمەند و فەیلەسوفەکان دەگەڕێتەوە (لیله،55:1991).

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاکامەکانی توێژینەوەکە و پشت بەستوو بەڕێبازێکی زانستی و ئاڕاستەیەکی سۆسیۆلۆژی و بەپێی گونجانی بابەتی توێژینەوەکە لەگەڵ یەکێك لە قوتابخانە سوسیۆلۆژیەکاندا بۆ زیاتر قوڵبوونەوەو شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی تیۆری بونیادی وەزیفی بەکاردەهێنرێت و ناوەڕۆك و ئاڕاستەی ئەم تیۆرە دەخرێتەڕوو لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە.

### ا. تیۆری بونیادی ئەرکەکی (النظرية البنائية الوظيفية).

لەڕووی مێژووییەوە ڕەگ و ڕیشەی تیۆری بونیادی ئەرکەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە لەکاتێکدا کە فیکری پۆزەتیفی شۆڕشێکی بزوێنەرو داهێنەرانەی زانستی بوو لە دژی فیکری میتافیزیکی و ئاینی بە مەبەستی گەیشتن بەو یاسایانەی کە واقعی کۆمەڵایەتی شیکار دەکەن (عمر، 1982: 95).

ئەم تیۆرە دان بەوەدا دەنێت کە هەموو کۆمەڵگەیەك یاخود دامەزراوەو ڕەگەزێك ئەرکێکی هەیە کە یارمەتی بەردەوامبوونیان دەدات. هەروەها بیرمەندانی کومەڵناسی سوودیان لە هزرەکان بایەلۆجیا و

ئەندامی وەرگرتووە کە داروین لەکاتی توێژینەوەکردنی بونەوەری ئاژەڵییەوە لەڕووی بونیاد و ئەرك و پەرەسەندنەوە هێناویەتە ئاراوە چونکە هەموو کۆمەڵگەیەك بونیاد و ئەرکێکی هەیە هەروەها ئەرکیش بونیاد تەواو دەکات (حسن، 1999: 570).

هەریەك لە (ئەمیل دورکایم، تالکۆت پارسۆنز و میرتۆن) بە بەناوبانگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە دێنە هەژماردن ئەم تێورە جەخت دەکاتەسەر پەیوەندی نێوان بونیاد و ئەرك بەچەشنێك، بونیاد بەشێوەیەکی رێژەیی جێگیرە هاوکات ئەرکیش چالاکی کۆمەلأیەتی پێشکەش بە بونیاد دەکات، لە بنەڕەتدا ئامانج لەبەکارهێنانی ئەم تیۆرە ڕاڤەکردنی ڕۆڵ و ئەرکی کۆمەلأیەتی هەر دیاردەیەك یا هەر سیستەمێکی کۆمەلأیەتیە کە لەنێو بونیادی گشتیدا ئەنجامی دەدات (والی، 2006: 380-381).و سەرجەم بونیادە کۆمەلأیەتیەکان بەشداری لە تەواوکاری ئەو سیستەمە کۆمەلأیەتیە دەکەن کەوا لە میانەیانەوە کار دەکات و خۆی دەگونجێنیّ (زایتلن،1989: 15).

هەر لەم سۆنگەیەوە تیۆری بونیادی ئەرکەکی بۆ کۆمەڵگە تیۆرێکی گشتگیرە بەو پێیەی کۆمەڵگە دوورە لەململانێ و لێکترازان و هەڵوەشانەوە بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای سیستمێکی گشتگیرو یەکتر تەواوکەر پێکدێت کە هەموو ئەندامەکانی لەسەر بنەمای بەها و دابونەریتە هاوبەشەکان هاوبەند و پشگیری یەکترن وەك (سیستمی خێزانی، پەروەردەیی، ئاینی) کەهەر یەکەیان لە بونیادێکی سەربەخۆ پێکهاتووە و چەندین ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازیان هەیە و هەوڵیش دەدرێت بۆ بەدیهێنانی هاوبەندی و هاوسەنگی لە نێوانیاندا (القصیر و عمر، 1992: 52).

تیۆری ئەرکەکی جەخت لەوە دەکات کە سیستمی کۆمەلأیەتی لە دۆخی هاوسەنگی ڕێژەییدایە هەر گۆڕانێکی بەسەردا بێت هەوڵی گێڕانەوەی دۆخی هاوسەنگی دەدات کە ئەمەش دەبێت مایەی پارێزگاریکردن لە خۆی جگە لەمانەش سیستمی کۆمەلأیەتی لە کۆمەڵێك ڕەگەزی وەکو (تاك، ڕۆل، دامەزراوە) پێکدێت هەریەك لەو ڕەگەزانە پەیوەندی تەواوکاری لە نێوانیاندا هەیە بە چەشنێك هەر گۆڕانێك لە یەکێکیان ڕوو بدات کار دەکاتە سەر ئەوانی تریش (هارمان، 2010: 89-90).

کۆمەڵناس (پارسۆنز) وەك بونیادگەرێکی ئەرکەکی پێی وایە بونیادی کۆمەلأیەتی لە چەند سیستەمێك پێکهاتووە ئەم سیستمانە کۆمەڵێك لە پەیوەندی نێوان تاکەکان دەگرێتەوە کە هەریەکێك لەم سیستمانە دەگەڕێتە بۆ سیستەمی لەو بچوکتر کە لە نێوان دوو کەس یا زیاتردا هەیە هەروەها خێزانیش یەکێکە لەو

سیستمانەی نێو بونیادی کۆمەڵایەتی کەلە نێو خۆیدا سیستمی بچوکترو ئەرکی جۆراو جۆر و دیاریکراو بەدیدەکرێت و پێی وایە بونیاد و ئەرکی خێزان لەسەر بنەمای دوو جۆر ڕۆڵی جیاواز پێکدێن کە یەکێکیان خۆ نەویست و سروشتییە ئەوی دیکەشیان لەڕێی بۆماوەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەروە دێنە ناو سیستمی خێزانەوە ودەبنەهۆی چەسپاندنی بونیاد و ئەرکەکانیشی (فرح، 229:1989).

هەر لەم ڕوانگەیەوە (پارسۆنز) وایدەبینێت کە سیستەمی دایك ومنداڵ بەشێکە لە سیستەمی خێزان کە منداڵی پێوە دەبەسترێتەوە کە ئەم سیستمە لای پارسۆنز بە گرنگترین سیستم دادەنێت کە بونیادی کۆمەڵایەتی لێ پێکهاتوو چونکە پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکەی ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر بونیادە کۆمەڵایەتیە گەورەکە و سیستمی دایك و منداڵ دەبەسترێتەوە بە سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی تری ناو خێزان کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندی دایك بە هاوسەرو براکانیەوە هەروەها دایك ڕاگرە لە نێوان سیستمی دایك و منداڵ و سیستمی خێزان و بونیادی کۆمەڵایەتی کە دواجار ئەم سیستمانە کاریگەر دەبن بە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیستمەکانی ناو بونیادەکە هەروەها کاریگەر دەبێت بە پێگەی دایك لە کۆمەڵگە گەورەکان وە پێگەی لە سیستمی خێزاندا، جگە لەمانەش بەو ڕۆڵانەی لە ناوەو لە دەرەوەی خێزان دەیگێڕێت (فرح، 1989: 246).

هەروەها (پارسۆنز) پێیوایە بەدەستهێنانی سەقامگیری و هاوسەنگی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی پێویستە گرنگی تەواو بە هەریەك لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بدرێت چونکە ئەم دوو هۆکارە تاك دەگوێزنەوە بۆ نێو سیستەم و یاسا کۆمەڵایەتیەکان تا لێی لانەدات و سەقامگیری سیستەمەکە نەشێوێنێت، لە ناو ئەو دوو پرۆسەیەدا بەهاو پێوانە کۆمەڵایەتیەکان پلەی یەکەم وەردەگرن لە کۆنترۆڵکردن و سزادانی تاك لە کۆمەڵگەدا چونکە بەبێ ئەوانە ناتوانرێت سەقامگیری لە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستەمەکانی دیکەشدا دەستەبەربێت (عمر، 129:1982).

سەرەرای ئەمانەش کارێکی تر کە پارسۆنز کردویەتی ئەوەیە کە پێناسەیەکی تازەی بۆ پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ داناوە و دەریخستووە کە پرۆسەی فێربوونە و پشت دەبەستێت بە ئامۆژگاریکردن و یەکبوون لەگەڵ چوارچێوە عەقڵی و سۆزداری و ئاکارییەکان لای منداڵ و گەورەش، و پرۆسەیەکیشە ئامانجی یەکگرتنی ڕەگەزەکانی کلتوورە لە سیستەمی کەسێتیدا، ئەم پرۆسەیە بەردەوامە هەر لە لەدایك بوونەوە کە لە ناو خێزانەیە و دواتر قوتابخانە و دەستەی هاوڕێیان ئیتر لێرە بە دواوە هەتا مرۆڤ گەورەتر بێت پرۆسەی پەوەردەکردن بەردەوام دەبێت بە فراوانی بازنەی کارلێکەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا کەواتە بە

بڕوای پارسۆنز پرۆسەی پەروەردەکردن پرۆسەیەکی بەردەوامە کۆتایی نییە و ئاماژەیە بە چالاکی بونیادی کۆمەلآیەتی هەر بۆیە بونیادی کۆمەلآیەتی بەردەوام پەستان دەخاتە سەر تاك بۆئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەوانی تردا، و هەموو ڕۆژێك شتێکی تازە فێر بێت (فرح، 1989: 255).

ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە ئەوەی ئەم تیۆرە بەکاربهێنرێت لە توێژینەوەی (ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ) لەم چەند خاڵەدا دەخرێنە ڕوو:

2- سەبارەت بەوەی کە بابەتی توێژینەوەکە دەربارەی ڕەنگدانەوەی کارکردنی دایکە لەسەر پەروەردەی منداڵ هەڵبەتە بابەتی خێزان و ڕۆڵی دایك لەناو خێزاندا یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵناسی لە شیکردنەوەی ئەرکی گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت هەروەها تیۆری بونیادی ئەرکەکی یەکێکە لە ئاڕاستە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵناسی هاوچەرخ، لە بەناوبانگترین تیۆرەکانە بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی خێزان چ لەڕووی بونیادەوە و چ لەڕووی ئەرکەوە. شایەنی باسە یەکێك لە بەکارهێنانەکانی ئەرك بریتیە لەو پشك و بەشداریانەی کە گروپ (گشت) بەجێی دەهێنێت بەرامبەر (بەش) یا بەرامبەر پێکهاتە هاوبەشەکانی بە مانایەکیتر ئەو ئەرك و کارانە کە گروپە گەورەکان لە پێناو گروپە بچوکەکان ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیانەی خێزان (دایك) کە لە پێناو سەلامەتی منداڵە بچوك و گەورەکانیدا پێی هەڵدەسێت.

3- بونیادی کۆمەلآیەتی پێکهاتووە لە چەندین پەیوەندی کۆمەلآیەتی و سیستمی کۆمەلآیەتی جیاواز کە لە ڕێگەی ڕۆڵ و ئەرکەکانەوە تەواوکەری یەکترین و بەمەش دەوترێت یەکەی کۆمەلآیەتی هەر سیستەمەکانی کۆمەڵگەش بەشدارە لە بەهێزبوونی یەکەی کۆمەلآیەتیدا بەتایبەت خێزان کە بەشدارییەکی سەرەکی دەکات لە بەرهەمهێانی ئەندامی نوێ بۆ کۆمەڵگە. بەوپێیەی ئەرکی سەرەکی خێزانیش بریتیە لە پەروەردە وپێگەیاندنی منداڵ لەم نێوەندەشدا دایك ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە پرۆسەکەدا و هۆکار دەبێت بۆ پێگەیاندنی تاکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا.

4- زانایانی بونیادی ئەرکەکی باوەریان وایە پێشبینیکردنی ڕۆڵەکان بەشێکە لەڕێکخستنەکانی ناو بونیاد، ڕۆڵ ناوەندێکی هاوبەشە لە نێوان بونیادی کۆمەلآیەتی و کەسێتیدا هەروەها جەخت دەکەنەوە سەر جیاکاری و جیاوازی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگە کە لە ڕەفتارو سیفەتی

کەسێتیاندا نین بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان. هەربۆیە بەپێی ئەم تیۆرییە وا پییێشبینی دەکرێت کە هەر یەك لە ژن و پیاو هەستن بە جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەی لە ناو بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا. کەواتە بەپێی تێڕوانینی ئەرکەکی بێت ئەوا ڕۆڵی ژن پێشبینی دەکرێت لە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵدا و ڕۆڵی پیاویش لە کارکردن و بەرهەمهێنانە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە.

5- لەژێر ڕۆشنایی دیدو بۆچونی تێۆری بونیادی ئەرکەکیدا دەتوانرێت باس لە ڕۆڵی کارکردنی ژن بکرێت لەسەر پەروەردەی منداڵ. بەو پێیەی خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە و خاوەن بونیادی خۆیەتی لەڕێگەی پێوەری تایبەتی خۆیەوە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن فەراهەم دەکات ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵێك ئەندام (دایك، باوك، خوشك وبرا، هەندێجار نەنك و داپیرە) پێکدێت هەریەك لەو ئەندامانە ئەرکی خۆی هەیە و پێکەوە تەواوکاری یەکترن. بەڕێوەچوونی ئەرکەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتە مایەی جێگیربوونی دۆخی هاوسەنگی ڕێژەیی. لادانی ئەرکەکان لە ڕەوتی ئاسایی خۆی، یان هەڵنەسانی هەریەك لەو ئەندامانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بەشێوەی ئاسایی، دەبێتە مایەی تێکچوونی دۆخی هاوسەنگی خێزان، ئەو کاتەش ئەو دامەزراوەیە دەکەوێتە هەوڵی گێڕانەوەی دۆخی هاوسەنگی. جا ئەو کارەی دایك دەیکات لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ئەنجامدانی دوو ڕۆڵی جیاواز، یەکەمیان ڕۆڵی وەك دایکێك لەناو ماڵ و خێزانەکەیدا کە بەپرسی سەرەکییە لە پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵەکانیدا، دووەمیشیان ڕۆڵی وەك دایکێکی ئیشکەر لە دەرەوەی ماڵ. ئەگەر هاتوو دایك نەیتوانی هاوسەنگی لە نێوان ژیانی کارو پیشەیی و ژیانی خێزانیدا ڕابگرێت ئەوا خێزان کە سەرەکیترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەیە تووشی نا هاوسەنگی و لێکترازان دەبێت. هەروەها دەبێتە هۆی مایەی تێکدانی دۆخی هاوسەنگی ڕێژەیی ناو خێزان و ئەندامەکانی تریش چونکە بەپێی دابونەرێتیە چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگە بێت ئەوا گرنگترین ڕۆڵێك پێشبینی دەکرێت لە ژن ڕۆڵ گێڕانیەتی لەناو ماڵ و خێزانەکەی وەك دایکێك.

## بەشی دووەم: قۆناغە مێژووییەکانی کارکردنی ژنان و پاڵنەرەکانی کارکردنیان

### باسی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی کارکردنی ژنان

### باسی دووەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

1- پاڵنەری خودی
2- پاڵنەری ئابووری
3- پاڵنەری زانستی
4 - پاڵنەری کۆمەڵایەتی
5- پاڵنەری سیاسی

## بەشی دووەم: قۆناغە مێژووییەکانی کارکردنی ژنان و پاڵنەرەکانی کارکردنیان

هەل ومەرجە سەختەکانی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و، زیادبوونی سەختی لایەنی ئابوری وایان کردووە کە زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگەکان لەدەرەوەیماڵدا کاربکەن، ئەویش بەهۆی ئەو دەرفەتانەی بۆیان ڕەخساوە هەتا بیێنە ناو بواری کارکردن شانبەشانی پیاوان. کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە واقعێك لە زۆرینەی کۆمەڵگاکان بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەر بۆیە ئەم بەشە لە توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆباسکردنێك لە مێژووی کارکردنی ژنان و ئەو پاڵنەرانەی کە وایکردووە ژنان کار بکەن لە دەرەوەی ماڵ.

### باسی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی کارکردنی ژنان

بە درێژایی مێژوو ژن توانیویەتی ڕۆڵ ببینێت و وەکو ڕەگەزێکی چالاك دەربکەوێت لەبوارە جیاوازەکانی کارکردندا بەڵام بێگومان شێوازی کارکردنەکەی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونیان گۆرانی بەسەردا هاتووە لەلایەکی تریشەوە کلتوری کۆمەڵگەکان ئەگەر چی کۆمەڵگەی بچوکیش بووبن شێوازو سروشتی کارکردنی ژنانی دیاریکردووە واتە لێرەوە جۆرێك لەکاری ژنانەو پیاوانە هاتۆتە ئاراوە دواتریش جۆرێك لە قەدەغەکاری هەبووە لەکارکردنەکاندا کە ئەگەر کارێك پیاوانە بووبێت یاساغ بووە بەپێی نەریت و عورف ژنان ئەوکارە ئەنجام بدەن زۆرجاریش ئەمە زیاتر وەکو تانە دەرکەوتووە بۆ پیاوان، چۆن دەبێت پیاوێك لەئارابێت و ژنێك هەستێت بەوکارە. پێچەوانەی ئەمەش هەردروستە کاری ژنانە ئەگەر لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدرابێت ئەوپیاوە بۆتە جێی قسەو گاڵتەپێکردن.

لەسەر بنەمای سادەترین دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاو لەکۆندا، لەو کاتەی کە تیایدا پیاو (باوك) دەڕۆی بۆ ڕاوکردن کە چالاکیەکی بەرهەمهێنانی بێ گەرەنتی بوو ژن (دایك) پسپۆڕ بوو لە بەخێوکردنی منداڵ و چاندنی هەندێك بەربوومی خۆراکی و کۆکردنەوەی میوە بەرهەمی درەختەکان، ئەم چالاکیە ئابوریەی ژن زیاتر گرەنتی هەبووە لەوەی کە پیاو ئەیکرد و ئەنجامی دەدا، ئەم کارە وایکرد ژنان پێگەیەکی ئابوری و پەروەردەیی زیاتر کاریگەر و باشتریان هەبێت لە پیاوان (الجبوری،1980: 14).

و ئەگەر لەبارەی سەرەتای کشتوکاڵ لە جیهاندا سەرنج بدرێت، کۆمەڵێك مێژوونووس لەو باوەڕەدان کە کاتێك ژنان تۆوی ئەو ڕوەکانەیان کۆدەکردەوە کە بۆ خواردن دەستدەدەن دۆزینەوەیەکی سەرنج ڕاکێشیان کرد ئەوان تێگەیشتن کە لەهەر تۆوێك دەکەوێتە سەر زەوی گیایەکی لێدەڕوێت کە ئەو گیایە

خۆی چەند تۆوێکی تازەی تیادایە کشتوکاڵ لێرەوە هاتە ئاراوە کەواتە لەسەر دەستی ئەم بوونەوەرە بەهەستە شۆڕشی گەورەی کشتوکاڵ بەرپا بوو (موحسنی، 283:2001). لەلایەکی ترەوە زۆربەی ژنان ئەرك گەلێکی جۆراوجۆریان سەرەڕای چاودێریکردنی ماڵ و منداڵ ئەنجامدەدا بۆ نمونە: ژنان سەرقاڵی چاندنی سەوزەواتەکانی دەرماڵ و دێبەر دەبون کە بۆ ماڵەوە بەکاردەهات چاودێری مەڕوماڵاتەکانی گیانلەبەرەکانی تریان دەکرد کەرەستە خۆراکیان کەڵەکە دەکرد (گیدنز، 663:2008).

بۆ زۆربەی هەرەزۆری کۆمەلآنی خەڵك لە کۆمەڵگەکانی پێش پیشەسازی بوون و (زۆربەی خەڵکانی جیهانی سێیەم لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا) ئەوا چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی خێزانی(ماڵەوە) لە یەکتر جیانەبوون بەرهەمهێنان یان لە ماڵەوە یان لە نزیکی ماڵەوە جێبەجێدەکرا، لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەندی تێکڕای ئەندامانی خێزان یان لەسەرزەوییە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد یان لە پیشەسازی ڕستندا منالآن کاری (تەنینیان) جێبەجێدەکرد کچانی گەورەتر و دایکان کاری (ڕستن) و باوکانیش کاری (چنین)یان جێبەجیدەکرد ژنان و منالآن بەم جۆرەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری (دوورمان، پینەچیەتی و نانەوایی) یان لەگەڵ پیاواندا دەکرد ژنان لەئاکامی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لەپرۆسە ئابوریەکاندا هەیانبوو زۆربەی جاران خاوەن نەخشێکی بەرچاو بوون لەناوەوەی خێزاندا (گیدنز، 245:2008).

لە کۆتایی سەدە ناوەندییەکانیشدا واتە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندی سەرمایەداری و زۆربوونی داخوازییەکانی ژیان ژن ڕویکردە گەلێك کاری نوێ، ژن وەکو پیاو بووە کرێکار و فەرمانبەر لە وەرشە و کارگەو دەزگا پیشەسازییە گەورەکاندا بەلآم لەڕوی کرێ و موچە و لەڕوی ماف کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیریەوە وەك پیاو بۆی نەسازا سەرەڕای ئەرکی خێزانیشی وەك جاران لەسەر شان بووە (ئەحمەد، 25:1981) بۆیە دوای شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی گۆڕانکاری بونیادی و وەزیفی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی ڕوویدا ئەوەش وایکرد ژن بۆ بازاڕەکانی کار بڕوات و بە شێوەیەکی چڕ بەشداری لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا بکات و سەربەخۆیی ئابوری بەدەست بهێنێت لەئەنجامدا ژنی نوسەرو ڕوناکبیرو پارێزەر و پزیشك و ئەندازیارو مامۆستا دەرکەوتن (خەلیل، 193:2007).

هەروەها لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە وولآتە پێشکەوتووەکان ژنان بە دەستە ڕوویان کردە کارگە و دەزگا پیشەسازییە گەورەکان. بەوێنە فەرەنسا نیوەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکانی چیندا کاریان دەکرد ژنان بوون کە وەك هەموو کرێکارەکانی تر ڕۆژی بەلایەنی کەمەوە داونزە کاتژمێر کاریان دەکرد زۆر جاریش ماوەی کاری ڕۆژانەیان دەگەیشتە پانزە کاتژمێر و زیاتر چ لێرەو چ لە شوێنی تر ژن وەك پیاو کاری

دەکرد و بەڕادەی ئەو بەرهەمی پێشکەش دەکرد کەچی لەگەڵ ئەوەش زۆر بەدەگمەن کرێی ئەو لە نیوەی کرێی پیاو تێدەپەڕی. لەبەرئەوە بۆ یەکەم جار ژنان لە ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆی گەلی ئەمریکادا (1775–1783) دەنگیان بەرز کردەوە داوای مافی هەڵبژاردنیان کرد بەتایبەت دوای ئەوە شان بەشانی براکانیان هاتنە ناو کۆڕی خەباتەوەو بە ئەوپەڕی لەخۆبوردنەوە ڕێگەیان بۆ سەرفرازی گەل و ئازادی نیشتمان خۆشکرد، هەنگاوی داهاتووی گەورەی ژنان لەم مەیدانەدا بە ڕۆژگاری شۆڕشی فەرەنسا کەوت کە ڕۆژی چواردەی تەمووزی ساڵی (1789) یەکەم ئالای بەسەر قەڵای باستیلەوە کەوتە شەکاوە. (ئەحمەد، 1981: 29–33).

جێدەستی ژنان هەمیشە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەرکەوتووە هەربۆیە کارکردنی ژن لە بواری سیاسی و ئامادەبونی لە بەرەکانی جەنگدا هەمیشە دیارو بەچاوبووە بۆ نمونە لەسەدەکانی ڕابردودا ژنە سەڵتەکان لە (کیلوباترا) بەدواوە جاری وا هەبووە وەکوو سەرۆك دەوڵەتان دەست ڕۆیشتوو بوون و دەسەڵاتێکی زۆریان دا سەپاندووە لە شوێنێکدا کە ژنان بەفەرمی وەکو فەرمانڕەوا هەڵنەبژێراون جاری واش هەبووە بە شێوەیەکی نافەرمی وەکوو هاوسەران یان ئەڤینداارانی پاشاکان سەرۆك کۆمارەکان و سەرۆك وەزیرەکان دەسەڵات بگرنەدەست یەکێك لەو نمونەنان (مادام دایمپوامپادور) بوو کە ئەڤینداری لویسی چواردەهەمی پاشای فەرەنسا بوو کە بەدەسەڵاتێکی تەواو زۆرەوە بڕیارەکانی جێبەجێدەکرد وە لەسەدەی بیستەمیشدا ژنان چەندین جار سەرۆکی حکومەت بوون وەك (گوڵدامائیر) لە ئیسرائیل و (تاتشەر) لە بەریتانیا هەروەها بەشداربونیان لە شۆڕشی جوتیاران لە ئیتالیا و فیلەندا و سکسۆنیا و وولاتی غال بەم کارانەی توانی ڕای گشتی خەڵك بە شێوەیەکی باش بۆ خۆی دابین بکات (الخشاب، 2006:93).

لەگەڵ ئەو هەموو هەولانەی ژنان لە مێژوودا تۆماریان کردووە بۆ پیشەو کارکردنیان بەڵام زۆربەی کات کارەکانیان بەکاری بێ موچە و بێ بەرامبەر هەژمارکراوە هەتا یەکەم بانگەشە بۆ کاری ژن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕاوەستانی شانبەشانی لە ئەوروپادا کرا لە ساڵی (1780 بۆ1790)، کە بانگەوازەکە بەشێوەیەکی ووردو پتەوو ڕێکخراو بوو کە دواتر لە پەنجاکانی سەدەی هەژدەم (1850) هاتە بەرهەم (خلیل، 2007: 167).

لە وولاتانی عەرەبیشدا، بۆنمونە عێراق دەرگای کردەوە بۆژنان کە لە بوارە جیاجیاکاندا کاربکەن بۆ نموونە لە بواری (پیشەسازی، ئەندازیاری، پزیشکی، پەروەردەو) و هەروەها لە دەستووری عێراقدا هاتووە بە پێی ماددەی (22) بەندی یەکەمی (کارکردن مافی هەموو هاوڵاتیەکی عێراقیە) لە ڕێی کارکردنەوە دەتوانرێت هەژاری لەناو ببرێت کە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی باڵا لەکۆمەڵگەی عێراقیدا کە ئەمەش

کاردانەوەی هەیە لەسەر ژیانی ژنان لە ڕێگەی بێبەشبوون لە شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراك و خواردنەوەو تەندروستی باش هەر بۆیە کۆمەڵێك یاسا دەرچووە ماف بە ژنان داوە لە بواری کارکردندا وەك (یەکسانی لە کارو کرێ، ماف خانەنشینی و دوایی منداڵەکانیشی دەبنە خاوەنی ئەو کرێیە، دانانی شوێنی تایبەت بۆچاودێری منداڵ بۆ ئاسانکردنی کارکردنی دایك، دانانی مۆڵەتی دایکایەتی، ماف هەڵبژاردنی کاری گونجاو بۆژنان بە مەرجێ پارێزگاری لە شەرەف بکات، ماف وەرگرتنی دەرماڵەی خێزانی و هەروەها ماف بەڕیوەبردنی موڵکی تایبەت بەخۆی) کە ئەمانە هەمووی کاریگەریان هەبووە لەسەر ژیانی ژنان و هاتنە ناو مەیدانی کارکردنەوە (محمد، 2006: 89) .

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ژنی کوردیش بدەینەوە ئەوا ژنی کورد هەر لە سەرەتاوە بێکار نەبووە هەمیشە لەبواری کشتوکاڵدا لەگەڵ مێرد و باوك و برا دەست بەکاربووە.ئەوە کۆتایی هەوڵەکانی ژنی کورد نەبووە سەروەری زۆر لەوە گەورەتریشیان تۆمارکردووە کە هەندێ جار لەگەڵ مێردەکانیان تەختی پاشایەتیان گرتووە یاریدەدەر و هاوکاری مێرد و باوك و برا بوون لە فەرمانڕەوایەتیدا شارستانیتیەکانیان لەیەك نزیك کردۆتەوە (صالح، 48:2002). ئەمە سەرەرای ئەوەی ژنانی لادێ هەمیشە هاودەردو هاوکاری پیاو بووە لە بەرهەمهێناندا بەشداری دەکاو کاروباری نێو ماڵ هەڵدەسوڕێنێ، منداڵ پەروەردە دەکات و ئاگای لە داهاتی بنەماڵەیە و مەڕوماڵات بەخێودەکات پاك و خاوێنی مۆڵگەی ئاژەڵان دەپارێزێت(خەلیقی،140:1992). هەر سەبارەت بە کاری ژنانی لادێ (مینورسکی) دەڵێت ژن و کچەکانیان ئیش و کاری نارەحەتی ناوماڵ دەکەن لە کانی ئاو دەهێنن، بۆ ڕاندۆشین و دار هێنان دەچنە سەر چیا بەرزەکان سەرەڕای ئەمانەش بەشێوەیەکی هەمیشەیی منداڵەکانیان هەڵگرتوەو بە پشتێنێکی پان دەیانبەستن بەکۆڵیاندا (مینورسکی،74:1968). جگە لەمانەش هەندێك پیشەی دەستی لە ماڵەکانیان ئەنجام دەدەن وپێویستی خۆیانی پێ پڕدەکەنەوە وەك، ڕستن و چنین و گلێنەسازی، کە بریتیە لە دروستکردنی پارچەی بچوکی وەك جل وبەرگ و فەرشی بچووك و بەڕە کە سوودی لێوەردەگرن بۆژیانی رۆژانەیان (بایەزیدی، 27:1982).

هەر لەم سۆنگەیەوە هەندێ لە رۆژهەلاتناسان لە نوسینەکانیاندا ئاماژەیان بە چەند ژنێك کردووە کە لە لوتکەی دەسەلاتی هۆزدا حوکمڕانیان کردووە بۆنمونە لە شاری (هەڵەبجە) خاتوو (عادلە خانم) لەدوای مردنی مێردەکەی (عوسمان پاشای جاف) پانزە ساڵ کارو باری خێڵ و ژێر دەسەلاتی جاف بە توانا و لێهاتوییەوە بەڕێوە دەبرد ( وەلی بەگ، 81:2009). هەروەها (حەبسە خانی نەقیب)یش بە ژنە لێهاتوەکانی کورد ناسراوە لە ڕاپەرینەکانی ساڵی (1948بۆ 1952) بەشداربووە گرنگی زۆری بە قوتابخانە داوەو هاندەرێکی باشی کچانی شاری سلێمانی بوو بۆ خوێندن و خوێندەواری بەدوای ئەمیشدا

چەندین ژنی شۆڕشگێڕی تری وەکوو (خانزاد و قەدەم خێرو مینا خانم) بوارەکانی خەباتی کوردایەتی و کۆمەڵایەتیان بەرنەداوە و لە شەڕدا ڕابەرایەتی و پرس و ڕاو ئامۆژگاریان وەرگیراوە و تەنانەت لە خۆ پیشاندانیشدا بەشداریان کردووە (صاڵح، 49:2002). کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری دنیا، بە تایبەتی لە پاش ڕاپەرینەوە بەدەرنەبووە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان و بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری بۆیە بەشداربونی ژنان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوی لە گەشەکردن بووەو هەمیشە ژنی کورد بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستاندا (قانع، 2008: 180).

هەروەها لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردودا ژنان لە ئاستی دەزگایی و ڕێکخراوەکان و کاری پراکتیکیدا کۆمەڵێك کاری گرنگیان ئەنجامداوە و توانیویانە چەندان ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دروست بکەن و هەوڵی تایبەت بدەن بۆ بەدەمەوە چونی ئەو ژنانەی کە ژیانیان لە ژێر هەڕەشە و مەترسی کوشتندایە هەروەها لەڕێی کۆکردنەوەی واژۆو خۆ پیشاندانەوە توانیان هەندێك بەندی یاسای باری کەسێتی بگۆڕن، فرە ژنی بەیاسا قەدەغەبکەن، کوشتنی ژن لەسەر مەسەلەی شەرەف بە تاوان بکەن، بونەتە خاوەنی میدیای تایبەت و لەم میدیایەدا توانیویانە تیشك بخاتە سەر هەندێك رووی تاریکی ژیانی ژن لە کوردستاندا بەلاّم لە پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەدا هەر یەکێك لەم یاساغکراوەنەدا ڕوودەدەن و یاساکان توانای پاراستنی ژنانیان نیە، ڕاستە ژنان ماف خوێندن و کارکردن و دەنگدانیان هەیە بەلاّم لەبەردەم پیادەکردنی هەریەکێك لەم مافانەدا چەندان ڕێگری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقی هەیە کە دۆخی ژنی کورد زەحمەت دەکەن (قانع، 178:2008).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی کارکردنی ژنان ڕەگ وریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیەو کەس ناتوانێت نکوڵی لە توانا و لێهاتوویەکانی ژنان بکات بەلاّم لە ڕابردوودا کاری ژنان هیچ دەستکەوتێکی ئابوری وای نەبووە کە تەنها بۆخودی خۆی بێت بەڵکو ئەوەی ئەنجامی داوە وەك ئەرکێك لەسەر شانی ئەنجامی داوەو بە کارێکی فەرمی ئەژمار نەکراوە. لەم سەردەمەی ئێستادا کارو بەرهەمی ژنان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ماف و ئەرکی بۆدیاریکراوە تا ڕادەیەکی باش هەوڵ و ماندووبونی ژنان هەست پێدەکرێت و گرنگی بە دەستکەوتەکانیان دەدرێت شانبەشانی پیاو بەرپرسیارێتی خێزانی گرتۆتە ئەستۆ لە بەدەستهێنانی دەستکەوتە ئابوریەکان ودابین کردنی خەرجی ماڵ. و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە باشترکردنی بژێوی داهاتی خێزان و بوژاندنەوەی ئابووری وولاّت و گەشەسەندنی کۆمەڵگادا. سەرەرای ئەوەی جێدەستی ژنان لە گشت دامودەزگاو بوارەکانی کۆمەڵگادا دیارە و بەردەوام لە پێشکەشکردنی توانا و لێهاتویەکانی خۆیانن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا.

## باسی دووەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و ئایدۆلۆژیانەی کە بەسەر کۆمەڵگەکاندا هات ژن ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەهاتنە ناو مەیدانی کار و چەسپاندنی بوونی خۆی ئەمەش بووە هۆی بەدەستهێنانی گەلێك دەستکەوت لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونیەوە هەر بەهۆی کارکردنەوە بوو کە ژنان هۆشیار بوونەوەو بە ئاگا هاتنەوە لەوەی کە پێویستە هەوڵبدەن بۆ دەستکەوتنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشترو کاراتر لە کۆمەڵگەدا. زیادبونی هەستی بەرپرسیارێتی شانازیکردن بەکارکردن و لەهەمان کاتدا پێشکەشکردنی کاری بەرهەمدار هەروەها هەستکردنیان بە بەهای کۆمەڵایەتیان ئەمەش وایکرد کە کەسێکی بکەر و چالاك بن لە کۆمەڵگەدا.

**کۆمەڵێك پاڵنەری گرنگ هەیە کە هانی ژنان دەدات بێنە ناو مەیدانی کارکردنەوە لەوانەش:**

### 1- پاڵنەری خودی:

پاڵنەری خودی بە پاڵنەری سەرەکی لە پشت کارکردنی ژنانەوە دادەنرێت، کارکردن ئامرازێکە لای ژنان بۆ سەلماندنی خود و دەرخستنی کەسێتی خۆیان وەك تاکێك کە خاوەنی ماف و ئەرکی خۆیەتی بەکاریدەهێنێت چونکە کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی پێگەیەکی گرنگ لەناو خێزان و کۆمەڵگادا و هەر ئەو کارکردنەیان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کەسێتیان و دۆزینەوەی خۆیان و هەستکردنیان بەوەی کە تاکێکی بەرهەمهێن و دەتوانن بەرامبەر بەربەستەکانی ژیان ببنەوە ئەگەر بەتەنهاش بن .(بکاکرە،28:2014). ژنە نوسەری میسری (د.نوال السعداوی) وایدەبینێت کە ژن لە وەرگرتنی مافی لە سروشتدا وەك مرۆڤێك لە ڕێگەی دەرچونیەتی لە ماڵ بۆ کارکردن (السعداوی،206:2006). کەواتە کارکردن بە سیفەتێك کە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و بەبەشێکی جەوهەری دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا و هەر ئەم کارە پایە و پلەیەکی بەرزی دەداتێ و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵگەوە چونکە سوودە مەعنەوییەکانی ژن کە بەدەستی دەهێنێت لەڕێی کارکردنەوە زۆر بەبایەخترە لەو سودو قازانجە مادییانەی کەدەستی دەکەوێت بەهۆی کارەکەوە بەچاوی ڕێزو پێزانینەوەو سەیردەکرێت کە هەر بەو هۆیەوە دەتوانیت توانای خۆی بسەلمینێت لەبەرهەمهێنان و بەشداربونی لەگەشەسەندنی کومەڵگەدا سەرەڕای ئەوەش کارکردن بە چارەسەری هەندێ لە شڵەژانە دەرونیەکان دادەنرێت کە هەندێ لە ژنان پێوەی دەناڵێنن،بەهۆی چوونە دەرەوەو تێکەڵبوون بە خەڵك و شارەزا بوون لە ئەزموونی ئەوانی تر و سەرقاڵبوون بە کارەوە ئەمانە هەمووی وادەکات کە ژنان ڕزگاریان بێت لە شڵەژانە

دەرونیەکان سەرەڕای ئەوانەش کارکردن هەستی بەپرسیارێتی دروستدەکات لەلای ژن بەرامبەر بە خۆی، بە خێزانەکەی بە کۆمەڵگە و نیشتمانەکەی و یارمەتیدەرە لە دەربازبوون لە رۆحی تاکگەرایی و گەڕان بەدوای ئاسودەیی ئارامی و برەودان بە رۆحە مەعنەوییەکەیان هەروەها بەهۆی کارکردنەوە رازی بوون بە خود دروستدەبێت و هەوڵدەدات بگات بە ئامانجەکانی خۆی (قادر، 2012: 50).

دەرئەنجام کارکردن دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کەسێتی ژن وای لێدەکات کە خۆی بدۆزێتەوە شانازی بکات بەوەی کەسێکی بەرهەمهێن و بەسوودە و لە تواناکانی خۆی و کەسێتی خۆی رادەبینێت کە بەرەنگاری هەموو سەختیەکانی ژیان بێتەوە ئەگەر بەتەنهاش بێت. هەربۆیە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر پاڵنەری کارکردنی ژن تەنها لە دەستکەوتە ئابوریەکەدا بچووك بکەینەوە بەڵکو لەناخی زۆرینەی ژناندا سەلماندنی خود و دەرخستنی تواناکانیان لە کۆمەڵگەدا لە دەستکەوتە ئابوریەکە گرنگترە.

## 2- پاڵنەری ئابوری:

یەکێك لە پاڵنەرە گرنگەکان بۆ کارکردن پاڵنەری ئابوریە کەمەبەست لێی دابینکردنی بژێوی ژیانی ژن خۆی و خێزانەکەی ئەمەش مرۆڤ لەرێگەی ئەو دەرامەتەی کە دەرئەنجامی کارکردنی بە داهاتی کەدەستی دەکەوێت دەتوانێ ئەو پێداویستیانەی پێپڕبکاتەوە ئەو لایانە پۆزەتیفانەی کە دەبینرێت لە کارکردنی ژناندا ئەوەیە کە ژن هەست بە بوون و کەسێتی خۆی دەکات لە چوارچێوەی کاردا هەروەها هەستدەکات کە بەرهەمهێن و بەدیهێنەرەو گرنگی هەیە لە کۆمەڵگەدا، لەزۆرترین ئەو دەستکەوتانەی کە ژنانی ئیشکەر بەدیانهێناوە لە رێی کارکردنیانەوە لەدەرەوەی ماڵ دەستکەوتی ئابورییە ژنان بۆ سەلماندنی خودی خۆیان و هەستکردنیان وەك ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگە پێویستە لەڕوی ئابورییەوە سەربەخۆبن بۆیە ئەو ژنانەی کاردەکەن و خاوەن مووچە و داراییەکی سەربەخۆیی خۆیانن زیاتر هەست بەسەربەخۆیی لایەنی ماددی خۆیان دەکەن و لە پاشکۆیەتی خەڵکانی تر و کەسانێکی ئازادن (عبدالفتاح، 243:1972).

سەربەخۆیی ئابوری بەمانای ئەوەی کە تۆ کەسێکی ئازادیت لەشێوازی پەیوەندیکردن و مامەڵەکردنت بەکەسانی دەوروبەرت، مانای توانای تاك لەپڕکردنەوەی پێداویستیە جیاوازەکانی بەبێ پشت بەستن بە کەسی تر ئەمەش چۆن مانای ئەوەش دەگەیەنێت بۆ گەیشتنی تاك بە پێداویستییە

بالاَكانی له سه‌لماندنی خود و هه‌ستكردن به‌و پێگه و ئه‌ندام بونه‌ی له‌ناو ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ی كه تیایدایه لێره‌وه باری ئابوری به شێوه‌یه‌كی گشتی ڕۆڵێكی گه‌وره ده‌بینێت له داڕشتنی پێكهاته‌ی كه‌سێتیدا له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌سێتی تاك كاریگه‌ره له‌سه‌ر هۆكاره‌كانی تری ئاراسته‌كردنی ژیانی مرۆڤ كه‌واته سه‌ربه‌خۆیی ئابوری ژن واته ڕزگاربوونی له‌ژێر ده‌سته‌یی پیاو چونكه ئه‌م ژنانه ده‌توانن زیاتر پشت به خۆیان ببه‌ستن و منداڵه‌كانیشیان به‌خێو بكه‌ن، له‌مه‌ش زیاتر له‌ناو ئه‌و خێزانانه‌ی كه ژنان خاوه‌ن موچه‌یه دۆخی ناو ماڵ له حاڵه‌تی دیكتاتۆری و باوكسالارییه‌وه ده‌گۆڕێت بۆ دۆخێكی دیموكراتی و بڕیاردان له‌به‌رژه‌وه‌ندی گشت ئه‌ندامانی خێزاندا ده‌بێـت (الحسن، 2005 :210).

كاركردنی ژنان له‌ده‌ره‌وه‌ی ماڵ بۆته هۆی سه‌ربه‌خۆبونی باری ئابوری ژن كه ئه‌م سه‌ربه‌خۆییه پاڵنه‌ره بۆ گه‌شه‌سه‌ندنی تواناكانی كه‌سێتیان و ده‌وڵه‌مه‌ندبونیان له‌لایه‌نی كرداری و فیكری و كۆمه‌لاَیه‌تیشه‌وه. جگه له‌وه‌ی به‌و ده‌سكه‌وته ئابوریه‌ی ژنان ده‌ستیان ده‌كه‌وێت ژیانێكی ئاسوده‌ترو دۆخێكی له‌بارتر بۆ خۆیان و منداڵه‌كانیان ده‌ره‌خسێنن له ناو ماڵدا. كه‌واته پاڵنه‌ری ئابوری پاڵنه‌رێكی به‌هێزه بۆ كاركردنی ژنان له ده‌ره‌وه‌ی ماڵ به‌تایبه‌ت له‌م ڕۆژگاره‌ی ئێستادا كه خێرای گۆڕانكاریه‌كان له كۆمه‌ڵگه‌دا و پێداویستی زۆری ژیان له ئارادایه.

### 3 - پاڵنه‌ری زانستی:

بێگومان دوای هاتنه ده‌ره‌وه‌ی ژنان له ماڵ و به‌شداریكردنی له پرۆسه‌ی خوێندن و فێربوون و ته‌واو كردنی خوێندنی زانكۆ و په‌یمانگاو به‌ده‌ستهێنانی بڕوانامه‌ی زانستی له‌بواره جیاجیاكاندا ئه‌و پله زانستییه‌ی كه به‌ده‌ستیان هێناوه وایكردووه كه گه‌شه به بواری داهێنان و پله‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری و هونه‌ری و زانستی خۆیان بده‌ن توانیویانه بچنه ناو مه‌یدانی جۆره‌ها كارو فه‌رمانی جیاوازه‌وه دواتر تواناكانیان بخه‌نه گه‌ڕ بۆ خزمه‌تی كۆمه‌ڵگه وه بتوانن ئامانجه دوورو نزیكه‌كانی خۆیان بسه‌لمێنێن (الحسن، 2005: 212 ).

هه‌ر به‌هۆی بڕوانامه‌ی خوێندنه‌وه ژنان ده‌توانن كارێك یا پیشه‌یه‌ك هه‌ڵبژێرن كه له‌گه‌ڵ بڕوانامه‌كه‌یاندا بگونجێت چونكه به‌و خوێندن و خۆفێركردنه ده‌توانن سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ستبێنن له‌و كاره‌ی له ده‌ره‌وه‌ی ماڵ ئه‌نجامی ده‌ده‌ن و خۆیان و تواناكانیان بسه‌لمێنن، هه‌ربۆیه بوونی بڕوانامه‌یه‌كی زانستی بۆژنان ده‌رگای زۆرێك له پیشه‌كانی بۆده‌كاته‌وه (الحاج یوسف،2003 :54).

جگە لەمانەش ڕەخساندنی بواری مەعریفی بۆ ژنان و زیاتر هەلی فێرکردن و شارەزاییان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی تردا وایکرد کە پیاوان پشت بە ژنان ببەستن لە چالاکییەکانی کاردا چونکە ژنانیش دەتوانن بەرپرسیاری هەر کارێك هەڵبگرن وەك پیاوان و دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی فیکری و شارەزایی لە نێوانیاندا بکرێت (عبدالفتاح، 250:1972).

ژنی ئیشکەر بەهۆی سەربەخۆبونی باری ئابوری و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و چالاکی بواری مەعریفیانە زیاتر لە هەوڵی خۆڕۆشنبیرکردندایە بۆیە کاتێك ژن لە ڕوی فیکرییەوە سەرکوتدەکرێت توشی ململانێ دەبێت، ژنی ڕۆشنبیر و خوێندەوار زیاتر پێویستی بە تێرکردنی فیکری هەیە وەك لەو ژنەی فرسەتی خوێندن یا تەواوکردنی خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردنی بۆ نەڕەخساوە (جەمال، 41:2004).

هەر لەم سۆنگەیەوە بوونی بڕوانامەیەکی زانستی یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکردووە ژنان بێنە مەیدانی کارکردنەوە و هەوڵبدەن توانا و لێهاتووی خۆیان بخەنە گەڕ لە کۆمەڵگەدا و ڕزگاریان بێت لەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی دەستی بەسەر ئازادی کچان و ژناندا گرتبوو لە بواری خوێندن و کارکردندا و چیتر ملکەچی کلتوری دواکەوتووی کۆمەڵگا نەبن و بەهۆی زانست و مەعریفەکەیانەوە خۆیان بسەلمێنن لەناو بوارەکانی ژیاندا.

## 4- پاڵنەری کۆمەڵایەتی:

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەکاندا هاتووە بەشێوەیەکی گشتی وایکردووە کە گۆڕانکاری بەسەر داب ونەریت و بیرو بۆچونەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکانیشدا بێت لەبەرامبەر کارکردنی ژنان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری ژنان زۆر یارمەتیدەربووە لە گۆڕینی ئاراستە کومەڵایەتیەکانیان بەرەو کارکردنیان لە کۆمەڵگەکاندا (الناقولا، 75:2011).

یەکێك لە پێگە گرنگ و بنەرەتیەکان بۆ ژنان ناو خێزانەکەی خۆیەتی کە لە ڕابردوودا خێزانەکان ڕازی نەبوون بە چوونە دەرەوەی ژنان بۆ دەرەوەی ماڵ نەك هەربۆ کارکردن بەڵکو بۆ بازاڕکردنیش هەروەها ڕازی نەبوون بە تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئەوانی تردا بەڵام بەهۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنەلۆجی و ئاڵۆزبوونی ژیان و زیادبوونی پێویستیەکان خێزانەکان وایان لێهات خۆیان کچەکانیان بنێرن بۆ کارکردن تا بتوانن یارمەتی خێزانەکانیان بدەن لە خەرجییەکانی

ڕۆژانەیاندا دواتریش یەکێکی تر لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان کە وایکرد ژنان کاربکەن بەتایبەت لە وولاّتانی جیهانی سێیەمدا زۆری کاتی بەتاڵیە لای ژنان و نەبوونی هیچ ڕیگایەك بۆ کات بەسەربردن هەرکات بیەوێ بۆ چالاکیەك بچێتە دەرەوە بە بەردەوامی ئەوا چاوی کۆمەڵگەی لەسەر دەبێت و لێی دەبێتە تانە بەلاّم بوونی کارێك و کارکردنی لە شوێنێك تا ڕادەیەکی زۆر لەم گرفتانە دووری دەخاتەوە (قادر، 52:2012).

هەربۆیە کاتێك ژنێك کاردەکات سەرقاڵە بە کارەوە و هەوڵدەدات زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی پڕبکاتەوە بە کارێکی بەرهەمهێنەوە و لە بەرامبەریدا مووچەی تایبەتی خۆی وەربگرێت هەروەها هەوڵدانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزانەکەی وایکردووە پلە و پایەیەکی کۆمەلاّیەتی وای بۆ دروستبێت کە بەچاوێکی ڕێز و بایەخ پێدانەوە سەیربکرێت لەلایەن دەوروپشتەکەیەوە (عبدالفتاح، 244:1972) .

کەواتە پاڵنەری کۆمەلاّیەتی بە پاڵنەرێکی بەهێز دادەنرێت لە ئاڕاستەکردنی ژنان بۆکارکردن بەو پێیەی کۆمەڵگەکانی وولاّتانی جیهانی سێیەم تا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی نەریتین و ئاین و داب و نەریت ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ژیانیاندا بۆیە خێزان و گرنگی دان بە پەروەردەی مندالاّن لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندیەکانە لای ژنان بەلاّم لەئێستادا گۆڕانکاریەکی یەکجار گەورە دەبینرێت لە هاندانی ژنان بۆ کارکردن و کەمکردنەوەی ڕێگریەکلتوری و کۆمەلاّیەتیەکان لەبەردەم کارکردنی ژنانە.

## 5- پاڵنەری سیاسی:

بەدەر لەو پاڵنەرانەی تر کە ئاماژەیان پێدرا هەر لەبواری خودی، ئابوری، کۆمەلاّیەتی، زانستی و ڕۆشنبیریەوە ئەوا بواری سیاسیش ئەو پانتاییەیە کە ژنانی ئیشکەر توانیویانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربن و توانا و لێهاتویی خۆیانی تێدا بخەنەگەڕ، پاڵنەری سیاسی یەکێك بووە لە هۆکارە کاریگەرەکان بۆئاراستەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنی کارەکانیان هەڵبەتە هەستکردنیانەبەوەی کە ئەندامێکی گرنگن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە بەهۆی کارەکانیانەوە بۆخۆی پاڵنەریکی سیاسیە سەرەرای کاریگەری حیزبە سیاسیە جیاوازەکان و کارکردنیان بۆ بەرەو پێشچوونی دەرفەتی کارکردنی ژنان وەك پیاوان لە ڕووە یاساییەکەیەوە هەروەها هەوڵی ڕێکخراوەکانی ژنانیش کەم نین بۆ ئاسانکردن و دۆزینەوەی هەلی کار و چاودێری کردنی مافەکانی ژنان لە بواری کارکردندا (عباس، 1978: 255).

بوارەکانی بەشداری سیاسی ژنان بەشێوەی ڕاستەخۆ خۆی لە (ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی) حیزبە سیاسیەکان لە کاروباری حکومەتدا دەبیننەوە لە کاتێکدا کە دەبنە ئەندام و کاندیدی نوێنەری ئەو لایانانەن ئەوا بە چالاکیەکی زیندوی ژنانی ئیشکەردادەنرێت. بەشێوەی ناڕاستەوخۆش ژنان بەشداردەبن بە تایبەت کاتێك سیاسەت کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی بێت بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵگە ئەوا مەرج نییە بەشداری سیاسی تەنها لەڕێی حیزب یا حکومەت یا ڕێکخراوەکان بێت بەڵکو زۆر بواری تر هەن کەدەچنە خانەی بەشداری سیاسی واتە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ بەرەو باشتربردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەچنە خانەی بەشداری سیاسی (محەمەد،41:2010).

کەواتە ژنان هەر هەوڵێك بدەن لە خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بەبەشداری سیاسی ئەژماردەکرێت وەك برەودان بەخوێندن و خوێندەواری و کارکردن لەکایە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، هەوڵدان بۆ گۆڕینی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و سایتەکان و گوێگرتن لە ڕادێو وتەلەفیزیۆنەکان و ئەوا ئاژانسەکانی کە هەواڵ بلاَودەکەنەوە بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بەژیانی سیاسی کۆمەڵگەوە هەیە هەروەها نوسینی کتێب و بابەت وبلاَوکردنەوەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان (دیفرجیە،357:1980).

کەواتە پاڵنەری سیاسیش هیچی لە پاڵنەرەکانی تر کەمتر نیە کەوا لە ژنان بکات کاربکەن لەدەرەوەی ماڵ و پیشەیەك بۆ خۆیان هەلبژێرن هەربۆیە دۆخی ئەو سیستمە سیاسییەی ئەو کۆمەڵگەیەی پیایدا تێپەڕ دەبێت کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پرۆسەی کارکردن و هەڵبژاردنی کار لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا هەربۆیە دۆخی سیاسی ڕۆڵی بەهێزی هەیە لە دیاریکردنی کاری ژنان لە کۆمەڵگەدا.

دەرئەنجام کارکردنی ژن بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت هەروەها بەپێی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا دەژی هەربۆیە ئەو پاڵنەرانە کە دەبنە هۆی کارکردنی ژنان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی بە کارێکی پێویستی دادەنێن و ژنان ناچارن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان دەبێت کارێکیان هەبێت لە کاتێکدا لە زۆربەی وولآتانی ئاسیا و جیهانی سێیەم هێشتا کاری ژن وەك کاری لاوەکیەو کارە بنەرەتیکەیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لە ماڵەوە کاربکات و چاودێری و پەروەردەی منداڵەکانی بکات.

# بەشی سێیەم

## بەرپرسیارێتی ژن و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ

### باسی یەکەم: بەرپرسیارێتی ژن لەناو خێزان و کاریگەری لەسەر منداڵ

### باسی دووەم: ژن وەك پیشەنگێك لە ژیانی منداڵدا

### باسی سێیەم: پەیوەندی ژن بە قۆناغەکانی گەشەی منداڵەوە

### باسی چوارەم: ڕەنگدانەوەکانی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم: بەرپرسیارێتی ژن لەناو خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ

بەو پێیەی خێزان "یەکەمین دامەزراوەیە لە ژیاندا کە مرۆڤەکان لە باوەش دەگرێت و پێیان دەگەیەنێت هەروەها لەناویدا فێری بنەمای ژیان و ڕەوشت و ڕەفتار دەبێت و جگە لەمەش لەگەڵ تاکەکانی تری خێزاندا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێت بەیەکەوە (حسێن، 26:2006).

لە کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا پەروەردەکردن بەر لە هەر شتێ لە ناو خێزاندا رودەدات، زۆربەی منداڵان ساڵەکانی یەکەمین ژیانی خۆیان لە ناو ناوەندێکی خێزانیدا بە ڕێدەکەن کە باوك و دایك لەوانەشە یەك یان دوو منداڵی تری تێدا بێت بەڵام لە زۆر فەرهەنگدا پور و مام و خاڵەکان و نەوەکان بە شێکن لە خێزان و چاودێری منداڵیان هەتا منداڵی ساواشیان بە ملەوەیە وێڕای ئەو جیاوازیە زۆرەی لە روی چۆنیەتی بواری خێزانیدا لە ئارادایە هەندێك منداڵ لەو خێزانانەدا پەروەردە دەبن کە تەنیا سەرپەرشتێکی تیایدایە، هەندێك بە دەستی دوو دایك و دوو باوك (باوك و دایکی جیا بووەوە و زر باوك و زر دایك) چاودێری دەکرێن، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشدا خێزان بە هۆکارێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەروەردەکردنە لە دەورانی منداڵی تا تازە لاوی و دوای ئەوە کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی گەشەو پێگەیشتن بنچکەکان بە یەکتری دەبەستێتەوە (عومەر، 2007: 138).

هەروەها خێزان خانەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەیە ئەو کۆڵەکە گرنگەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەڵچنراوە ئەمە سەرەرای جیاوازی ژیانی خێزانی و هەمەچەشنەیی کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت تەنانەت لەناو یەك کۆمەڵگەشدا لە کاتێکەوە بۆکاتێکی تر جیاوازی هەیە، ئەرکی منداڵخستنەوەو گەشەسەندن یەکێکە لە ئەرکەکانی خێزان لەگەڵ ئەرکەکانی تری وەك ئەرکی سێکسی، ئەرکی ئاینی، ئەرکی ئابوری، ئەرکی دەرونی وئەرکی پەروەردەو فێرکردن جگە لەمانەش خێزان دەرفەتی منداڵ خستنەوەو گەشەسەندن دەدات و ئەندامی تازە بە کۆمەڵگە دەبەخشێت هەربۆیە ئەرکە پەروەردەییەکەی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت چونکە منداڵ کە تازە لەدایك دەبێت لەبارێکی تەواو بێتواناییدایە و ساڵانێکی زۆر پێویستی بەچاودیرێریکردنی گەورەکانە (ال عبدالله، 78:2014). بۆیە چوونە دەرەوەی

بۆکارکردن دوو جۆر لە بەرپرسیارێتی بەسەردا دەسەپێنێت یەکەمیان پەروەردەی منداڵەکانی و بەڕێوەبردنی ماڵەکەی، دووەمیان پابەندبوونیەتی بە ئەرکە پیشەییەکەیەوە.

بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە پێگەی ژنیش لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هات بەتایبەت لەنیوەی کۆتای سەدەی بیستی ڕابردوودا ژن هاتە گۆڕەپانی کارو چێژی دەستکەوتی چەشت و هەستی بەبەهای ئابوری خۆی کرد و توانی پشت بە خۆی ببەستێت (ال عبداللة، 91:2014).

ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و پیشەسازیانەی کە لە دەرئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە دەرکەوت و سەردەمی ئێستای پێدەناسرێت گورزێکی بەهێزی داوە لە کیانی خێزان و هاوبەندی خێزانی هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەو پێیەی (ئەنتۆنی گیدنز) پێناسەی دەکات گۆڕانکاری لە پێکهاتەی بنەرەتی گروپێکی کۆمەڵایەتییە یا کۆمەڵگە (گدنز،743:2004). هەڵبەتە ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە بەسەر دۆخی ئێستای ژناندا وایکردووە ڕۆڵەکانیشیان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەو ژنەی مافی خۆی وەرگرتووە لە خوێندن و ئیشکردندا دەبێت بە بنەما بۆی لەژیانیدا بۆیە هێزو توانا زانستی و ڕۆشنبیریەکەی بەکاردێنێت لە پەروەردەی منداڵەکانی و بەڕێوبردنی ماڵ و خێزانەکەی وەك ئەرکێکی سەرەکی کە کۆمەڵگە بۆی دیاریکردووە، جگە لەوەش بیرکردنەوەی تەندروستی ژن بەهۆی ئاستە زانستیەکەیەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی لەناو خەڵکدا بەشێوەیەکی گشتی و لە ناو منداڵەکانی و مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەتایبەت (سرحان، 1977: 193).

هەر بۆیە ژن هەرچەندە هاوسەری پاڵپشتی بێت و کۆکبن پێکەوە ئەوا زیاتر ئەو خێزانە جێگیرو هاوسەنگ دەبێت و هاوبەندی و پێکەوە بەسترانی خێزانی بەهێزتر دەبێت (التماسك الاسری) پێکەوە بەسترانی خێزانی ئاماژەیە بۆ پەیوەست بوونی نێوان تاکەکان و مانەوەی پەیوەندی بەردەوام، پێکەوە بەستران مانای زۆرە: ڕۆحی مەعنەوی، وابەستەبوون، ڕیکخستن لەنێوان هەوڵی تاکەکان، بەرهەمهێنان، هێز، ڕێککەوتن لە کاردا، هەستی ئینتمابوون و تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر ڕۆڵەکان (ملیکە،38:2004).

کەواتە پێکەوە بەسترانی خێزانی پرۆسەیەکی جێگیرنیە بەڵکو لەڕێی کارلێکی بەردەوامی ئەندامانی ناو خێزانەکە گەشە دەکات و بەپێی ئەو ژینگەیەی خێزانەکەی تیادا دەژی سەرەرای ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان ژن و مێرد خۆیان و منداڵەکانیشیاندا هەیە ئەمانە هەمووی کار دەکەنە سەر تەندروستی دەرونی تاکەکان و کەسێتیان، هەر چۆن هەر جۆرە ناکۆکیەك و پێکدادانێك لەناو خێزاندا ڕوودات کاریگەری

خراپی لەسەر ڕەفتاری تاکەکان دەبێت و توشی لادان یا گرێی دەرونیان دەکات بێجگە لەمەش هەر ناکۆکی و ئاژاوەیەك لە ماڵدا هەبێت لەنێوان ئەندامانی خێزاندا کاریگەری لەسەر ژنی ئیشکەر هەیە چونکە ئەم ناسازیە لە ماڵدا دەبێتە هۆی ئەوەی کار لەسەر تواناو لێهاتوویەکانی ژن بکات وە هەست بە هیلاکی زۆرتر دەکات لە کارەکەیدا (الخشاب، 1985: 216).

بەشێوەیەکی گشتی ژیانی خێزانی لێکترازاو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری هەموو ئەندامانی خێزان هەیە بەتایبەت لەبەجێهێنانی ئەرکە وەزیفی و پیشەییەکەیدا هەروەها دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا، هەربۆیە زانا (مارگرێت مید) پێی وایە بوون بە دایك و باوك بابەتێکی جەوهەریە بۆئەوەی منداڵ لە کەشێکی گونجاو و تەندروستدا قۆناغی منداڵی بەسەرببات پێویستە هەموو پێداویستە بنەرەتیەکانی سەرکەوتنی بۆ دابین بکرێت دوور لە شڵەژان و لێك جیابوونەوە و لێکترازان (الخولی، 342:2002).

سەرەنجام دەگەینە ئەوەی کە خێزان یەکەم دامەزراوەو سەرەکیترین شوێنە بۆ دروستبوونی بناغەی کەسێتیەکی تەندروست بۆ منداڵ. گەشەکردنی لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ئاکاری منداڵ بەندە لەسەر جێگیری و تەبایی خێزان و ئەندامەکانی. هەڵبەتە لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئامادەیی دایك و باوکە لە ناو خێزاندا بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و تەرخانکردنی خۆیان وکاتیانە بۆ ئەو چاودێریکردن و گرنگی پێدانەی منداڵەکانیان. تا چەند دایك و باوك بتوانێت تەبایی و جێگیری لە خێزاندا سەقامگیر بکات ئەوەندە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵ دروست دەبێت.

## باسی دووەم: ژن وەك پێشەنگێك لە ژیانی منداڵدا

دایکایەتی بەمانای قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی گرنگ و گەورە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە چونە ناو ژیانی خێزان و ئەرکەکانی چونکە گەورەترین ئەرك لە پەروەردەکردندا دەکەوێتە سەرشانی دایك و باوك بەڵام بە پلەی یەکەم دایك، خۆ ئەگەر دایك وباوك لە ئامادەباشیدا نەبن ئەوا لە ئاست بەرپرسیارێتی ئەرکەکانیاندا دەبن و بەرەنگاری کێشەکانی ئەم سەردەمە دەبنەوە، دروستبوونی منداڵ لەڕووی زانستیەوە لە خانەی دایك و باوکەوەیە بەڵام زۆربەی تاقیکردنەوە زانستیەکان سەلماندویانە کە کاریگەری دایك زیاترە لەسەر منداڵ وەك لە باوك، لەبەرئەوەی شێوەی ژیانی منداڵ لە ڕەوشت و ئادابی، هەڵسوکەوتی لە باوەشی دایکەوە وەردەگرێت بەتایبەت لەسەرەتاکانی ساڵانی تەمەنیدا هەربۆیە دایك دەتوانێت کاریگەری سروشتی خۆی لەسەر منداڵەکان دروست بکات و هۆکارێك بێت بۆ چاندنی خۆشەویستی و کاری چاکە، لێبوردەی، وەفاداری، زۆرێکی تری بەهاکانی ژیان لەناو دڵی منداڵدا بەڵام ئەگەر دایك ئەم بەرپرسیارێتیە پەروەردەییەی لەسەر شانی بە دڵسۆزیەوە نەگەیاند و کەمتەرخەمی تیاکرد ئەوا کۆمەڵگە توشی داڕمان و فەوتان دەبێت و تاکی سەرلێ شێواو بێباك بەرهەم دێت (القائمی، 1994: 42).

زۆر لەمەش زیاتر دایك بە یەکەم دونیای منداڵ دادەنرێت کە زۆر لە سیفەتی کەسایەتی و ئاکاری و سروشتییەکانی خۆی لەوەوە وەرگرتووە هەروەها یەکەم ڕووخسارە کە دەیبینێت و هەستی پێدەکات لەیەکەم چرکەی لەدایکبوونەوە، کەواتە زۆر پێویستە ئەو ڕووخسارە پڕبێت لە خۆشەویستی و سۆز، تا ئەو منداڵە گەشەیەکی تەندروست بکات، لەبەرئەوەی زۆربەی ئاماژەکان لەو ڕووخسارەوە وەردەگیرێن ئەو دایکەی گەر ڕووی خۆش پیشان بدات بە منداڵەکەی سروشتی (میزاجی) منداڵەکەی زۆرباش دەبێت و ئەو دایکەش کە ڕوخساری بێتاقەت و خەمۆکی بێت میزاجی منداڵەکەی توڕەو ناڕەحەت دەردەکەوێت (محمد، 1990: 57-58). لەبەرئەوەی دایك بە یەکەمین پەروەردکاری مرۆڤ دادەنرێت کاری پەروەردەش وەك فەیلەسوف فەرەنسی (جان جاك ڕۆسۆ)دەڵێت: (پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی مەترسیدارە)، لێرەدا مەبەست لە مەترسی هەستیاری و ترسناکی ئەو قۆناغەیە کە منداڵ لە دۆخی بەردەوام وەرگرتنی نۆرمەکانە لە پەروەردکارانەوە دایکیش پێدەرێکی سەرەکی نۆرمە بە منداڵ ئەو نۆرمانەی کە خۆی هەیەتی و ئەو ڕێبازی ژیانەی کە باوەڕی پێیەتی لەڕێگەی پەروەردەوە ڕۆژانە دەیبەخشێت بەنەوەکانی هەروەها (ڕۆسۆ) وای دەبینێت کە منداڵ بە پاکی لەدایك دەبێت هیچ شتێك خراپی ناکات مەگەر پەروەردکاری خراپ، لە سەردەمی (ڕۆسۆ)دا منداڵەکان دەنێرانە لادێکان بۆ ئەوەی لای پەروەدکارە لادێیەکان پەروەردە بکرێن

دایکان سەربەست دەبوون لەو ماوەیەدا و بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕان بەڵام ئەمە لای (ڕۆسۆ) بە گەمژەیی ونەفامی دانرا کە منداڵان لە سەرەتای تەمەنیان لای ژنانێکی بێگانە بەجێیانبهێڵن و ئەوانیش بە نەزانی خۆیان پەرەوەردەیان بکەن بۆیە پێی وابوو کە دایکان خۆیان لە پێشترن و باشترن بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان (بدران، 2000: 132).

هەر لەم سۆنگەیەوە منداڵ لە سێ ساڵی سەرەتای تەمەنیدا لە پەیوەندیەکی پتەوی خۆشەویستانەدایە لەگەڵ دایکیدا لەم سێ ساڵەدا لەڕووی جەستەییەوە دایك منداڵەکەی باش دەناسێت و پەیوەندیەکی سۆزدارانەی لەگەڵ دەبەستێت کە زۆر گرنگە بۆیەکپارچە بوون لەگەڵ منداڵەکەیدا هەروەها گرنگە تاوەکو منداڵەکەی بەشێوەیەکی تەندروست گەشەبکات، بۆیە سەرەکیترین بناغەکانی کەسێتی منداڵ لە تەمەنی (لەدایك بونەوە تا سێ) ساڵیدا دەست بە دامەزراندن دەکات، لەم بارەیەوە زانای ئەمریکی (تالکوت پارسۆنز) باس لە پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکەی دەکات وە پێیوایە ئەم پەیوەندیە سەرەتای یەکەم خۆشەویستیە لای منداڵ و بنەمایە بۆ پەیوەندی بەوانی ترەوە چونکە نەبوونی خۆشەویستی یەکەم دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەرفەتی گەشەسەندنی دەرونی و سۆزداری لای منداڵ هەرچەندە منداڵ ئالوودەی خۆشەویستی دایکیەتی بەڵام لە تەمەنی چوار ساڵیدا دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی خۆی و دایکیەوە دەگەڕێت بەدوای پەیوەندی تازەدا لەگەڵ باوك و خوشك و براکانی تریدا ئەمەش مانای کۆتایی پێهاتنی پەیوەندی خۆشەویستی دایك و منداڵ نییە بەڵکو ئاشنا بوونیەتی بە ئەندامانی خێزان و دەوروبەرەکەیەوە و فراوان بوونی بواری خۆشەویستیەکەیەتی لەگەڵ ئەوانی تردا (فرح، 1989: 248).

سۆزو خۆشەویستی دوو مەرجن بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی، زانای نەمساوی (سیجموند فروید) جەخت دەکاتە سەر گرنگی خۆشەویستی نێوان دایك و منداڵ بۆ ئەوەی گەشەکردنی پرۆسەی کەسێتی بەرهەم بێت و هەستکردنی منداڵ بە خۆشەویستی دایکی سەرچاوەی هەستکردنیەتی بە ژیان و متمانەی بە خودی خۆی زیاد دەکات. و (پارسۆنزو فرۆید) بەردەوام بون لەسەر جەختکردنە سەر گرنگی خۆشەویستی لە گەشەکردنی کەسێتیدا و ئەم خۆشەویستیە لە نێوان دایك و منداڵ بنچینەی پێکەوە بەستنی دایك و منداڵ و بنچینەی ئەم پێکەوە بەستنەش ڕێکخستنی خێزانە، (پارسونز) ئەوەشی ڕونکردۆتەوە کە ئەو خۆشەویستیە نە خۆشەویستیەکی جنسی و نە خۆشەویستیەکی سروشتی و دەرەکیشە بەڵکو بەشێکی زۆری لە فێربوونەوە وەردەگرێت وە بێ بەشبوون لە خۆشەویستی دەبێتە هۆی هەستکردن بە دوودڵی وشڵەژان و وا لە منداڵ دەکات کە ڕەفتارە سروشتیەکەی خۆی دیاری بکات بە پێی ئەو ڕەفتارەی کە دایکی پێی ڕازیە لە ترسی ئەوەی کە خۆشەویستی دایکی لەدەست بدات ئەم خۆشەویستیە پێویستە بۆ گەشەکردنی منداڵ لەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونیەوە لەبەرئەوەی ئەو پاڵنەرەیەیە کە پاڵ بە منداڵەوە دەنێت لەئاستی بایەلۆجیەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی و هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات بۆ فێربوونی تەرزی تازەی ڕەفتار و کارلێك کردنی لەگەڵ ئەوانی تردا (فرح، 1989: 250 –251).

## باسی سێیەم: پەیوەندی ژن بە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵەوە

مەبەست لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ، گەشەکردنی جوڵەی،جەستەیی، دەرونی، کۆمەڵایەتی و زمانە. قۆناغی گەشەکردنی سەرەتایی ژیانی منداڵ هەستیارترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە، زۆرێك لە زانایان باوەریان وایە قۆناغی منداڵی قۆناغی دروستبوون و ئامادەبوونە بۆ ژیانی داهاتوو چونکە قۆناغێکە بو بنیاتنان و گەشەپیدانی تواناو لێهاتوویە وەرگیراو نا وەرگیراوەکان هەر بۆیە گەورەترین کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بەسەر ژیانی مرۆڤەوە جێدەهێڵێت (علاونە، 1994: 57). هەروەها گەشەکردن زنجیرەیەکی یەکبەدوایەکی تەواوکارە لەو گۆڕانکاریانەی کە تاك هەوڵی بۆ دەدات تا کامڵبوونی و پێگەیشتنی یاخود پرۆسەیەکە کەتیادا تاك توانا شاراوەکانی دەردەخات لەشێوازی لێهاتووی و کارامەیی و تایبتمەندی کەسێتی خۆیدا (دبابنە و محفوظ، 1998: 15).

منداڵ پێویستی زۆری بەپێداویستیە جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانە بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەو پێداویستیانە زۆر گرنگە منداڵ گەشەکردنێکی سروشتی هەبێت. منداڵ کاتێك لە دایك دەبێت توانای جوڵەی نییە هەروەها ناتوانێت پێداویستیەکانی خۆی پڕبکاتەوە لە خواردن و خواردنەوە و خۆگۆڕین مەگەر یەکێك هەبێت سەرپەرشتی بکات کە ئەویش دایکە هەر بەهۆی ئەو سروشتە غەریزەیەی خوای گەورە پێیبەخشیووە بۆیە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ بە دایکیەوە.

### لێرە بە پێویست زانرا کە باس لە گرنگترین جۆرەکانی گەشەی منداڵ بکرێت:

### ١. گەشەکردنی جەستەیی منداڵ :

مەبەست لەم گەشەکردنە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی جوڵەی جەستەیە لەرێی چالاکی رێکخراوەیی ناوچەی مێشك ودەمارەوە هەروەها گەشەسەندنی جەستە یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی ژیانی منداڵ بەشێوەیەکی گشتی درێژی باڵا و کێشی لەشی منداڵ لەساڵانی یەکەم و دووەمی تەمەنیدا بەخێرایی زیاد دەکەن کە لە کاتی لەدایکبوونەوە هەتا کۆتایی تەمەنی یەك ساڵی نزیکەی (25–30) سم درێژ دەبێت هەروەها ساڵانە کێشی نزیکەی (3) کغم زیاد دەکات تا دەگاتە تەمەنی باڵق بوون بەڵام گەشەکردنی مێشك و دەمارەکانی لەئاستی گەشەکردن و گۆڕانکاریەکانیە جەستەییە نادیارەکاندایە بۆ نموونە ئەگەر گۆڕان لە

کێش و باڵا یا پتەوی ئێسکەکان و چەوریەکانی ناو جەستە ببینرێت یا تێبینی بکرێت ئەوا هەندێ گۆڕانی تر هەیە لە جەستەدا بە ئاسانی درکی پێناکرێت وەك گۆڕانی ڕژێنەکان و شا دەمارەکان، زۆرێك لەئەندامەکانی ناو جەستەی مرۆڤ پێش لەدایك بوون کامڵ بووە وەك کۆئەندامی هەناسەدان و کۆئەندامی خوێن بەڵام کۆئەندامەکانی مێشك و دەمار پێویستی بە گەشەکردنی زیاتر هەیە هەر بۆیە تەواو کامڵبوونی ئەم کۆئەندامە (50٪) ئەم پرۆسەیە لە شەش مانگی سەرەتای تەمەنی لەدایکبوونەوە و لە (50٪)ی تری لە کۆتایی ساڵی دووەمی تەمەنیدایە. یەکێك لەو کاریگەریانەی کە دروستدەبن لەسەر جەستە جۆری خواردنە ئەو منالآنەی کە باش ناخۆن یا خواردنی بەسوود ناخۆن بەشێوەیەکی تەندروست گەشە ناکەن ئەمەش کاریگری نەرێنی دروستدەکات لەسەر تەواوی ئەندامەکانی جەستە و بەتایبەت لەسەر گەشەکردنی مێشك و دەماغی منداڵەکە وە مەترسیدارتر دەبێت ئەگەر لەسەرەتای سێ ساڵی تەمەنی منداڵیدا بێت چونکە ئەم ساڵانە کاتی گەشەکردنی کۆئەندامی مێشك ودەماری منداڵە (علاونە، 1994: 93–100).

ئەمڕۆ ژنان بەهۆی ئەوەی لە دەرەوە کار دەکەن ناچارن منداڵەکانیان لە سەرەتای سێ ساڵی تەمەنیان ڕادەستی دایەنگاکان بکەن و لە ژێر چاودێری ئەواندا خواردنیان پێبدرێت لە کاتێکدا دایك باشترین و گونجاوترین کەسە بۆ ئەوەی بزانێت منداڵەکەی چ خواردنێك و چ شتێك پێویستە بۆ جەستەی منداڵەکەی سەرەرای ئەوەش لە دوای ئەم تەمەنەشەوە کە دەخرێنە قوتابخانە منداڵان ڕوو دەکەنە شوێنی خواردنە خێراکان و خواردنی نا تەندروست دەخۆن ئەویش بەهۆی ئامادەنەبوونی دایکیان لە ماڵەوەو ئامادەنەبوونی چێشت ونان لەکاتی خۆیدا کە ئەمانەش دواجار کارەساتی تەندروستی و قەڵەوی لێدەکەوێتەوە. بۆیە گرنگە بۆ ئەو ژنانەی کە کار دەکەن لە دەرەوەی ماڵ کە ووشیاری تەواویان هەبێت لە سەر بابەتی خواردن و چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان.

### ب. گەشەکردنی دەرونی منداڵ

گەشەکردنی دەرونی منداڵ زۆر گرنگە بەتایبەتی لەسەرەتای تەمەنیدا لەرێی تێرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی تەمەنی منداڵیەوەیە کە بە هەستکردن بە ئارامی و دابین کردنی ئاسایش لەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی لە هەمووی گرنگترو پێویستتر بۆ منداڵ گرنگی پێدان و هۆگربوون پێوەی و سۆزپێدانە هەتا ئەو ژینگەیەی تیایدایە زیاتر ئارامترو خۆشەویستی تیادابێت ئەوا زیاتر گونجاوە بۆ

گەشەکردنی دەرونی منداڵ و متمانەی بە کەسانی تری خێزانەکەی زیاد دەبێت هەر بۆیە ڕۆڵی دایك زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا کە سەرەتای تەمەنی منداڵە، ئەو منداڵەی دایکی پێداویستیەکانی بۆ پڕ ناکاتەوە بە شێوەیەکی خێرا لە مانگەکانی سەرەتای لەدایکبوونەوە زووتر تورە دەبێت و کەمتر گوێڕایەڵی دایکی دەبێت لە گەورەییدا (سليم والشعراني، 2006: 202).

هەر بۆیە زۆرێك لەو زانا و لێکۆڵەرەوانەی گرنگی دەدەن بە لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی منداڵ و پەرەسەندنی جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی دایك ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لە دروستبوونی کەسێتی منداڵدا و دروستبوونی شێوەی کۆمەڵایەتیانەی بەوانی دیکەوەی دەبەستێتەوە ئەگەر دایك چاودێری منداڵەکەی کردو یاری لەگەڵ کردو خواردنی پێداو کاتی بۆ تەرخانکرد ئەوا یەکەم پەیوەندی لە نێوان دایك و منداڵ دروستدەبێت لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی و متمانە بوونە هەر ئەمەش هۆکار دەبێت بۆئەوەی منداڵ فێری ڕێزگرتنی ئەوانی تربێت و ڕێز لە بەهاو دابو نەریتەکانی ناو کۆمەڵگە بگرێت سەرەڕای ئەوانەش بوونی زانیاری دەرونی و پەروەردەیی وئاستێکی خوێندەواری لای دایك کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی منداڵی چونکە یارمەتی تێگەیشتن لە جۆرەکانی رەفتاری منالآن دەدات و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەم کاتەدا ئەو هەوڵەی دایك دەیدات بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان خۆی و منالەکەی بۆ ڕووبونەوەی ئەو کێشانەی توشیان دەبێت هەروەها پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك بەیەکێك لە هەرە پەیوەندیە ناوازەکان دادەنرێت چونکە یەکەم پەیوەندیە بۆ منداڵ لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی هەربۆیە زۆربەی دایکەکان لەسەرەتای قۆناغی منداڵیەوە هەڵدەدەن پەیوەندیەکانیان ئەرێنی بێت سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە توشیان دەبێت لە بەخێوکردنی منداڵەکانیاندا (بصمەجی، 2013: 50).

بێگومان ئەو شێوازانەی کە دایك و باوك دەیگرنەبەر لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کاریگەری لەسەر دروست بوونی کەسێتی و جێگیر بوونی لایەنی دەرونی منداڵ دەبێت جا ئیتر ئەو شێوازانە( شێوەی ئازادی، خۆشەویست و قبولکردن، لێبوردن، بالآدەستی، تاوتاوی، پارێزگاری و پشتیوانی، نازپێدان، بێباکی و پشتگوێخستن) هەر شێوازێك لەم شێوازانە کە بەکاردێت لەلایەن پەروەردکارانەوە بۆپەروەردەرکردنی منداڵەکانیان تا بتوانن خۆیان بگونجێنن لە کۆمەڵگەدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە سەرەرای ئاستی خوێندەواری و ووشیاری پەروەردکارەکانیش ڕۆڵ دەبینێت لە گرتنەبەری ئەو شێوازانە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان (ترکیە،2004: 237).

جگە لەمانەش دایك كاریگەرییەكی بەهێزی لە گەشەكردنی لایەنی دەرونی منداڵدا هەیە و هۆكارە بۆ دروستبوونی بونیادی دەرونی و سۆزداری لای منداڵ، گرنگە دایك ڕەچاوی سروشتی منداڵەكەی بكات و ئاگای لە وورووژێنەرە سۆزدارییەكانی بێت وەك ماچ كردن و لە ئامێز گرتن و دەستهێنان بەسەریدا چونكە ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی دروستبوونی گەشەكردنی دەرونی منداڵ و بەرزی متمانە بەخۆبوون و بەهێزی باوەڕبەخۆبوون بەلاّم ئەگەر دایكی ئیشكەر بە هۆی سەرقاڵ بوونی بەكارەوەو لەبەر هیلاكی و ماندوێتی خۆی لە توانایدا نەبێت بۆ دابینكردنی هەلومەرجە خێزانیەكان كە منداڵ تێربكات لە سۆزو خۆشەویستی و هەستی دڵنیایی بۆ دروستنەكات ئەوا دواجار دەبێتە هۆی ناجێگیری دەرونی و سۆزداری لە كەسێتی منداڵدا.

## ت. گەشەكردنی كۆمەلأیەتی منداڵ

گەشەكردنی كۆمەلأیەتی منداڵ پەیوەندیەكی بەهێزی بە گەشەكردنی عەقڵی و جەستەیی و دەرونیەوە هەیە كاتێك منداڵ لە ژینگەیەكدا لەدایك دەبێت و خۆشیاندەوێن و خۆشحاڵن بە بوونی ئەوا هەستی دڵنیای و ئاسایشی بۆ دروستدەبێت هەروەها تەندروستی باشی منداڵەكە و چاودێریكردن و گرنگی پێدانی لە ڕووی جل و بەرگ و پاكوخاوێنیەوە وادەكات كە منداڵ زیاتر قبوڵكراو بێت لای ئەوانی تر بۆئەوەی كە گەشەكردنێكی كۆمەلأیەتی تەندروست هەبێت، پێویستە متمانە بۆمنداڵ دروستبێت لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئەوانەی گرنگی پێدەدەن و پەروەردەی دەكەن بەتایبەت دایكی كە بەردەوام لەگەڵییەتی و هاوڕێیەتی دەكات چونكە منال لە ڕێی دایكیەوە ئەزمونە كۆمەلأیەتیە جیاوازەكان فێردەبێت. (الحاج یوسف، 2003: 100).

جگە لەمەش منداڵ لە تەمەنێكی زووەوە دەموچاوی دایكی دەناسێتەوەو جیای دەكاتەوە لە دەمووچاوی ئەو كەسانەی كەلەدەوروبەرین چونكە زۆرتر دایكی دەبینێت و ڕووی دەداتێ و گرنگی پێدەدات بناغەی دروستبوونی پەیوەندیان لەسەر سۆزو خۆشەویستیە بە پێچەوانەی بناغەی ئەو پەیوەندیەی لە نێوان باوك و منداڵ كە لەسەر بنەمای شەرم و ترس و خۆشەویستی و دڵسۆزییە هەربۆیە ژیان لای منداڵ ئاماژەیە بە وێنەكان كە كێشراوە لەسەر دایك، ئەو وێنانە وا لە منداڵ دەكەن كە هەست بە هێمنی و ئارامی بكات و هەست بە بوونی خۆی بكات، خۆ ئەگەر ئەو وێنانە شێواو بن نائاسایی دەركەون لای منداڵ واتە نائاسایی دەركەوتنی دایك لە پێش چاوی منداڵەكەیدا ئەوا كاریگەری لەسەر ئاڕاستەكان و تێڕوانینەكانی منداڵ دەبێت. (سلیم والشعرانی، 2006: 201).

هەربۆیە زۆر گرنگە کە دایکی ئیشکەر هەوڵبدات هەمیشە ئەو وێنەیەی هەیەتی لە پێش چاوی منداڵەکەیدا بیپارێزێت و کەمتەرخەمی نەکات لەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی کە ئەویش گونجاندنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی شیاوە بۆ منداڵەکانی بەو واتایەی کارکردنی دایك لە دەرەوەی ماڵ هۆکار نەبێت بۆ لاوازی پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکانی.

فاکتەرێکی تر کە گرنگی هەیە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ و کاریگەری تەواویان لەسەر کەسێتی منداڵەوە هەیە ئەو دایکەی بەهۆی کارکردنەوە سەرقاڵە جا ئەو کارە لە(ماڵەوە بێت یا لە دەرەوە) و منداڵەکانی داوەتە دەست هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وەك ((تیڤی و ئینتەرنێت و ئایپاد و مۆبایل) و تەماشاکردنی منداڵان لەهەر جۆرێك لەم ئامێرانە دواجار کاریگەری نێگەتیفی لەسەر کەسێتی منداڵ هەیە زۆرێك لە لێکۆڵینەوە زانستیەکان هەوڵیان داوە بەدەرخستنی مەودای کاریگەری شێوازی بەکۆمەڵایەتیبوونی تازە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کلتووری منداڵان بۆ نموونە لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر منداڵان کراوە باس لەو توندو تیژیانە دەکەن کە منداڵ فێرببوون لەسەیرکردنی دراما و فیلمەکانەوە یا هەندێ کاری نەشیاو و دووبارەکردنەوەیان، ئەمە سەرەڕای بەردەوام دانیشتنی منداڵ بەدیار ئەم ئامێرانەوە چەندەها زیانی تەندروستی و جەستەیی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە لە ئێستادا منال شێوەیەك کلتوور و دابونەریت وەردەگرێت کە جیاواز لەوەی خێزان و قوتابخانەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی چەندین کاتژمێر بەرامبەر تەلەفزیۆن وفیلمی کارتۆنی و ئەنتەرنێت دادەنیشێت کە ئەمانە هەریەکە لە شێوازێك و لە بەرنامەیەك پێشکەش دەکەن دواجار دژیەکی دروستدەکات لەگەڵ ئەو ژیانەی منداڵەکەی تیایدایە ( لیلە، 2006: 261).

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتووە ئەوا جۆری یاری و کات بەسەر بردنی منداڵانیش گۆڕاوە زۆربەی کاتەکان منداڵان بەدیار یارییە ئەلیکترۆنیکانەوە دادەنیشن و کەمتر لە جاران لە کۆڵان یا لەگەڵ هاوڕێکانیان یاری دەکەن. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە نەك تەنها منداڵانی ژنانی ئیشکەر ئەم شێوازە لە کات بەسەربردنیان هەیە بەڵکو منداڵانی ئەو ژنانەی لەماڵەوەشن هەمانشێوەی ئەوان بەدیار یارییە ئەلیکترۆنیەکانەوەن و کەمتر کارلێك لەگەڵ منالانی هاوتەمەنی خۆیان دەبن لە دەرەوەی ماڵ.

## پ. گەشەکردنی زمانی منداڵ

زمان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە شتەکانی دەوروبەرو پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا گەشەکردنی زمان لای منداڵ ئاماژەیە بۆ کامڵ بوونی جەستەو رەفتاری کۆمەڵایەتی کە ئەم پرۆسانە لەلایەن پرۆسە عەقڵیەکانەوە ئەنجام دەدرێت. دەروونناسەکان پێانوایە گەشەکردنی زمان و گەشەکردنی زانین لای منداڵ پەیوەندی بەیەکەوە هەیە چونکە منداڵ ناتوانێت رەنگدانەوەی لەسەر زمان هەبێت مەگەر ئەو بیرۆکەو شتانە نەبێت کە بە زانین و عەقڵی خۆی درکیان پێدەکات هەتا توانای ئاماژە پێکردنیان زیاتربێت ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئامادەییان بۆ زانینی زیاتر بۆیە منداڵان لە تەمەنی (3–4)ساڵیدا گەشە بە تواناکانی زمانییان دەدەن تا رادەیەکی زۆر ووشەکانیان دەگەنە ئاستێك لە پەیوەندیدا لەگەڵیانن (علاونە، 1994: 215).

هەر بۆیە قوتابخانەی رەفتاری ئاشکرای دەکات کە دروستبونی زمان بە فەزڵی کاریگەری نێوان وشە و شتە بینراوەکانەوەیە، لەم بارەیەوە زانا (جون دیوی) دەڵێ کاتێك دایك هاورێیەتی منداڵەکەی دەکات و دەچێتە دەرەوە لەگەڵیدا شتێك دەخاتە سەری پێی دەڵێت (کڵاو) بە دووبارە بوونەوەی ئەم پرۆسەیە چەند جارێك ئەم زاراوەیە و ماناکەی جێگیر دەبێت لای منداڵ، هەر بۆیە دایك رۆڵی سەرەکی هەیە لە جێگیر بوونی زمان و دووبارە بوونەوەی ووتەکان بۆ منداڵەکانیان چونکە منداڵ زیاتر لەو کەسەوە فێردەبێت لەگەڵی بێت و گرنگی پێبدات و خۆشی بوێت (هرمز، 1989: 28).

منداڵ فێری وەرگرتنی دەنگەکانی ئەوانیتر دەبێت کە قسەی لەگەڵ دەکەن و پەروەردەی دەکەن، خۆشەویستی و گرنگی پێدان هۆکارە بۆ گەشەکردنی زمان و پەیوەندیەکی زۆر هەیە لە نێوان پەراوێز خستنی منداڵ و دواکەوتنی فێربوونی زمان زۆرێك لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو منالأنەی پەراوێز خراون لەماڵەوە زۆربەی کێشەی زمان و قسەکردنیان هەیە(هرمز، 1989: 133).

لایەنێکی تری گەشەپێدانی زمان لای منداڵ لەرێی چیرۆك خوێندنەوەیە بەتایبەت لە قۆناغی تەمەنی(2–6) ساڵیدا کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لەسەر هزرو خەیاڵی منداڵ بەتایبەت ئەگەر بەشێوەی جیاواز و بەدەنگی جیاواز بۆیان بخوێنرێتەوە، هەڵبەتە بۆئەمەش پێویستە دایکان و باوکان ئاستی زانستی و رۆشنبیریان بەرزبێت (هرمز، 1989: 134).

هەر بۆیە ڕۆڵی دایك لە گەشەكردنی زماندا تا ڕادەیەكی زۆر دەردەكەوێت چونكە دایك لە دەرەوە كاردەكات كاتێكی پێویستی نییە تا لەگەڵ منداڵەكەی بباتە سەرو كە دێتەوە ماڵیشەوە لەبەر هیلاكی جەستەو ماندوێتی ناتوانێت وەك پێویست لەگەڵ منداڵەكەی بمێنێتەوە، ئەوا ئەو كاریگەریە لەسەر زمانی منداڵ بەشێوەیەكی نەرێنی دەردەكەوێت. سەرەرای هۆكارەكانی ڕاگەیاندنیش كە كاریگەری خۆی دروستكردووە لەسەر لاوازبوونی زمانی دایك لای منداڵان و بەكار هێنانی گەلێك وشەی نامۆ لە قسەكردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا كە ئەمەش نا ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر زمانی دایك دەبێت.

هۆكارەكانی پەیوەندیكردنی جیهانی بە وەسیلەیەكی تازەی پرۆسەی بەكۆمەڵایەتیبوون و پەروەردەكردن دادەنرێت كە لە ئێستادا كێبڕكێ لەگەڵ میكانیزمەكانی تری بە كۆمەڵایەتیبوون وەك (خێزان، قوتابخانە، هاوڕێ) بەواتای ئەوەی منالْ كارلێك لەگەڵ شتگەلێك دەكات نەهەستی هەیە نەسۆز بەپێی تیۆری كارلێكی ڕەمزی و تیۆرەكەی زانای ئەمریكی (جورج هربرت مید) بێت كە باس لە گەشەكردنی خود دەكات لەلای منداڵ لەڕێی كارلێكی كۆمەڵایەتی و هێمایی و لاسایكردنەوە و ڕۆڵی یاریكردن، بەبڕوای ئەم زانایە خودی كۆمەڵایەتی دروستدەبێت بەهۆی كارلێكردن و هەڵسەنگاندنی بۆ خودی ئێمە بە واتای ئەوەی لە چاوی ئەوانی ترەوە خۆمان هەڵدەسەنگێنین جەخت دەخاتەسەر ڕۆڵی ئەوانی تر لە دروستبوونی خود و زیرەكی و سۆزداری هەروەها زمان هۆكارێكی سەرەكییە بۆ كارلێككردن لەگەڵ ئەوانی تردا بەڵام لە ئێستادا زمانی ئینەرنێت هەیە كە هەرگیز وەك زمانی دایك نییە بەڵكو زمانێكی شارستانیەتی گریمانەكراوەییە زمانێك بەتاڵ لە هەست و سۆزو كەمترین شت تیایدا مەودای نێوان منداڵی و كامڵبونەو بە زمانی منالْ قسەناكات لەبەرئەوەیە كە خەیاڵیان داگیردەكات مەترسیەكەی لەوەدایە نابنە كەسێكی ڕەخنەگر بەڵكو كەسێتیەكی ملكەچیان دەبێت، سەرەڕای بوونی چەندین زیانی تر كەلەسەر ڕەفتار و هەڵوێست و بیروبۆچونیان دەبێت دواجار كەسێكی بەكارهاتوو سلبی دروستدەبن كە توانای داهێنان و تازەگەری لەناخیاندا نەبێت (احمد، 1995: 218–220).

## باسی چوارەم: ڕەنگدانەوەکانی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ

کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ و سەرقاڵیبوون بە پیشەکەیەوە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکانیشدا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵ هەیە ، ئەگەر بێت و توێژینەوە بکرێت لەسەر هەریەك لەم کاریگەریانە ئەوا بێگومان دەرئەنجامی جیاواز دەستدەکەوێت.

**لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە هەندێ لە خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ دەکرێت:**

### 1- ڕەنگدانەوە ئەرێنیەکان

یەکێك لەو خاڵە ئەرێنیانەی بۆ دایکێکی ئیشکەر دێتە ئەژماردن ئەوەیە کە چونەدەرەوەی دایك بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵەکەی مانای هەستانی ئەو دایکەیە بە دوو ڕۆڵی کۆمەلایەتی زۆر گەورە و گرنگ یەکەم ڕۆلی وەك دایکە لەماڵداو دووەم ڕۆڵیشی وەك ژنێکی ئیشکەرە لە شوێنی کارەکەی، کە ئەویش لەلایەن منداڵەکانیەوە بە چاوێکی ڕێزو پێزانینەوە سەیردەکرێت چونکە کارکردنەکەی لە پێناو دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار ئامادە بکات بۆ منداڵەکانی کە تیایدا خوێندن و چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەلایەتیان بۆ دابینبکات ( ابراهیم و محمد، 1964: 10).

لێرەدا گرنگی کاری دایك لەوەدا دەردەکەوێت کە دایك بەهۆی توانا ئابوریەکەیەوە دەتوانێت دایەنگا، باخچە، قوتابخانە هەتا زانکۆشیان بۆ دابین بکات کە لەڕووی چۆنێتیەوە جیاواز بێت لە شوێنی فێرکردنی منداڵانی تر سەرەرای ئەمانەش منداڵان سوودمەند دەبن لە دۆخی وەزیفی دایکیان چونکە کارکردنی دایکیان لە دەرەوەی ماڵ یارمەتی باشترکردنی داهاتی خێزان دەدات کە کاریگەری هەیە لەسەر باشتربوونی پێکهاتەی ئابوری خێزان هەروەها بیرکردنەوەو تێڕوانینی دایکی ئیشکەر تێڕوانینێکی ئەرێنییە بۆژیان هەربۆیە ژینگەی ماڵیان گونجاوترو ئاسوودە ترە بۆ مناڵەکانیان (chase-lansdale etal. 2003).

هەروەها کارکردنی دایك جگە لە دەستکەوتە مادديەکەی کاریگەری ئەرێنی تریشی هەیە کە دواجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵ چونکە ئەو منداڵانەی کە دایکیان کاردەکات لە دەرەوەی ماڵ زیاتر کاتەکانیان ڕێکخراوە بۆ خەوتن و هەستانیان بۆیە زیاتر پشت بەخۆیان دەبەستن لە

خۆئامادەکردنیان بۆ قوتابخانە، فێری ڕێزگرتنی کات دەبن هەروەها فێردەبن چۆن کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی جیاوازدا، تواناو لێهاتووییان باش دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانیانەوە و چارەسەرکردنیان بە ئاسانترین شێوە هەندێ جار کارکردنی دایك لەدەرەوەی ماڵ دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ منداڵان تا پشت بە خۆیان ببەستن و فێری هاوکاری و کارکردن ببن لە ماڵدا و جێ دەستیان دیار بێت. (الخولی، بەبێ ساڵی چاپ:99-100).

هەربۆیە هەندێ لە توێژەران وەك **(ماکجین، مایراروبز لە زانکۆکانی ئەمریکا)** و**(کاتلین ال کاسترو لە زانکۆی بەریتانیا)** هەستاون بە ڕووپێوکردنی کۆمەڵێك زانیاری لە (29) دەوڵەتی جیاواز لەسەر (100)هەزار ژن و پیاو دەربارەی کاریگەری ئیشکردنی دایك لە دەرەوەی ماڵ لەسەر منداڵەکانی(کوڕ وکچەکانی)، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو کچانەی دایکیان کاری کردووە لە دەرەوەی ماڵ توانویانە زیاتر لەوانیتر کاریان دەسکەوێت و تەنانەت توانای ئەوەشیان هەبووە ببنە بەڕێوبەرو خاوەن کارو داهاتی خۆیان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کارکردنی دایکیان نمونەیەکی ئەرێنی بووە لەبەر چاویان، کاتی کەمتر لە کاروباری ماڵدا بەسەر دەبەن بەڵام بەپێی توێژینەوەکە هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان کارکردنی دایك و ئیشکردنی کوڕان تەنها ئەوە نەبێت ئەو کوڕانەی دایکیان کاری کردووە لە کاتی گەورەبوونیاندا زیاتر دەمێننەوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا و گرنگی دەدەن بە خێزانیان بەبەراورد بەو کوڕانەی دایکیان لە ماڵەوە بووە هەروەها تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە بۆ بابەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەوەش بەهۆی کاریگەر بوونیان بەوەی کە دایکیان کاری کردووە لە دەرەوەی ماڵ ( Mcginn, Kathlenn L; 2018).

جگە لەمەش یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی کراوە لە وولاتی دانیمارك لە **(زانکۆی کۆپنهاگن)** لەسەر (135.000) منداڵی دانیمارکی لە ساڵانی( 1987بۆ 1992 )چاودێریکردنی ئەم منداڵانە بووە تا پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی یەکێك لەهەرە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەوەبووە ئەو منداڵانەی دایکیان کاری کردووە لە قۆناغی منداڵیدا بەرزترین نمرەیان هەبووە کاتێ بوونەتە تەمەنی 15 ساڵی بەبەراورد بەو منداڵانەی دایکیان کاری نەکردووە واتە ئەو دایکانەی هەفتانە (10 بۆ 19) سەعات کاتژمێر کاریان کردووە منداڵەکانیان سەرکەوتووتربوون لە خوێندن بەبەراوورد بەو منداڵانەی دایکیان کاری نەکردووە یا زیاتر لەو کاتژمێرانە کاری کردووە ( Hansen, rashl , 2013).

هەر لەم سۆنگەیەوە کات بەسەربردنی دایکانی ئیشکەر لەگەڵ منداڵەکانیان بابەتێکی گرنگە لەلای زۆربەی توێژەرانەوە و توێژینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە لە زانکۆی (کوینز کولیدج لە نیورك) هەروەها (لە زانکۆی سانت غالن لە سویسرا) بەدوای ئەو پرسیارەدا چوون کە ئایا دایکانی ئیشکەر کەمتر کات لەگەڵ منداڵەکانیان بەسەر دەبەن؟ ئایا کارکردنی دایك کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی مەعریفی منداڵ هەیە؟ ئەوەی گرنگ بوو لەدەرئەنجامەکەیدا دەرکەوت کە دایکانی ئیشکەر کەمتر کات لەگەڵ منداڵەکەیان دەبەنە سەر بەڵام کات بەسەربردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان لەڕووی چۆنیەتیەوە پتەوترە نەك چەندێیەتیێ بەمانای ئەوەی دایکانی ئیشکەر ئەگەر چەند کاتژمێرێك لە ڕۆژێکدا تەرخان بکەن بۆ منداڵەکانیان ئەوا گرنگی تەواو دەدەن بە چالاکی و جوڵەی منداڵەکانیان و هەوڵدەدەن بەتەواوی لەگەڵیاندا بن بەپێچەوانەی ئەو دایکانەی هەمیشە لەماڵەوەن و بەڵام بێ ئاگان لە کارو چالاکی منداڵەکانیان هەر بەپێی توێژینەوەکە ئەو دایکەی پلەی زانستی بەکالۆریۆسی هەیە زیاتر کاتی منداڵەکانی لەچالاکیە زانستی و فێربونە پەروەردەییەکاندا دەباتەسەر وەك لە چالاکیە جەستەییەکان (Hsin,Christina. 2014).

## 2- ڕەنگدانەوە نەرێنیەکان

یەکێك لەو کێشە سەرەکیانەی کە ڕوبەڕووی ژنی ئیشکەر دەبێتەوە لە پەروەردەی منداڵ و چاودێری کردندایە ئەویش ئامادە نەبوونی ژنە لەماڵەوە کە لەوانەیە پەیوەندی نەرێنی لە نێوان خۆی و منداڵەکانیدا دروستبکات بەهۆی کەم گرنگی پێدانی منداڵ لە ڕووی جەستەیی و دەرونییەوە چونکە دایك کاتێك دەچێت بۆ سەر کارەکەی منداڵ دەباتە دایەنگە و باخچەی ساوایان کە بێگومان ئەمانە ناتوانێت بەتەواوەتی جێگەی خێزان و دایك بۆ منداڵ بگرێتەوە ئەم ڕواڵەتە تازەیەی دایك کە وەك ئیشکەر کاردەکات کاریگەری تاڕادەیەك نێگەتیڤی لەسەر پەروەردەی منداڵ و چاودێریکردنی دروستدەکات هەندێك جاریش لەوانەیە بەرەو لادانیشی ببات هەروەها کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن هەیە لەگەڵ لایەنی دەرونی و سۆزداری کاتێك دایك بۆماوەیەکی زۆر ئامادە نابێت لە ماڵدا ئەوا کەسانیتر وەك خزم و دراوسێ یاخود خزمەتکار مامەڵە لەگەڵ منداڵەکان دەکەن بەشێوازێك کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو پەروەردە و فێرکردنەی کە دایکەکە ئەنجامی داوە ئەمەش دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە بۆیە ژنی ئیشکەر کەمتر لە ژنانی تر بەشدار دەبێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵ بەهۆی ئەو ئامادەنەبوونەی لە ماڵدا دەیبینێت (عبدالله، 1982: 138).

ڕادەی پێویستی منداڵ بە دایکی بەپێی جیاوازی تەمەنیان دەگۆڕێت بەشێوەیەکی گشتی منداڵی شیرەخۆر زۆرترین پێویستی بە دایکی هەیە لەوانیتر چونکە لە هەموو پێویستییەکانیدا پشت بە دایکی دەبەستێت لە تێرکردن و گەرمکردنەوە و خۆشەویستی لەبەرئەوەی لە قۆناغێکی دیاریکراودایە لە گەشەکردنی و تاوەکو کاتەکانی نەبوونی دایکەکە لەلای ئەو منداڵانە درێژتر دەبێت کاریگەریەکە زیاتر دەبێت، ئەو ژنانەی کە ئیشدەکەن لەدەرەوەی ماڵ کۆمەڵێك ڕێگە دەگرنەبەر بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان لە کاتی نەبوونی خۆیاندا ئەوانیش وەك سپاردنی ئەو منداڵە بەنەنکی یان کەسێکی تر یان بە دایەنگە تاوەکو دەگاتە تەمەنێك کە پەیوەندی بکات بە قوتابخانەوە (الناقولا، 2011: 103).

هەروەها پەیوەستبوونی منداڵ بە دایکەوە لەسەرەتای ساڵی یەکەمی تەمەنیەوە کارێکی پێویستە بۆ گەشەکردنی دەرونی منداڵ و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیەکەی بەڵام ئامادەنەبوونی دایك چەند کاتژمێرێك بەهۆی کارەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی منداڵ و دایك خۆ ئەگەر پەیوەندی باوك لەگەڵ منداڵ زۆر پتەو بەهێز نەبێت بەهۆی زۆری نائامادەبوونی لەماڵدا و باوك نەتوانێت پەیوەندیەکی دروستی هەبێت لەگەڵ منداڵەکەیدا ئەوا بۆ دایکێك کە کاردەکات زەحمەترو سەختترە بۆیە زۆربەی دایکان هەوڵدەدەن بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کاتانەی لە دەرەوەن بۆ منداڵەکانیان بەزیاد لە پێدانی سۆزو خۆشەویستی و گرنگی پێدان ئەمەش دواجار پەروەردەیەکی نا تەندروستی لێدەکەوێتەوە، نائامادەبوونی دایك لە ماڵدا زۆرێك لە زانایانی کۆمەڵناسی ودەروونناسی سەرقاڵکردووە، بە بۆچوونی دەروونناسەکان جیابوونەوەی دایك لە منداڵەکەی دەبێتەهۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و هەست بەبێبەشبوون و ترس و ناجێگیری لای منداڵ هەروەها کۆمەڵناسەکانیش زیاتر دەچنە ناو بابەتەکەوە باس لە مەترسی دوورکەوتنەوەی دایك لە منداڵەکەی بۆ چەند کاتژمێرێکی دوورو درێژ دەکەن وە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە دوورکەوتنەوەی دایك کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت تا تەمەنی (10) ساڵی وە پێیانوایە گرنگترین شت لای مناڵێکی خوار تەمەن (10) ساڵ کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە ئامادەبوونی دایکیەتی و چاوەڕێی بکاتەوە لەماڵەوە هەر بەوهۆیەوە کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە منداڵ بۆتە قوربانی بەهۆی گرنگی پێنەدان و نەبوونی سۆزو خۆشەویستی و کاتی تەواو بۆ مناڵەکەی کە دواجار بووە هۆی ئەوەی بکەوێت لەسەر خۆشبەختی خێزانەکان (فرح، 1989: 249-250).

خۆ ئەگەر بە چاوێکی نەرێنیانە سەیری کارکردنی ژنان بکرێت وەك زۆربەی ئەوانی تر دەیکەن ئەوا ستەم لە ژنانێك دەکرێت کە جگە لە کارکردن جێگرەوەی تریان نییە نموونەش بۆ ئەمە زۆرە وەك ژنی تاك مردوو و جیابووەکان یا ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان بەشی خەرجی ڕۆژانە دابین ناکات لەم حاڵەتەدا

و حاڵەتی تریشدا بە ئەرکێکی پیرۆز دادەنرێت کاتێك لە پێناو ماڵ و مناڵەکانیان قوربانی دەدەن و هەوڵدەدەن بۆ خۆشگوزەرانی خێزانەکانیان داهاتێك دابین بکەن (الخولی، 2002: 100).

کارکردنی ژنان و پەروەردەکردنی منداڵ بابەتێکی زۆر هەستیارە و زۆربەی وولاّتانی جیهان گیرۆدەی بوون و کێشەیان بۆ دروستبووە ئەوەتا لە وەزارەتی کاروباری وولاّتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یاسای خێزان و پێدانی مۆڵەتی تەندروستی گشتیدا (1993) بە ئاشکرا دان بەوەدادەنرێت کە کارکردنی باوك و دایك هەردوکیان یا یەکێیان بەتەنها ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوندایە ئەوەی گرنگە بۆ گەشەکردنی منداڵ و هاوبەندی خێزانی کە دایك و باوك بەشداربن لە پەروەردەی منداڵ هەروەها سیاسەتی دامەزراندنی ئەو وولاّتە وای لە دایکان و باوکان کردووە کە ناچاربن لە هەڵبژاردنی نێوان ئاسایشی وەزیفی و بەرپرسیارێتی خێزانیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا هێشتا بەرپرسیارێتی پەروەردەی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و ئەم بەرپرسیارێتیە زیاتر کاریگەری لەسەر ژنی ئیشکەر دەبێت هەتا پیاوی ئیشکەر بۆیە لەو ولاّتەدا سەرەرای دام و دەزگاکانی تری پەروەردە هێشتا خێزان بە پلەی یەکەم دێت بۆ پەروەردەی منداڵ هەر بۆیە وەزارەتی کاری ولاّتی ئەمریکا داوا دەکات کە پشتگیری ژنانی ئیشکەر بکرێت و هاوکاری بکرێـت، بۆنمونە یەکێك لەهەرە کێشە گەورەکانی دایکێکی ئیشکەر لە وولاّتی ئوستراليا کێشەی موچەکەیەتی چونکە گەر دایك کاریکرد ئەوا پێویستە منداڵەکەی ببرێتە شوێنێك بۆ چاودێریکردن کە ئەمەش تێچوویەکی زۆری دەوێت هەندی جار موچەکەی بەشی ناکات ئەمەش دیسانەوە بارگرانیەکی تر دروستدەکات بۆ خێزان هەم لە ڕووی ماددیەوە هەم لەڕووی پەروەردەییەوە بەلاّم لەزۆربەی وولاّتە ئاسیاویەکان کە هێشتا سیستمی خێزان درێژکراوەیە ئەندامانی تری ناو خێزان هەڵدەستن بەچاودێریکردن و پەروەردەی منداڵەکانیان کاتێك دایکەکان لە دەرەوە کاردەکەن، خۆ ئەگەر لە ڕووی ئابوریەوە کێشە بۆ خێزانەکان دروستنەبێت ئەوا لە ڕووی پەروەردەییەوە کێشەیان بۆ دەبێت.
.(Jayita Poduval and Murali Poduval, 2008)

سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیش هەڵبەتە دایکی ئیشکەری کوردیش وەك هەر دایکێکی تر لە جیهاندا بێبەش نەبووە لە کێشە و گرفتی پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکانی لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگەی کوردی بە خۆیەوە بینیوە لە دوای نەوەدەکانەوە و زیادبوونی پێداویستیەکانی ژیان، ژنانی کۆمەڵگەی کوردیش هەنگاویان ناوە بۆ کارکردن و هاتونەتە ناو جیهانی کارو پیشەوە، کارکردنی ئێستای ژن زیاتر پاڵنەری ئابوریە تا ئەو ڕادەیەی سێ بەشی ژنی ئیشکەر بۆ یارمەتی دانی خێزانەکانیان کاردەکەن ئەویش بەهۆی بێوەژنی، جیابوونەوە، فرەژنی، کەم دەرامەتی، کۆچی پیاوان بۆ

هاندەران، هەر بۆیە ژنی کورد ناچاربوو بچێتە مەیدانی کاری نوێوەو زۆربەی خێزانەکانیش ژن یارمەتیدەری ئابوریانە هەر لەم ڕوانگەیەوە دایکانی کورد هەمیشە لەو کارانە دەگەڕێن کە شوێنی فەرمانگەکەی یا ئیشەکەی لە ماڵەکەیەوە نزیك بێت دایەنگە لە ماڵەوە یا لە شوێنی کارکردنی نزیك بێت و کاتەکانی کارکردنی کورت بن هەر لەبەرئەوەشە ژنان زیاتر کەرتی گشتی و حکومی هەڵدەبژێرن وەك لە کەرتی تایبەت بۆ کارکردن (ساڵح، 2002: 61-62).

سەرەڕای ئەوەش ژنی ئیشکەر بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانی لە کاتی کارکردنی لەدەرەوەی ماڵ زۆر کات پەنا بۆ خزم و کەسوکار دەبات خۆ ئەگەر ئەوانیش دەرفەتیان نەبێت ئەوا پەنا دەباتە بەر دایەنگاو باخچەکان لە بنەڕەتدا خێزانی کوردی بە سیفەتی هاوبەندی خێزانی (استقرار العائلی) ناسراوە بە بەراوورد بە کۆمەڵگەکانی تری دراوسێی وەك کۆمەڵگەی تورکی و فارسی چونکە خێزانی کوردی باوەشی سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەندامەکانی دەکاتەوەو زۆر هەستیارن و دڵسۆزی و هاوسۆزیان بۆ یەکتر هەیە (حمە وەیس،2005: 137).

ئەم سیفەتەی خێزانی کوردی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دایکی ئیشکەر کە منداڵەکەی لای ئەندامانی تری خێزان بەجێبێڵێت و چاودێری بکرێت، هەڵبەتە ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر دایکی ئیشکەر کێشەی لە پەروەردەی منداڵەکانیدا نییە چونکە نەبوونی یا کەموکورتی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە کوردستاندا گەورەترین کێشەی بۆ دایکان دروست کردووە. کاتێك دایکێك بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر لە دمەزراوەیەکی حکومیدا کاردەکات بەڵام منداڵەکەی کەلە قوتابخانەیە تەنها چوار کاتژمێر دەوام دەکات گەورەترین کێشە ڕووبەڕوی دایك دەبێتەوە کە ئەو چوار کاتژمێرە منداڵەکانیان بە چ شوێنێك بسپێرن ئەمە ئەگەر دایکەکە لە دامەزراوەی حکومی بێت خۆ ئەگەر دایکێك لە کەرتی تایبەت کاربکات ئەوا زیاد لەو کاتژمێرانە منداڵەکەی بەبێ چاودێریکردنی خۆی دەبێت کە دواجار ئەمانە هەمووی ڕەنگدانەوی لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی کەسێتی منداڵدا دەبێت.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی چوارەم
# چوارچێوە  پراکتیکیەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چوارچێوە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە

1- جۆری توێژینەوەوکە
2- میتۆدی توێژینەوەکە
3- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
4-  نمونەی توێژینەوەکە
5- بوارەکانی توێژینەوەکە
6- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان
7- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان
8- ڕاستێتی فۆرم
9- جێگیری فۆرم

## باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

## باسی سێیەم:ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە
دووەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

# بەشی چوارەم

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە

#### 1- جۆری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژنەوەیەکی وەسفی شیکارییە، هەوڵدەدات ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ و هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا بە هۆی کارەکانیانەوە بخاتە ڕوو. پەنا بردنە بەر بەکاهێنانی جۆری وەسفی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم جۆرە لە بەربلاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنوکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو (عبدالمؤمن،28:2008). هەروەها لەلایەکی تریشەوە توێژینەوەی وەسفی وەسفکردنی تایبتمەندی و ڕەهەندکانی دیاردەیەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستەش زانیاری پێویست لەبارەیەوە کۆدەکرێتەوە پاشان لە پێناو گەیشتن بە زانینی هۆکارەکانی ڕوودانی دیاردەکە زانیاریەکان ڕێکدەخرێن و شیکاریان بۆ دەکرێت (سعوص و الخضیري،1992 :50-51).

#### 2 - میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوە ڕێگەیەکە کە"توێژەر دەیگرێتەبەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێنکردنیان و شیکردنەوەیان، و سوود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا (حسن، 1999 : 599) یان ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر لە توێژینەوەی کێشەکاندا بەکاریدەهێنێت ئەمەش لە پێناوی دۆزینەوەی ڕاستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە کە بابەتی توێژینەوەکە دەوروژێنێت هەروەها دەتوانین بڵێین میتۆد کۆڵەکەی پێکهێنان و داڕشتنی توێژینەوەکانە چونکە ئەو پلانەیە کە هەنگاوەکانی (دیاریکردنی زاراوەکان، چوارچێوەی توێژینەوە، هەڵبژاردنی میتۆد، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە، ڕونکردنەوەی بوارەکانی توێژینەوە) لە خۆ دەگرێت (عبیدات،1987: 187-188). ئاشکراشە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك هەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەشدا توێژەر سوودی لە (میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی) وەرگرتووە، بۆ زانینی ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ. مەبەستیش لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسە ڕێکخراوەیە کە بەکاردێت

بەمەبەستی کۆکردنەوەی ڕاستی و زانیاری لەو تاکانەی کەلە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەژین، ئامانج لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەدەستهێنانی ئەو داتا پێویستیانەیە کەلە ڕێگایانەوە دەتوانین ڕووبەڕووی کێشەیەك یا خود دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینەوە (میشل، 1980: 318). لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە جۆری (میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی نمونە) وە هەیە توێژەر پەنای بردۆتەبەر ئەم جۆرەی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا چونکە ئەم میتۆدە گونجاوە بۆ دەسکەوتنی زانیاری وورد لەسەر بابەتی توێژینەوەکەمان کە ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنانە لەسەر پەروەردەی منداڵ.

## 3- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە مەرجەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و بریتیە لە کۆی ئەو یەکەو ڕەگەزانەی دیاردەیەك کە توێژەر لە بارەیەوە توێژینەوە ئەنجام دەدات، ئەو یەکەو ڕەگەزی توێژینەوەیە دەگونجێت (تاك، خێزان، قوتابخانە، کارگە، دامەزراوە) بێت (حسن،1982:224). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لەشاری سلێمانی واتە ناوەندی پایزگای سلێمانی ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کە لەناو (کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی)دان نمونەی توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە.

## 4- نمونەی توێژینەوەکە

نمونەی توێژینەوە بریتییە لە پێکهاتەیەکی هەڵبژێردراو کۆمەڵگەی توێژینەوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات بۆئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کۆمەڵگەی توێژینەوە بنوێنێت دەبێت لە هەڵبژاردندا پەیڕەوی چەند یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو بکات بتوانرێت ئەنجامەکانی بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەدا (العزاوی، 2008: 162-163). ئەو نمونەیەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە و فۆرمی ڕاپرسی بەسەردا دابەشکراوە نمونەیەکی مەبەستدارە واتە توێژینەوەکە وایدەخواست کە نمونەکەی مەبەستداربێت کە بریتی بوو لە ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کە لە ناو کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی کاردەکەن بەتایبەت ئەو ژنانەی دایکن و خاوەنی منداڵی تەمەن (2-5) ساڵانن. دۆزینەوەی نمونەی ئەم توێژینەوەیە کارێکی ئاسان نەبوو بۆیە بۆ ئەوەی نمونەکەمان نزیك بێت لە ڕاستیەوە و زانستی بێت پێمان باشبوو کار بە جۆری نمونەی مەبەستدار بکەین. و هەڵبژاردنی هەر دوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە هۆکاری لە پشتە لەبەر ئەوەی ئەم دوو کەرتە لە مێژەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژنان کاری تێدا دەکەن. و بەتێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە گونجاوترین کەرتن بۆ کارکردنی ژنان تیایدا

هەربۆیە زۆربەی ژنان لەو دوو بوارەدا کاردەکەن بەبەراورد بە بوارەکانی تر، هەڵبەتە هەردوو کەرتەکە چ پەروەردە و چ تەندروستی هێندە شوێنێکی هەستیارن کە پێویستی بە دەستی کارامە و لێهاتووی و تواناکانی ژنان هەیە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی. لەم توێژینەوەیەدا (150) ژنی فەرمانبەر وەرگیراوە لە نێوان دیوانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردە و چەند نەخۆشخانەیەکی ناو شاری سلێمانی، دیوانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی (324) رەگەزی مێی تیابوو و توێژەر لەڕێگای گەڕان بەدوای یەك بە یەکی دایکەکاندا لەناو بەڕێوبەرایەتیەکە گەیشتە ئەوەی تەنها (50) دایکن کە خاوەنی منداڵی تەمەن (2–5) ساڵان بێت بۆیە فۆڕم بەسەر هەموویاندا دابەشکرا وە لەناو چەند نەخۆشخانەیەکی ناو شاری سلێمانی ئەوانیش (100) دایك بوون لە هەریەك لە (نەخۆشخانەی شارو نەخۆشخانەی منداڵان و نەخۆشخانەی ژنان و منداڵبوون، نەخۆشخانەی هیوا)بوون. لەبەر ئەوەی تائێستاش ئیش وکارەکانی ناو دامو دەزگاکانی کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیکی سیستماتیك نیە بۆیە کارێکی سەختە بۆ هەبوونی داتاو ئامار لەسەر ئەو بابەتانەی دەمانویست (کە ژمارەی دایکی ئیشکەر وخاوەنی منداڵی 2–5 ساڵ بێت).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بەستووە بە بیرو رای شارەزایان و مامۆستایانی تر بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە ئەویش بەپێی بۆچونی **(موفق الحمداني و ئەوانی تر)** لە کتێبی **(مناهج البحث العلمي،اساسيات البحث العلمي)** بەپێی ئاراستەی یەکەم بێت لە دیاریکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوە، توێژەر پشت دەبەستێت بە ئەزموونەکانی پێشوو لەو بوارەدا یا سوود لە بیرو ڕاکانی شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکە وەردەگرێت کە ئەم شێوازە لە هەڵبژاردنی نمونە زیاتر لای ئەوتوێژەرانەیە کە ئارەزووی بەکارهێنانی شێوازە ئاماریەکان ناکەن (الحمداني واخرون،2006: 211). هەر بۆیە توێژینەوەکەمان لە دیاریکردنی قەبارەی نمونەکە پشتی بە بیرو رای شارەزیان بەستووە سەرەرای نەبوونی داتا و ئاماری وورد لەسەر ئەوەی چەند ژن لە کەرتی پەروەردە و تەندروستی هەبێت کە دایك بێت و خاوەنی منداڵی تەمەن (2–5) ساڵ بێت.

### 5- سنوورەکانی توێژینەوەکە

1. سنوری جوگرافی توێژینەوەکە: بریتیە لەشاری سلێمانی، ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کەلەناو (کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی)دان نمونەی توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە.
2. سنوری مرۆیی توێژینەوەکە: ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدان کە ژنانی فەرمانبەرانی کەرتی پەروەردەو کەرتی تەندروستی دەگرێتەوە و دایکن و منداڵەکانیان تەمەنیان لەنێوان (2–5)ساڵیدایە.

3. سنوری کاتی توێژینەوەکە: بریتییە لەو ماوەیەی کە کارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، هەر لە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و گەڕنەوەی فۆڕمەکان و بەتاڵکردنەوەو شیکردنەوەی فۆڕمەکان و شیکردنەوەی زانیاریەکان ئەمەش لە بەرواری لە (2019/6/10 دەستی پێکرد ووە هەتا بەرواری (2020/1/19) خایاندووە.

## 6- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

ئەو کەرەستە وئامێرانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون لەناو ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایتیدا بریتین لە:

أ. **فۆڕمی ڕاپرسی :** ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوە لە ڕێگەی فۆڕمێکەوە کە لە لایەن کەسێکەوە پڕ دەکرێتەوە لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمدا ئەو کەسە خۆی بیرو باوەڕەکانی دەسەپێنێت بەسەر لێکۆڵەردا چونکە بە دەستی خۆی بە پێی تێگەشتنی لە پرسیارەکان و ڕادەی خوێندەواری و حەز و ئارەزووەکەی پڕدەکاتەوە (خۆشناو، 2003: 35). یان بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار کە لە لایەن نمونەی توێژینەوەکەوە وەڵام دەدرێتەوە بەبێ یارمەتی توێژەر (الحسن،1981: 252). ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی لەم توێژینەوەیەدا بەم قۆناغانەدا تێپەڕیووە: قۆناغی یەکەم/ دابەشکردنی فۆڕمێکی بەراییی (استطلاعي) بەسەر (20) ژنی فەرمانبەر لەناو فەرمانگەکانی ناو شاری سلێمانیدا بۆ دەربڕینی بۆچوونی خۆیان لەبارەی ئەم پرسیارانەوە:- ئایا کارکردنی ژنان کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ؟- ئایا ڕەنگدانەوە ئەرێنی و نەرێنیەکانی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ چین؟

قۆناغی دووەم: لەدوای خوێندنەوەی لایەنی مەیدانی کۆمەڵێك توێژینەوە لەبارەی کارکردنی ژنان و رەنگدانەوەی لەسەر پەروەدەی منداڵ بە تایبەتیش توێژینەوە هاوشێوەکان. هەروەها بە سوود وەرگرتن لە لایەنی تێوری توێژینەوەکە بۆ داڕشتنی پرسیارەکان. پاشان فۆڕمێك لە شێوەی سەرەتاییدا ئامادەکرا کە لە (47) پرسیار پێکهاتبوو کە دابەش بووە بەسەر پێنج تەوەرەدا: یەکەمیان ئەو بڕگانەی گۆڕاوەکان لە خۆ یان دەگرن. دووەمیان ئەو تەوەرانە بوو کە تایبەت بوو بە گەشەی جەستەی منداڵ. سێیەمیان: تایبەت بوو بە گەشەی دەرونی منداڵ. چوارەمیان: تایبەت بوو بە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ. پێنجەمیان تەوەرەی تایبەت بوو بە کارکردنی ژنان.

## 7- ڕاستێتی فۆڕم:

ئەو فۆڕمی ڕاپرسییەی کەلە شێوەی سەرەتاییدا لە (47) پرسیار پێکهاتبوو دابەشکرابەسەر (11) ماموستا لە بەشی (کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی بنەڕەت) ی زانکۆی سلێمانی

به مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستێتی ڕووکەش بەڵام لە کۆتاییدا (10) فۆرم کەوتەوە دەست توێژەر. لە دوای سود وەرگرتن لە تێبینیەکانیان لە ڕووی لابردن داڕشتنەوەی پرسیارەکان لەشێوەی کۆتاییدا تەنیا (34) پەسەند کران لەلایەن پسپۆڕانەوە. بڕوانەی پاشوکۆی (2). ئەنجامی ڕاستێتی ڕووکەشیش گەیشتە (97٪). بڕوانە پاشکۆی (3). هەروەها ئەنجامی ڕاستێتی ناوەکی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ ئەنجامێکی گونجاوی هەبوو بۆ ڕاستێتی فۆرم توانراپشتی پێببەسترێت.بڕوانە پاشکۆی (4).

## 8- جێگیری فۆڕم :

مەبەست لە جێگیری فۆرم ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆڕمی هەر تاکێکە لەناو گروپێکی دیاری کراودا لە دووبارە تاقیکردنەوەیدا لە دوو ماوەی جیاوازدا بە هەمان فۆڕمی ڕاپرسی (عباس، 1996: 22). بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە (15) فۆڕمی بەسەر ژنانی فەرمانبەراندا دابەشکرا. بۆ هەر فۆڕمێك ژمارەیەکی نهێنی دانرا لە پێناوی ناسینەوەی ئەو فۆرمە لە دابەشکردنی دووەمدا. لە پاش (15) ڕۆژ لە دوای تێپەڕ بوون بەسەر دابەش کردنی یەکەمدا دووبارە هەمان فۆڕمی ڕاپرسی دابەشکرایەوە بەسەریاندا. لە دوای داگرتنی داتاکانی فۆڕمەکانی هەر دوو دابەشکردنەکە لە ڕێگەی پرۆگرامی (spss - ڤێرژنی 23 ) بەهۆی هاوکۆلکەی پەیوەستی (سپێرمان) ئەنجامەکەی (0.79) بوو بڕوانە پاشکۆی (4). ئەمەش ئەنجامێکی گونجاوە بۆ جێگیری فۆڕمەکەو دابەشکردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا.

## 9- ئامرازە ئاماریە بەکاهاتوەکان:

لەبەرئەوەی ئامار لەو ئامرازە سەرەکیانەیە کە توێژەر ناتوانێت دەستبەرداری بێت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بەوەی کە بایەخێکی زۆری هەیە کە بتوانرێت بەکاری بهێنێت بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریەمەیدانیەکانی توێژینەوەو دۆزینەوەی پەیوەندی پەیوەستی (رشوان، 1987: 204).

**ئەو ئامرازە ئاماریانەی کە لەم توێژینەوەیەدان:**

1– ڕێژەی سەدی(percentage) :بۆ وەسف کردنی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە و فۆڕمی ڕاپرسی (قندبلجی،2008: 118)

2– یاسای ناوەندە ژمێرەیی ((Arithmetic mean :بۆ دۆزینەوەی تەمەن و داهاتی مانگانە.

3– یاسای لادانی پێوەری (Standard deviations): بۆ تەمەن و داهاتی مانگانە.

4– هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbachs alpha) بۆ ڕاستێتی ناوخۆیی فۆڕمی ڕاپرسی.

5– هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان (Rho) بۆ جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی.

6– ناوەندی سەنگکراو (The Weighted Mean) بۆ دەرکردنی کێشی هەربڕگەیەك لەنێو پێوەردا.

## باسی دووەم: خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان

### یەکەم : (زانیارییە گشتیەکان ) گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك گۆڕاوی تێدایە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە (ئەو ژنانەی کاردەکەن) دەگرێتەوە وەکو (تەمەن، ئاستی خوێنەواری، داهاتی مانگانە، جۆری نیشتەجێبون، ژمارەی منداڵ، ڕیزبەندی منداڵ،کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا) کە ئەمانە بنەما سەرەکیەکانی توێژینەوە مەیدانیەکەن کە فۆرمەکەی لێ پێکهاتووە.

**1- تەمەن:** خشتەی (1)

تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| تەمەن بە ساڵ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| (25-29) | 36 | 24 |
| (30-34) | 49 | 32.6 |
| (35-39) | 43 | 28.7 |
| (40-44) | 12 | 8 |
| (45-49) | 10 | 6.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

لەبەر ئەوەی تەمەن گرنگیەکی گەورەی لەسەر سروشتی وەڵامدانەوەی لێتوێژراوان و لەسەر بیرو بۆچوون و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەیە بۆیە وەڵامدانەوەی گروپی تەمەنەکان بۆ پرسیارەکان جیاواز دەبن و هەر تەمەنە بە پێی بیرکردنەوە وئەزموونەکانی ژیانی دەگۆڕێت. گەورەترین گروپی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە (30-34) ساڵ ڕێژەی (32.7٪) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، توێژە تەمەنی (35-39) ساڵیش بە ڕێژەیەکی دیار دەرکەوتووە کە ڕێژەی لە (28.7٪)ە. لە کاتێکدا لە (24٪) نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (25-29) ساڵدایە. توێژە تەمەنی (40-44) ساڵیش دەکاتە (8٪) و توێژە تەمەنی (45-50) ساڵیش لە نمونەکەدا دەکاتە (6.7٪) نمونەی توێژینەوەکەیە بەوەشدا دیارە کە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە لە نێوان تەمەنی (30-34) ساڵیدایە کە توێژە تەمەنێکن پڕن لە ووزەو چالاکی لە بوارەکانی کارکردندا و سەرەرای ئەوەش ئەم تەمەنە بەپێی کۆمەڵگە گونجاوە بۆ پێکەوە نانی ژیانی هاوسەرگیری و بوون بە دایك و پەروەردەکردنی منداڵ.

**ناوەندە ژمێرەیی تەمەنی لێتوێژراوان ( 33.8) ساڵ بە لادانی پێوەری هێزی (5.492) ساڵ.**

## 2- ئاستی خوێندەواری:

خشتەی (2)

ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ئاستی خوێندەواری | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 1 | 0.7 |
| ناوەندی | 12 | 8 |
| ئامادەیی | 20 | 13.3 |
| دبلۆم | 64 | 42.7 |
| بەکالۆریۆس | 48 | 32 |
| خوێندنی بالآ | 5 | 3.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

ئاستی خوێندەواری ژن هۆکارێکە بۆ ووشیار بوون و تێگەیشتن لە پێشهاتەکان چونکە بوونی ئاستێکی خوێندەواری وا دەکات کە حەزی زانین دروست بکات هێزی بیرکردنەوە بخولقێنێت و شتی نوێ فێر ببێت، هەربۆیە بۆ پەروەردەکردن و ئاڕستەکردنی منداڵ لەم سەردەمەی گۆڕانکارییەکان بە خێرایی و بە لێشاو ڕوو دەکەنە کۆمەڵگەکان، بوونی ئاستێکی خوێندەواری بۆژن کارێکی پێویستە تا بە ئاگابێت لەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی ڕوودەدەن و زانیاری هەبێت لەسەر ئەو میکانیزم و شێوازانەی پەروەردەی سەردەم دەیخوازێت. زۆرترین پێکهاتەی نمونەی توێژینەوەکە ئەوانەن کە دبلۆمیان بەدەستهێناوە کە ڕێژەی (42.7٪)ی نمونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە و ئەوانەی پلەی بەکالۆریۆسیان تەواوکردووە بە ڕێژەی (32٪) و ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەییان هەیە (13.3)یە، دەرچوانی قۆناغی ناوەندی ڕێژەی (8٪)ی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە لەکاتێکدا ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران ڕێژەی (3.3٪) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت. هەروەها دەرچووی سەرەتایی بە ڕێژەی (0.7٪). لێرەوە دەردەکەوێیت کە زۆرترین نمونەی توێژینەوەکە خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا و زانکۆن کە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی بەرزی پلەی ئاستی خوێندەواری هۆکارە بۆ ڕێگەدان بە کارکردن لە بوارەکانی تەندروستی و پەرورەردە چونکە ئەو دوو کەرتە پێویستە کەسانی خاوەن بڕوانامەو پسپۆڕی ولێهاتوو کاری تێدابکەن.

## 3- ئاستی خوێندەواری هاوسەر:

خشتەی (3)

ئاستی خوێندەواری هاوسەرانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ئاستی خوێندەواری هاوسەر | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 11 | 7.3 |
| ناوەندی | 29 | 19.3 |
| ئامادەیی | 27 | 18 |
| دبلۆم | 40 | 26.7 |
| بەکالۆریۆس | 37 | 24.7 |
| خوێندنی بالآ | 6 | 4 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (3) ئاماژە بۆ ئاستی خوێندنی هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە دەکات، ئەم پرسیارەش گرنگی خۆی هەبوو کە ئاراستەی نمونەی توێژینەوەکە کرا چونکە بەپێی زانیارییەکان دەردەکەوێت کە ئاستی خوێندنی هاوسەران لەچ پلەیەکدایە کە ئەمەش دواجار کاردانەوەی لەسەر ئەو گونجاندنەی لەنێوان هاوسەران و جێگیری و ئاسایشی خێزانی لەناو ماڵدا دەبێت. هەتا هاوسەران ئاستی خوێندنیان هاوشانی یەك بێت ئەوا هەلی تێگەیشتنیان لەیەکتر زیاتر دەبێت و بواری دروست بوونی کێشەکان و گرفتەکان کەمتر دەبێتەوە کە ئەمانەش دواجار کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و ئاسایشی دەرونیان. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ڕێژەی (40٪) و ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن (37٪) پێکدەهێنن. هەڵگری بڕوانامەی ناوەندیش بە ڕێژەی (29٪)ی نمونەکە پێکدەهێنن. ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین (27٪) بەڵام ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایین (7.3٪) پێکدەهێنن هەروەها ئەوانەی خوێندنی باڵآ ڕێژەی (4٪) نمونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە.

**4- داهاتی مانگانەی نمونەکە:**

خشتەی (4)

داهاتی مانگانەی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| داهات /هەزار دینار | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| (کەمتر لە 500 ) | 22 | 14.7 |
| (999-500) | 101 | 67.3 |
| (1499-1000) | 17 | 11.3 |
| (1999-1500) | 10 | 6.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

سەبارەت بە داهاتی مانگانەی نمونەی توێژینەوەکە بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (67.3٪)ی نمونەی توێژینەوەکە مووچەی مانگانەیان لە نێوان (500-999) هەزارایە و ئەوانەش کە مووچەیان کەمتر لە (500) هەزارە ئەوا بە ڕێژەی (14.7) نمونەکە پێکدەهێنین، هەروەها ئەوانەی مووچەیان لە (1000-1499) ملیۆنە بە ڕێژەی (11.3٪)ی نمونەکە پێکدەهێنن و ئەو ژنانەی مووچەکانیان لە نێوان (1500-2000) ملیۆنە تەنها بە ڕێژەی (6.7٪)ی نمونەکە پێکدەهێنن. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەو مووچەیەی نمونەی توێژینەوەکە وەریدەگرێت لەگەڵ ئەو داواکاری و پێداویستیانەی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە ناگونجێت و بەشی ناکات چونکە لە barوردۆخی ئێستادا بەهۆی ئەو لێشاوە گۆرانکاریانەی ڕوویانکردۆتە کۆمەڵگەکان هێندەی تر ئەرکی دارایی لەسەر شانی خێزانەکان زیاد کردووە و وای کردووە بەخێوکردنی منداڵانیش چەند هێندەی جاران پارەی زیاتری بوێت. کەواتە کەموکورتی لە باری ئابوری خێزانەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی هاوسەران کەمتر بیر لە وەچەی زۆر بکەنەوە هەر بۆیە خێزانی کوردی ڕوو لە بچوک بوونەوە دەکات.

ناوەندە ژمێرەیی داهاتی مانگانەی نمونەکە (741.107) دینارە بە لادانی پێوەری (318.609).

## 5- جۆری نیشتەجێبوون:

خشتەی (5)

جۆر ی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| جۆری نیشتەجێبوون | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| موڵك | 75 | 50 |
| کرێ | 47 | 31.3 |
| حکومی | 2 | 1.3 |
| جۆری تر | 26 | 17.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (5) ئاماژە بەجۆری نیشتەجێبونی نمونەی توێژینەوەکە دەکات کە پێکهاتووە لە (موڵك، کرێ، حکومی،هی تر). زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە (50٪) خانوەکانیان لە جۆری مولکە هەرچەندە مەرج نییە بونی خانوی موڵك باشی باری ئابوری یا نزمی باری ئابوری دەسنیشان بکات چونکە ڕەنگە پاشەکەوتی خێزانێك بەشی ئەوە بکات پێی بژین بەڵام توانای پاشەکەوتی گەورەیان نەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تری ژیانیان. واتە مەرج نییە جۆری نیشتەجێبوون بە تەنها پێوەرێکی ڕاستەقینە بێت بۆ زانینی باری ئابوری بەڵام دەتوانین بڵێین لە زۆر کاتدا بوونی خانوی موڵك و ژیان بەسەر نەبردن لە خانووی کرێدا زۆرێك لە کێشەکانی ژیانی خێزانی چارەسەردەکات چونکە نالەباری شوێنی نیشتەجێبوون و نەبونی شوێنی گونجاو هۆکارە بۆ خولڤاندن و سازبونی کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە نێوان خێزاندا کە ئەمانەش دواجار کار دەکەنە سەر پەروەردەو کەسێتی منداڵ. ڕێژەی (31.3٪)ی نمونەی توێژینەوەکە لە خانووی کرێدا ژیان بەسەر دەبەن لە کاتێکدا (17.3٪)ی نمونەکە لە جۆری نیشتەجێبوونی تردا ژیان بەسەردەبەن و تەنها ڕێژەی (1.3) ی نمونەکە لە خانووی حکومیدا ژیان بەسەردەبەن.

## 6- ژمارەی منداڵ:

**خشتەی (6)**

ژمارەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|
| 78 | 117 | (2-1) |
| 20 | 30 | (4-3) |
| 2 | 3 | (6-5) |
| 100 | 150 | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە(6)دا زۆرترین نمونەی توێژینەوەکە ئەوانەن کە ژمارەی منداڵەکانیان (1-2) منداڵە، کە ڕێژەی(78٪)ی نمونەکە پێکدەهێنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژمارەی منالآنی نمونەی توێژینەوەکەلە نێوان (یەك تا دوو) منداڵ زۆرترین ڕێژەیە، ڕەنگە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سنوردارکردنی وەچەو نەوە خستنەوە هەیە لە لەلای ئەو ژنانەی کە فەرمانبەرن و لە دامەوەزراوەیەکدا کار دەکەن ، لەبەرنەبوونی شوێنی گونجاو بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان لە کاتی کارکردنیاندا، هەربۆیە زۆربەی خێزانەکان لە ئەمرۆدا ژمارەی ئەندامانیان کەمبۆتەوەو ژنانیش بۆ بەدەستهێنانی باری ئابووریەکی باشتر بۆ خێزانەکانیان زیاتر پەیوەستن بەکارەکانیانەوە، هەر ئەمەش وادەکات کە ژمارەی منداڵانی ژنانی ئیشکەر کەم بێتەوە. ئەوانەی ژمارەی منداڵیان(3-4) منداڵە بەرێژەی(20٪) ی نمونەکەپێکدەهێنن، و ئەوانەی ژمارەری منداڵیان (5-6) منداڵن تەنها (2٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت. و ئەم ئەنجامە هاوڕا دەبێت لەگەڵ توێژینەوەکەی ( یوسف،2003) بەوەی ئەو ژنانەی کاردەکەن لە دەرەوەی ماڵ زیاتر لە هەوڵی ڕێکخستنی وەچە و منداڵبووندایە،بۆیە کارکردنی ژنان بۆتە هۆی بچوك بوونەوەی قەبارەی خێزان.

### 7– ڕیزبەندی منداڵە (2–5)ساڵەکە لە خێزاندا

خشتەی (7)

ڕیزبەندی منداڵی نمونەکە دەردەخات

| ڕیزبەندی منداڵە (2–5) ساڵانەکە لەناو خێزاندا | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | 57 | 38 |
| 2 | 64 | 42.7 |
| 3 | 14 | 9.3 |
| 4 | 12 | 8 |
| 5 | 3 | 2 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (7) ڕیزبەندی ئەو منداڵە دیاریکیراوە کە نمونەی توێژینەوەکە زانیاری لەسەر داوە بۆیە زۆرینەی منداڵی نمونەی توێژینەوەکە دووەم منداڵە کە بە ڕێژەی (42.7٪) پێکدەهێنێت هەروەها ڕیزبەندی منداڵی یەکەمیش بە ڕێژەی (38٪) پێکدەهێنێت و ڕیزبەندی سێەم و چوارەم بە ڕێژەی (9.3٪) و (8٪) پێکدێنن بەلاّم ڕیزبەندی منداڵی پێنجەم تەنها بە ڕێژەی (2٪)ی پێکدێنن. بایەخی ئەم پرسیارەش لەوەدایە کە نمونەی توێژینەوەکە خۆیان بەرپرسیاری یەکەمن لە پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵەکانیان، چونکە هەندێجار بوونی خوشك یا برایەکی گەورەتر لە منداڵەکە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ دایکەکە بەلاّم ئەوەی لە خشتەکەوە دەردەکەوێت زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕیزبەندی یەکەم و دووەمی ناو خێزانن کە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ئەرکەکانی پەروەردەکردن لە ئەستۆی نمونەی توێژینەوەکە خۆیەتی. بەدەر لەمەش ڕیزبەندی منداڵەکە خۆی لەناو خوشك و براکانیدا گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەو منداڵەی یەکەم منداڵە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو منداڵەی کە دووەمە یا کۆتاییە لە ناو خێزاندا. چونکە پەروەردەکردنی یەکەم منداڵ زۆر جار بەشێوەی هەڵە دەکرێت ئەویش بە هۆی نەبوونی ئەزموونی دایك و باوك خۆیەوەیەتی یا تەداخولکردنی ئەوانی ترەوەیە.

## 8- کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا

خشتەی (8)

کاتژمێری کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ

| کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 3 | 1 | 0.7 |
| 4 | 3 | 2 |
| 5 | 35 | 23.3 |
| 6 | 60 | 40 |
| 7 | 30 | 20 |
| 8 | 18 | 12 |
| 9 | 3 | 2 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

لەم خشتەیەدا ئاماژە بە کاتژمێری کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە کراوە لە ڕۆژێکدا، زۆری و کەمی کاتژمێری کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەر پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری منداڵان هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر جەستە و دەرونی ژنەکە خۆشی دەبێت، زۆرترینی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕۆژێکدا (6) کاتژمێر کاردەکەن کە ئەمەش بە ڕێژەی (40٪)ی نمونەکە پێکدەهێنێت. ئەوانەی ڕۆژانە (5) کاتژمێر کاردەکەن بە ڕێژەی (23.3)یە هەروەها ئەوانەی (7) کاتژمێر کاردەکەن بە ڕێژەی (20.0٪) و ئەوانەی (8) کاتژمێر کاردەکەن بەڕێژەی (12,0)ی نمونەکە پێکدێنێت لە کاتێکدا ئەوانەی (9) کاتژمێر ڕۆژانە کار دەکەن بەڕێژەی (2٪)ەو هەمان ڕێژەش بۆ ئەوانەی (4) کاتژمێرکار دەکەن لە دەرەوەی ماڵ بەڵام ڕێژەی (0.7)ی نمونەکە لە ڕۆژێکدا تەنها (3) کاتژمێر کار دەکەن. جیاوازی ئەم کاتژمێری کارکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نمونەی توێژینەوەکە لە هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە وەرگیراوەو هەر شوێنێکیان جیاوازن لە کاتی کارکردندا. بەڵام ئەوەی دیارە کە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە ڕۆژانە لە نێوان (5-6-7) کاتژمێرە کاردەکەن هەڵبەتە ئەم کاتەش بەبێ هەژمارکردنی کاتی ڕێگاوبانی نمونەی توێژینەوەکەیە چونکە ڕەنگە دایك هەبێت بە هۆیەکانی گواستنەوەی فەرمانگەکەی هاتوچۆ بکات و شوێنی دووربێت و کاتی بوێت بۆ هاتوچۆ کردن.

**دووەم: خستنە ڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ا. ئامانجی یەکەم: زانینی ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەی جەستەی منداڵ**

**9 – ئەنجامدانی پشکنینەکانی منداڵانی نمونەکە:**

خشتەی (9)

شێوازی ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی منداڵان لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە دەردەخات

| کاتی پشکنینەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ساڵانە | 13 | 8.7 |
| بەپێی پێویست | 123 | 82 |
| شەش مانگ جارێك | 12 | 8 |
| پابەند نیم بە پشکنینەکان | 2 | 1.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (9) ئاماژەیە بەکاتی ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی منداڵان کە پێویستە بۆیان ئەنجامبدرێت هەر لە سەرەتای لەلەدایکبوونەوە تا تەمەنی گەورەتر، ئەوەی کە گرنگە هەموو منداڵێك لەسەرەتای تەمەنیەوە زوو پشکنینەکانی بۆبکرێت و دایك ئاگاداری گۆڕانکاریەکان بێت کە بەسەر گەشەی منداڵەکەیدا دێت چونکە هەندێ حاڵەت و نەخۆشی هەن تووشی منداڵ دەبن ئەگەر زوو پێبزانرێت ئەوا چارەسەری ئاسانتر دەبێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا کە نمونەی توێژینەوەکە تەنها لەکاتی پێویستدا پشکنینی تەندروستی بۆمنداڵەکانیان ئەنجامدەدەن کە زۆرترین ڕێژە (82٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت لە کاتێکدا ئەوانەی پشکنینی ساڵانە بۆمنداڵەکانیان دەکەن (8.7٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و ئەوانەی شەش مانگ جارێك پشکنینی تەندروستی بۆمنداڵەکانیان ئەنجام دەدەن بە ڕێژەی (8٪)ی نمونەکە پێکدەهێنن تەنها ڕێژەی (1.3٪)ی نمونەکە پاپەندنین بە پشکنینەکانەوە.

## 10- نانی بەیانی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی ژمارە (10)

نان خواردنی بەیانیانی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| نان خواردنی منداڵان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەماڵەوە | 97 | 64.7 |
| لەگەڵ دادەکانی لەدامەزراوەکان | 43 | 28.7 |
| نانی بەیانیان ناخوات | 10 | 6.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

وەك دەردەکەوێت لە خشتەی (10) زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە ڕێژەی (64.7٪) نانی بەیانی لە ماڵەوە دەخۆن کە ئەمەش سیفەتێکی باشە بۆ دایکێك کەکار دەکات و بواری هەیە بۆ ئامادەکردنی نانی بەیانی بۆ منداڵەکەی و گرنگی پێدانی چونکە نانی بەیانی بەیەکێك لە هەرە ژەمە سەرەکیەکان دادەنرێت لە تەواوی ڕۆژەکەدا کە کار لە چالاکی و گەشەی جەستەی منداڵ دەکات و توانای تەرکیزو یادەوەری بەهێز دەکات. بەدەر لەمەش خواردن بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گەشەکردنی تەمەنی منداڵی تەمەن (2-5) ساڵان کە کاریگەری لەسەر تەواوی تەندروستی جەستەی منداڵ دەبێت بۆیە وشیار بوونی دایکان بە خواردنی نانی بەیانی منداڵەکانیان کارێکی پڕبایەخە چونکە منداڵان لەو تەمەنەدا هێشتا هەندێ لە ئەندامەکانی جەستەیان بە تەواوی گەشەی نەکردووەو کامڵ نەبووە

پێویستی بە خواردنی هەمە جۆرە. ئەو منداڵانەی لە دامەزراوەکان نانی بەیانی دەخۆن ڕێژەی (28.7)ی نمونەکە پێکدەهێنن بەڵام ئەوانەی نانی بەیانی ناخۆن ڕێژەی (6.7٪) ی نمونەکە پێکدەهێنن. بەو پێیەی لە خشتەکە دەرکەوتووە نمونەی توێژینەوەکە ئامادەییان هەیە لە پێشکەشکردنی نانی بەیانی منداڵەکانیان و گرنگی پێدەدەن کە ئەمەش مانای وایە بەهۆی کارکردنیانەوە لە دەرەوەی ماڵ کاتی خواردنی منداڵەکانیان فەرامۆش ناکەن.

## 11- کاتی خواردنی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (11)

کاتی خواردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| کاتی خواردنی منداڵان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەگەڵ خۆم | 78 | 52 |
| لە دەرەوەی ماڵ | 14 | 9.3 |
| هەرکات پێویست بێت | 58 | 38.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (11) ئاماژەیە بە کاتی نان خواردنی منداڵان کە لە چ کاتێکدا زیاتر ئارەزووی خواردن دەکەن لەبەرئەوەی خواردن فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەی جەستە و ژیری منداڵان بەتایبەت خواردنێکی تەندروست کە هەموو پێکهاتە خۆراکیەکانی وەك چەوری و پرۆتین و ڕیشاڵەکان و کانزا و ڤیتامینەکان لە خۆبگرێت چونکە خواردنە خراپ و ناتەندروستەکان دەبنە هۆی دواکەوتنی گەشەی منداڵان بۆیە ڕۆڵی دایك لێرەدا زۆر گرنگە کە بایەخ بدات بە خۆراکە تەندروستەکان و هەمەجۆرەکان لە سەرەتای تەمەنی گەشەکردنی منداڵەکانیانەوە بۆ دروستکردنی جەستەیەکی بەهێز و تەندروست. وەك دەردەکەوێت زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ دایکیاندا زیاتر نان دەخۆن بە ڕێژەی (52٪)ە، ئەمەش دیارە بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەوەیە کەلەنێوان دایك و منداڵدا هەیە. هەر خۆی منداڵیش بە سروشتی خۆی مەیلی زیاتر بە لای ئەو کەسەیە کە زیاتر گرنگی پێدەدات و نازی دەکێشێت و ئاگای لێەتی بۆیە زیاتر لەو کاتە ئارەزووی نان خواردن دەکات بەلآم ڕێژەیەکی بەرچاویش کە بریتیە لە (38.7)ی وەلآمەکان کە منداڵەکانیان هەرکات پێویست بێت نان دەخۆن کە ئەمەش بۆخۆی پرسیارێك دروستدەکات کە ئایە منداڵانی ئەو تەمەنە هەستی ئەوەیان هەیە هەرکات برسیان بێت بخۆن چونکە لە ئەمڕۆدا زۆربەی دایکان کێشەی ئەوەیان هەیە کە منداڵەکانیان نان ناخۆن و بەکەمی دێنە سەر خوان کە ئەمەش دواجار گرفتی تەندروستی و لاوازی جەستەیی دروستدەکات و کاریگەری لەسەر گەشەی جەستەیی منداڵ دەبێت هەروەها ڕێژەی (9.3٪) منداڵان لە دەرەوەی ماڵ زیاتر ئارەزووی نان خواردن دەکەن ئەوەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوەبێت کە زۆربەی منداڵان لەو تەمەنەدا لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەك دایەنگا و باخچەن یا لەلای کەسێکی ترەوە چاودێری دەکرێن بۆییە ئاساییە کە هەندێ منداڵ لە دەرەوەی ماڵ زیاتر خواردن بخوات وەك لە ماڵەوە.

## 12- چۆنیەتی خەوی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (12)

چۆنیەتی خەوی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| چۆنیەتی خەوی منداڵان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەگەڵ خۆم | 136 | 90.7 |
| لەلای کەسانی تر | 5 | 3.3 |
| بەتەنها | 9 | 6 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

ئەم خشتەیەی (12) ئاماژەیە بە چۆنیەتی خەوی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە، زۆرینەی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە (90٪) منداڵەکانیان زیاتر لەگەڵ خۆیان دەخەون هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە منداڵ لەگەڵ دایکی زیاتر هەست بە ئاسایشی دەرونی دەکات وەك لەوەی لەگەڵ کەسێکی تربێت. هەندێ منداڵ زۆر بە زەحمەت دەخەوێت و نایەوێت بنوێت بە تایبەت لە سەرەتای تەمەنی دوو بۆ سێ ساڵیدا بۆیە زۆربەی دایکان ناچارن هەندێ میکانیزم بەکاربێنن بۆ خەواندنی منداڵەکانیان وەك لاواندنەوەو گۆرانی ووتن یا ووتنەوەی هەندێ ووشە کە ئارامی دەبەخشێت بە منداڵەکانیان هەربۆیە زۆربەی منداڵان لەگەڵ دایکیان دەخەون وەك لەوەی بەتەنها یا لای کەسانی تر. فێرکردنی منداڵان بەوەی کە شەوان زوو بخەون و بەیانیان زوو هەستن گرنگیەکی تەواوی لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا هەیە چونکە زوو خەوتن یارمەتی دەردانی هۆرمۆنی گەشە دەدات ئەوەش کاتێك دەردەدرێت کە مرۆڤ لە قوڵایی خەودا بێت سوودی ئەم هۆرمۆنەش بۆ دروست بوونی ئێسك و ماسولکە، چالاك بوونی توانا هزری و ئەقڵی و فیکریەکانی منداڵانە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی سوودی بۆ دایکەکەش دەبێت چونکە بە زوو خەوتنی منداڵ کاتیش بۆ دایك دەگەڕێتەوە هەتا ئیشەکانی تری کە پێویستەجێبەجێیان بکات. و ڕێژەی (6٪) ی منداڵانی نمونەکە بە تەنها دەخەون، ئەم ڕێژەیە ئەگەر کەم بێت ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە منداڵانی تەمەنی (2-5) ساڵان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تەنها نا خەوێنرێن یا ڕاناهێنرێن بۆئەوەی بە تەنها بخەون هەندێجاریش پەیوەندی بەوەوە هەیە هێشتا دایکان نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە منداڵان فێر بکرێن خۆیان لە ژووری خۆیان بە تەنها بخەون، ڕەنگە هۆکارێکی تریش ئەوە بێت کە نەبوونی شوێن یا ژووری جیاواز بۆ منداڵان دابنرێت لەبەر بچوکی و نەگونجاویماڵەکانیان. هەروەها تەنها ڕێژەی (3.3٪)ی منداڵانی نمونەکە لەلای کەسانی تر دەخەون.

## 13– ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردنی خێزانی نمونەکە:

خشتەی (13)

چۆنیەتی ئامادەکردنی ژەمەخواردنەکان لەلایە نمونەی توێژینەوەکەدەردەخات

| چۆنێتی ئامادەکردنی ژەمە خواردنەکانی خێزان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕۆژانە | 101 | 67.3 |
| پەنا دەبەمە بەر خواردنی دەرەوە | 1 | 0.7 |
| لە نێوان هەردووکیان | 48 | 32 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (13) ئاماژەیە بە چونێتی ئامادەکردنی ژەمە خواردنی خێزان لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە کە زۆرترین ڕێژە (67.3)ە کەڕۆژانە خواردن بۆ منداڵەکانیان ئامادە دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ هاوکارە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ڕۆژانە ژەمە خواردنی خێزانەکیان ئامادەبکەن، هەڵبەتە لێهاتووی ژنی ئیشکەرو تواناکانیشیان نابێت فەرامۆش بکرێت کە هەمیشە لە هەوڵ وماندووبونی ئەوەدان کە کەمتەرخەمی نەکەن لە ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵەکانیان لە بەرامبەر ئەرکی کارەکانیان لە دەرەوەی ماڵ. وە ڕێژەی (32٪)ی نمونەکە پەنا دەباتە بە هەردوو شێوازەکە کە ئامادەکردنی ڕۆژانە و خواردنی دەرەوەیە کەئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە لە ئێستادا هەندێ خواردن تەنها لە خواردنگەکان ئامادە دەکرێت بۆیە پە نا دەبەنە بەر خواردنی دەرەوە، هەروەها تەنها ڕێژەی (0.7)ی نمونەکە پەنا دەباتە بە خواردنی دەرەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا کە دایکان بۆ پاراستنی گەشەی جەستەی منداڵەکانیان کەمتر پەنا ببەنە بەر خواردنە خێراکان و پڕ چەورەکانی دەرەوە، چونکە لە ئێستادا کێشەی سەرەکی منداڵانی جیهان کە پێوەی دەناڵێنن کێشەی قەڵەوییە ئەویش بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بە خێرایی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکان بۆتەوەو هەندێ خواردنی خێراو کوالیێتی خراپ و پڕ ووزە جێگەی خواردنە بەسوودەکانیان گرتۆتەوە، ئەوە سەرەڕای کەمی جوڵە و چالاکی منداڵان لە شوێنەکاندا.

### 14– کەمتەرخەمی نمونەکە لە تەندروستی منداڵەکانیان:

خشتەی (14)

کەمتەرخەم بوونی نمونەی توێژینەوەکە لە چاودێری تەندروستی منداڵەکانیان دەردەخات

| وەڵامەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 67 | 45 |
| نەخێر | 83 | 55 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (14) ئاماژەیە بە کەمتەرخەمی کردنی نمونەی توێژینەوەکە لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان، گرنگی دان بە تەندروستی منداڵ زۆر لایەن دەگرێتەوە لەوانە (جۆری خواردن، کاتی خەو،پاکوخاوێنی، ئەنجامدانی پشکنینە تەندروستیەکان،پاراستنی لە نەخۆشی). زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیان بە (نەخێر) داوەتەوە بە ڕێژەی (55.3٪)ە، بەواتەی ئەوەی کە نمونەی توێژینەوەکە بەهۆی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ تووشی کەمتەرخەمی نەبوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیاندا، لەبەرامبەردا ڕێژەی (45٪)ی نمونەکە وەڵامیان بە (بەڵێ) داوەتەوە و بەهۆی کارەکانیان تووشی کەمتەرخمی بوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان. ئەم ئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (عبدالله،1982) لەوەی کە زۆرینەی ژنانی ئیشکەر ڕەتی دەکەنەوە کە پەیوەندیان هەبێت لە نێوان کارکرنی ژنان و پشتگوێخستنی منداڵەکانیان و چاودێریکردنیان.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی بە کۆی وەڵامەکان لە تەوەرەی تایبەت بە گەشەی جەستەی منداڵ دەرکەوتووە کە کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری نەرێنی دروست ناکات لەسەر گەشەی جەستەی منداڵ، بەڵکو زۆرو کەمی لە کاتژمێری کارکردنی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی دروست بونی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی جەستەی منداڵ. هەتا کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ زیاتر بێت ئەگەری کەمتەرخەم بونیان لە گەشەی جەستەی منداڵەکانیان زیاتر دەبێت.

## ب-زانینی ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەی دەرونی منداڵ.

### 15- شێوازەکانی پەروەردەکردن لای نمونەکە:

خشتەی (15)

شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| شێوازەکانی پەروەردەکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئازادی | 3 | 2 |
| نازپێدان | 13 | 8.7 |
| چاودێریکردنو بەدواداچون | 42 | 28 |
| تاوتاوی | 31 | 20.7 |
| پارێزگاری پشتیوانیکردن | 27 | 18 |
| پاداشت و سزا | 34 | 22.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

لە خشتەی (15) ئاماژە بەو شێوازانە کراوە کە نمونەی توێژینەوەکە دەیگرێتە بەر لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا. مەبەست لە شێوازەکانی پەروەردەی منداڵ ئەو ڕێکارانەیە کە پەروەردکاران لە پەروەردەی منداڵەکانیاندا دەیگرنەبەرو ڕوونکەرەوەی تێڕوانین و بۆچونی وانە لەبارەی منداڵەکانیانەوە. هەروەها کۆی گشتی ئەو پێوەرو یاسایانەن کە بەرانبەر ڕۆڵەکانیان دەیگرنبەر. هەڵبەتە ئەم شێوازانەی پەروەردەکردن لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر و بە پێی ئاستی خوێندەواری دایك و باوك و ڕەگەزی منداڵەکانیش دەگۆڕێت. چونکە ئەو ماڵەی هەردوو ڕەگەزەکەی تیایە شێوازی پەروەردەکرنی جیاوازە لەو ماڵەی تەنها یەك ڕەگەزن منداڵەکانیان. و هەر خێزانێکیش خاوەن سروشت و تایبتمەندی خۆی هەیە کە جیاوازە لە خێزانێکی تر بۆیە شێوازەکانی پەروەردەکردنیش جیاوازە. جێگەی باسە کە هەر یەك لەم شێوازانە کارکردی خۆیان لەسەر ڕەفتاری منداڵەکان دادەنێن. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە شێوازی (چاودێریکردن و بەدواداچوون) بەکاردێنێت کە لە (28٪)ی نمونەکە پێکدەهێنێت ئەمەش بەو مانایەی دایکان سەرەڕای هاودەمی و دۆستایەتیکردنی منداڵەکانیان و زاڵیشن بەسەریاندا و خستوویاننەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەم شێوازەیش هاریکاری منداڵەکان دەبێت لە سازان و ئاشنا بوونیان بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بەهەمان چەشن کاریگەری کەم لەسەر ئازادییان دادەنێت منداڵانی زادەی ئەم شێوازە پەروەردەییە ڕەزامەند، واقیعی، متمانەبەخۆ، چالاکن و خۆیان کاروبارەکان ڕێکدەخەن. (خانی،2019،ل136). هەروەها شێوازێکی تر کە شێوازی (پاداشت و سزا ) یە بە ڕێژەی (22.7) ی پێکهێناوە کە نمونەی

توێژینەوەکە دەیگرنەبەر شێوازی پاداشت و سزا یەکێکە لەو شێوازە باوانەی کە زۆربەی پەروەردکاران دەیگرنەبەر، پاداشتکردن بە شێوەی ماددی و مەعنەوییە، دەکرێت هەندێجار (دیاریەك، خواردنێك، بەڵێندان بە کڕینی یارییەك) بێت لە کاتێکدا شێوە مەعنەویەکەی دەکرێت بە ( ووشەی جوان، باوەشێك، چەپڵەلێدانێك، یا ماچکردنێك ) بێت بەڵام سزادان لێرەدا بە مانای لێدان و توندوتیژی نایەت چونکە کاریگەری لەسەر بونیادی دەرونی منداڵ دەبێت بەڵکو سەیرکردنێکی ناڕەزایی یا جوڵەیەکی ڕەتکردنەوە دەگرێتەوە. لە بەرامبەر ئەمانەدا شێوازی ( تاوتاوی) بە ڕێژەی ($20.7\%$)ی نمونەی توێژینەوەکە دەیگرێتەبەر، ئەم شێوازە تا ڕادەیەك بە نەرێنی دادەنرێت لە پەروەردەکردنی منداڵدا چونکە پەروەردکار خۆشی نازانێت چی دەوێت لە منداڵەکەی لەبەر ئەوەی هەر کاتەو بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکات  کە جێگیر نیە، لەم شێوەیەدا نزیکەی هەموو شێوازەکانی تری پەروەردەکردن بەکاردەهێنن بە جۆرێك  کە خۆیان  دەزانن و بە پێی بارودۆخی منداڵەکانیان. شێوازی (پارێزگاری و پشتیوانیکردن) بە ڕێژەی ($18\%$)ی پێکهێناوە لە کاتێکدا شێوازی (نازپێدان) کە لەلایەن نمونەی توێژینەوەکە دەیگرێتەبەر بە ڕێژەی ($8.7\%$)ە. شێوازی (ئازادی)تەنها بە ڕێژەی ($2\%$) ی نمونەی توێژینەوەکە دەیگرنەبەر بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.
بەپێی تیۆری ( بونیادی ئەرکەکی) بێت بەو پێناسەیەی کە پارسونز کردی لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵدا کە پرۆسەی فێربوونە و پشت دەبەستێت بە ئامۆژگاری و یەکبون لەگەڵ چواچێوە عەقڵی و سۆزداری و ئاکارییەکان لای منداڵ، ئەوا شێواز ی پەروەردەکردنی پەروەردکار ئەو فێر بوونە دەبەخشێتە منداڵ  و ڕایدەهێنێت لەسەر ئەو شێوازەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی منداڵەکەی بە لەبەر چاوگرتنی ڕەگەز و تەمەنییان هەروەها بەپێی ئەم تێورە  بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری و هاوسەنگی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەبێت گرنگی بە پەروەردەو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بدرێت کە تەواوکەری سیستمیە کۆمەڵایەتیەکانی تری  ناو کۆمەڵگەیە کە ئەم کۆنترۆڵەش لە ڕێی خێزانەوە دەکرێت هەڵبەتە خێزانیش لە ڕێی پرۆسەی پەروەردەکردنەوە ئەنجامی دەدات چونکە بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردن و کۆنترۆڵکردنەوە تاك دەگوێزرێتەوە بۆناو سیستەم و یاسا کۆمەڵایەتیەکان تا لێ لا نەدات و سەقامگیری سیستەمەکە نەشێوێنێت.

### 16- ڕای نمونەکە لەسەر ئامادەنەبونی دایك لەماڵەوە:

خشتەی (16)

ئامادە نەبوونی نمونەی تویژینەوەکە کاریگەری لەسەر دەرونی منداڵ دەردەخات

| کاریگەرییەکە | دوبارەبونەوە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 74 | 49.3 |
| کەم | 57 | 38 |
| کاریگەری نەبووە | 19 | 12.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (16) ئاماژەیە بە ئامادەنەبوونی نمونەی توێژینەوەکە لە ماڵدا بە هۆی کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ و کاریگەری لەسەر لایەنی دەرونی منداڵ، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (49.3٪) ڕایان وایە کە ئامادەنەبوونیان لە ماڵەوە کاریگەری زۆر دروست دەکات لەسەر دەرونی منداڵەکانیان ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کاتێك دایك کار دەکات لە دەرەوەی ماڵ و دەگەڕێتەوە ماڵ بە هیلاکی و ماندویەتیەوە و سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ماڵە ڕەنگە ئەوەندە خولقیەتی منداڵەکەی نەمێنێ کە گوێی بۆ ڕابگرێت و بیدوێنێت یا هەندێ جار ئامادەنەبوونی دایك لە ماڵدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵە ڕاوکێ و هەست بە بێبەشبوون و ترس و ناجێگیری لای منداڵ، تا هەستیاری وتوانای دایك لە تێگەیشتن و بەدەمەوە هاتنی پێداویستیەکانی منداڵەکەی زیاتر بێت ئەوەندە زیاتر ئاسایشی دەرونی بۆمنداڵ فەراهەم دەبێت. ئەم ئەنجامە هاوڕا دەبێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی ( الحاج یوسف،2003) کە درێژی ماوەی کارکردنی دایك بە شێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر پەروەردەی دەرونی منداڵ. هەروەها ئەوانەی ڕایان وابووە کە کارکردنی دایك کایگەری کەم دروست دەکات بە ڕێژەیەکی بەرچاوە کە (38٪)ی پێکدێنێت، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بەوەی کە بە شێك لە نمونەی توێژینەوەکە کاتژمێری کارکردنیان جیاوازترە یا کەمترە لەوانی تر، چونکە هەتا کاتژمێری کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە کەمتر بێت کاریگەریەکەش کەمتر دەبێت و ڕێژەی (12.7) ی نمونەی توێژینەوەکە ڕایان وابووە کە کارکردنی دایك لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری دروست ناکات لەسەر دەرونی منداڵ.

## 17- کاریگەری کارکردنی نمونەکە:

خشتەی (17)

کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە و کاریگەرییەکەی دەردەخات

| وەڵامەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|
| لاوازی پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکەت | 39 | 26 |
| کەم بوونەوەی سۆز | 9 | 6 |
| نەمانی ئارامێتی بەرامبەر منداڵەکەت | 102 | 68 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (17) ئاماژەیە بەوەی کە کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی (لاوازی پەیوەندی، کەم بوونەوەی سۆزی بەرامبەر منداڵ یا نەمانی ئارامێتی خۆی). ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە ڕێژەی (68٪) کارکردنیان بۆتە هۆی نەمانی ئارامێتی خۆیان کە ئەمەش دواجار کاریگەریکی خراپی هەیە چ لەسەر تەندروستی خۆیان و چ لەسەر دۆخی خێزان و ماڵیان و منداڵەکانیان چونکە نەمانی ئارامێتی ژن تەنها زیان بە خۆی ناگەیەنێت بەڵکو نا جێگیری لە دۆخی ئەوانی تریشدا دروست دەکات. هۆکاری نەمانی ئارامیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژن زۆربەی کات لە ژێر فشارەیە لەو بوارانەی کاری تێدا دەکات و بەر پرسە لێی لە کاتێکدا سەرقاڵە بە کارو پیشەکەییەوە، لەلایەکی ترەوە بە منداڵ و بەڕێوەبردنی خێزانەکەیەوە کە ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی دروستبوونی هەڵچوون و شڵەژان لە سەر دەرونی ژن. هەروەها ڕێژەی (26٪) ی نمونەی توێژینەوەکە پێناوایە کارکردنیان بۆتە هۆی لاوازی پەیوەندیان لەگەڵ منداڵەکانیان، لاوازی پەیوەندی دایك لەگەڵ منداڵەکەی بەپێی تێوری بونیادی ئەرکەکی بێت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە سیستەمی خێزانەوە چونکە لای پارسونز سیستەمی (نەسەقی) دایك و منداڵ بەشێکە لە سیستەمی خێزان کە منداڵی پێوە دەبەسترێتەوە، بە گرنگترین نەسەق دادەنرێت کە بونیادی کۆمەڵایەتی لێپێکهاتووە و پەیوەندی نێوان دایك و منداڵ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندیەکانی تری ناو خێزانەوە چونکە دایك ڕاگرە لە نێوان پەیوەندی بە هاوسەر و خوشك براکانەوە بۆیە ئەگەر ئەم پەیوەندیە لاواز بێت ئەوا کاریگەری لەسەر هاوبەندی و جێگیری خێزان دەبێت و دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی ئەندامانی ناو خێزانەکە.

تەنها ڕێژەی (6٪) ی نمونەی توێژینەوەکە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی کەم بوونەوەی سۆزیان بۆ منداڵەکانیان.

## 18- سیفەتەکانی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (18)

کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە و دروستبوونی سیفەتەکان لە منداڵەکانیاندادەردەخات

| سیفەتەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پشتبە خۆبەستنی منداڵەکانت | 46 | 30.66 |
| بەکۆمەڵایەتیبونی منداڵەکانت | 46 | 30.66 |
| زۆر هۆگربوون بەکەسی ترەوە | 45 | 30 |
| توڕەیی وبێزاری | 13 | 8.66 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (18) ئاماژەیە بەو سیفەتە کە دروست دەبن لەو منداڵانەی کە دایکیان کار دەکات لە دەرەوەی ماڵ سیفەتەکانیش وەك (پشت بەخۆبەستن، بەکۆمەڵایەتیبوون، و زۆر هۆگربوون بە کەسانی ترەوە و توڕەیی وبێزاری) کە هەریەك لەم دوو سیفەتە ئەرێنیانە پاڵپشتیەکی گرنگە لە دروستبوونی کەسێتی منداڵ و کلیلی سەرکەوتنە لە ژیاندا ئەم سیفەتانە بە بوون و نەبوونی کاریگەری لەسەر کەسێتی مرۆڤ دادەنێن و دواڕۆژی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن. و پشتبەخۆبەستن ڕەفتارێکە کە لە منداڵیەوە دروست دەبێت کە پێویستی بە هاندانی دایك و باوك هەیە هەربۆیە سیفەتی پشتبەخۆبەستن بە ڕێژەی (30.7) و سیفەتی بەکۆمەڵایەتیبوون بە ڕێژەی (30.7٪)ی پێکهێناوە کە ئەمەش بۆخۆی خاڵیکی ئەرێنیە لە پشت کارکردنی ژنەوە چونکە هەریەك لەو سیفەتانە پێویستی بەوەیە منداڵ فێر بکرێت لەسەری،منداڵانی ئەو دایکانەی کارێك دەکەن لە دەرەوەی ماڵ بۆیە کۆمەڵایەتین چونکە هەر لەتەمەنێکی زووەوە دەنێرێنە لای کەسانی ترو تێکەڵ دەبن بە ژینگەیەکی تر بەدەر لە خێزانەکانیان، و سیفەتی پشت بەخۆبەستنیان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆر کات بەهۆی ئامادەنەبوونی دایکیان لە ماڵەوە پشتیان بە خۆیان بەستووە بۆنمونە لەنان خواردن، جل گۆڕین یا هەرپێداویستیەکی تری، لێرەدا توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەکەی ( موغیری، 2012 ) یەکدەگرێتەوە بەوەی کە ئیشکردنی دایك کاریگەری ئەرێنی لەسەر متمانە بە خۆبوون و پشتبە خۆبەستنی منداڵان هەیە. وە

سیفەتە نەرێنیەکانی وەك زۆر هۆگربوون بە کەسانی ترەوە بەڕێژەی (30٪) توڕەیی وبێزاری تەنها بە ڕێژەی (8.7٪)ی پێکهێناوە لە توێژینەوەکەدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەیەکی بەرچاویش لە نمونەکە ئاماژەی بەوە داوە کە منداڵەکانیان زۆر هۆ گربوون بە کەسانی ترەوە کە بە سیفەتێکی تا رادەیەك نەرێنی دادەنرێت ئەویش لەبەر ئەنجامی کارکردنی دایکەوە لە دەرەوەی ماڵ دروست دەبێت، ئەمەش ئاساییە چونکە کاتێك منداڵێك چەند کاتژمێرێك لە لای کەسانی تر دادەنرێت ئەوا مەیل و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسە دروست دەبێت کە لەگەڵی دەبێت.

**19– کاتبەسەربردنی نمونەکە لەگەڵ منداڵەکانیان:**

خشتەی (19)

شێوازی کات تەرخانکردنی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەردەخات

| شێوازی کات تەرخانکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەموو کاتە بەتاڵەکانم لەگەڵیدام | 95 | 63.33 |
| کاتێکی کەم لەگەڵیدام بەلآم چالاکی زۆری لەگەڵ ئەنجام دەدەم | 44 | 29.33 |
| کاتم زۆر کەمە و ناتوانم لەگەڵیدابم تا چالاکی لەگەڵ ئەنجام بدەم | 11 | 7.33 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (19) ئاماژەیە بەو کاتەی نمونەی توێژینەوەکە تەرخانیکردووە لە کەڵ منداڵەکانیدا، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە هەموو کاتە بەتاڵەکانی لەگەڵ منداڵەکانیدایە کەبە ڕێژەی (63.3)یە تەرخانکردنی کات بۆ منداڵ گرنگیەکی زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی دەرونی منداڵ بە تایبەت سەرەتای پێنج ساڵی تەمەنی منداڵ چونکە پێدانی کات لە ژیانی منداڵدا واتە دابینکردنی سۆزو خۆشەویستی،دروستکردنی متمانە، و ئاسایشی دەرونی بۆ منداڵ دروست دەکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرئەزمونێك کە منداڵ پییدا تێپەڕ دەبێت کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی مێشك و بونیادنانی کەسیایەتییەکەی دەبێت. فەرامۆشکردن و گرژیی وهەڵوێستی دژ بەیەك لە مامەڵکردندا دەبێتە هۆی پەروەردە بوونی منداڵێکی گرژ، ناجێگیر، نا ئارام و گۆشەگیر. بۆیە ئەگەر منداڵ هەستی بەوە کرد کەلەلایەن دایکیەوە گرنگی پێدەدرێت و کاتی بۆ تەرخان دەکرێت ئەوا ئاسوودەیی دەرونی بۆ فەراهەم دەبێت, ئەوانەی کاتێکی کەم لەگەڵ منداڵەکانیاندان و بەلآم چالاکی زۆر ئەنجام دەدەن بە ڕێژەی (29.3)یە ڕەنگە هەندێ لە نمونەی

توێژینەوەکە کاتی کەمیان هەبێت بۆ بەسەربردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان ئەویش بەهۆی کاری زۆر و سەرقاڵیان بە شتی ترەوە بەڵام لەو کاتە کەمەدا چالاکی زۆر لەگەڵ منداڵەکانیان ئەنجامدەدەن. کات بەسەر بردن لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە جیاوازی هەیە، ڕاستە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە هەموو کاتە بەتاڵەکانیان بۆمنداڵەکانیان دابین کردووە بەڵام ئایە ئەو کاتە لەڕووی چۆنیەتیەوە تەواوە، یا تەنها چەندێتی کاتەکەیە. ئەگەر تەواوی ڕۆژ لەگەڵ منداڵ بیت بەڵام چالاکی و پەیوەندیت نەبوو ئەوا کاریگەری نابێت لەسەر گەشەی دەرونی منداڵ. تەنها (7.3)ی نمونەی توێژینەوەکە کاتیان کەمە و ناتوانن لەگەڵ منداڵەکانیان بن تا چالاکیان لەگەڵ ئەنجام بدەن. دەکرێت ئەم دایکانە تەنها بۆکاتی پێویستی بتوانن لەگەڵ منداڵەکانیان بن و کاتیان نەبێت لەگەڵ منداڵەکانیان بێت. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لەئەنجامی مەیدانیەوە دەرکەوتووە کارکردنی ژنان ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی دەرونی منداڵ چونکە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە شێوازی (چاودێریکردن و بەدواداچوون) دەگرنەبەر کە زادەی ئەو شێوازە پەروەردەیە متمانەبەخۆو ئەرێنی و چالاکن، ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پاراستنی سەلامەتی دەرونی منداڵدا هەروەها بەهۆی کارکردنی ژنانەوە سیفەتگەلێك لە منداڵدا دروستبووە کە ئەمەش دیسانەوە پشتیوانیەکی ترە بۆ دەروونندروستی منداڵ هەرچەندە ئامادەنەبونی نمونەکە لەماڵدا کاریگەری زۆر دروستدەکات لەسەر دەرونی منداڵ بەڵام ئەوەی کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر دەرونی منداڵ زۆری کاتژمێری کارکردنی ژنانە لە دەرەوەی ماڵە نەك خودی کارکرنەکە.

## ج-زانینی ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ

### 20- چاودێریکردنی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (20)

شوێنی چاودێریکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی کارکردنیاندادەردەخات

| شوێنی چاودێریکردنی منداڵان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هاوسەرەکەم | 27 | 18 |
| کەسێکی نزیك (دایکم) | 42 | 28 |
| دایەنگا و باخچە | 73 | 48.7 |
| کەسی تر | 8 | 5.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (20) ئاماژەیە بەو شوێنەی نمونەی توێژینەوەکە منداڵەکانیان لایان بە جێدەهێڵن، ئەم پرسیارە گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەو شوێنەی منداڵی تیا چاودێری دەکرێت کاریگەری لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی منداڵ هەیە. کاتێك منداڵ لە ژینگەیەکدایە هەست بە ئاسوودەیی و گرنگی پێدانی دەکات ئەوا زیاتر متمانەی بۆ دروست دەبێت زیاتر بەکۆمەڵایەتی دەبێت و توانای کارلێکی لەگەڵ دەوروبەری باشتر دەبێت. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە بە ڕێژەی (48.7) منداڵەکانیان لە دایەنگاو باخچەیە، وە ڕێژەی (28.0) ی نمونەی توێژینەوەکە لەلای کەسێکی نزیك وەك (دایك یا خەسوو) منداڵەکانیان چاودێری دەکرێت هەروەها ڕێژەی (18.0)ی نمونەی توێژینەوەکە منداڵەکانیان لەلای هاوسەرەکانیانە و تەنها ڕێژەی (5.3)ی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لەلایەن کەسی ترەوە چاودێری دەکرێن. لێرەوە دەردەکەوێت کە نمونەی توێژینەوەکان چەند ڕێگایەك دەگرنەبەر بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان پشت بەستن بە دایەنگاو باخچە لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کەسێکی نزیك نیە بۆئەوەی پشتی پێببەستن یا هەندێجاریش ژنان بڕوایان وایە دایەنگاو باخچە شوێنیکی گونجاوە بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە هاوسەرانیش لە ئێستادا بەشدارن لە چاودێریکردنی منداڵەکانیان کە ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکەی (ملیکە، 2004) یەکدەگرێتەوە کە باوکانیش ڕۆڵ دەبینن لە چاودێریکردن و گرنگیدان بە منداڵەکانیان بەدەر لەو باوەڕە تەقلیدیەی جاران کە ئەو ئەرکەیان تەنها لە ئەستۆی دایکانە دانابوو.

**21– چۆنیەتی گەیاندنی منداڵانی نمونەکە:**

خشتەی (21)

گەیاندنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە

| چۆنیەتی گەیاندن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆم | 66 | 53,6 |
| باوکی | 41 | 33,33 |
| بە ئۆتۆمبێلی تایبەت | 14 | 11.3 |
| هی تر | 2 | 1.62 |
| کۆی گشتی | 123 | 100 |

ئەم خشتەیە کە پاشکۆیە بۆخشتەی پێشوو ئەویش سەبارەت بە گەیاندنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکەیە بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستە منداڵەکانیانی تیا چاودێری بکرێت. زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە خۆیان واتە دایکەکان منداڵەکانیان دەگەیەنن کە ئەویش بە ڕێژەی

(53.3٪)ە، و ئەوانەی باوکیان دەیانگەیەنن بە ڕێژەی (33.33٪) هەوەها ئەوانەی بە ئوتۆمبێلی تایبەت دەگوێزرێنەوە بە ڕێژەی (11.3٪) و ئەو منداڵانەی کەسی تر دەیانگەێنێت تەنها بە ڕێژەی (1.62)یە. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەرکی گەیاندنی منداڵانیش زیاتر لە ئەستۆی نمونەی توێژینەوەکە خۆیەتی هەرچەندە باوکانیش تا ڕادەیەك هاوکارن لەم بەرپرسیاریەدا. لەلایەکی تریشەوە گەیاندنی منداڵان لەلایەن دایکیانەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروون و ڕەفتاری منداڵان دەبێت بەهۆی ئەو کاتەی دایك لەگەڵ منداڵەکەیەتی دەرفەتی زیاتری بۆ دەگونجێت بۆبەهێزکردنی پەیوەندیەکانی و گفتوگۆکردن و تێگەیشتن لە منداڵە کەی و پرسیار کردنی لەسەر کارەکانی ڕۆژانەی و دۆخی ئەو شوێنەی لێی بووە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵ و ئارستەکردنی و لە ڕووی دەرونیشەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

**22–پەیوەندی نێوان منداڵانی نمونەکە لەگەڵ باوکیان:**

خشتەی (22)

شێوازی پەیوەندی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بە باوکیانەوە دەردەخات

| شێوازی پەیوەندیەکە | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەهێزە | 108 | 72 |
| لاوازە | 9 | 6 |
| ئاساییە | 33 | 22 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (22) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان منداڵانی نمونەی توێژینەوەکەیە لەگەڵ باوکیاندا، زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە (72.0٪) پەیوەندیان بەهێزە لەگەڵ باوکیانە ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕۆڵی باوکایەتیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بە بەراورد بە جاران، لە ئێستادا باوك زیاتر نزیکە لە منداڵەکانی و کاتیان لەگەڵ بەسەر دەبات بەپێچەوانەی جاران کە باوك ڕەمزی دەسەلاَ ت و ترس بوو لای منداڵ، یەکێك لەو هۆکارانەی کە نمونەی توێژینەوەکان ئاماژەیان پێدابوو بۆ بەهێزی پەیوەندی نێوان باوك و منداڵ ئەوەیە کە یاری دەکەن پێکەوە، واتە یاریکردن بۆتە بە هێزی نێوان منداڵ و باوك چونکە یاری دەربڕینی وزە هێزی توانای خەیاڵی منداڵە لەڕێی جموجوڵی جەستەیەوە و بەشداریکردنی باوکیش لەم پرۆسەیە گرنگی و پاڵیشتی خۆی دەدات بە منداڵ چونکە منداڵ لە کاتی یاریکردندا خۆی وەك هەبوویەکی سەربەخۆ قبوڵ دەکات. هەروەها ڕێژەی (22٪) ی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە پەیوەندییان لەگەڵ باوکیان

ئاساییە لەبەرامبەر ئەمەدا تەنها ڕێژەی (6.0) منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە پەیوەندییان لاوازە لەگەڵ باوکیان. هۆکاری لاوازیەکەش بەهۆی نەبوونی کاتی باوکەکانە یا  لە بنەرەتدا هەندێ لەباوکان خولْقەتی  دواندن و گوێگرتنی  منداڵی نیە.

## 23– کاریگەریە ئەرێنیەکان لایەنی تر لە پەروەردەی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (23)

کاریگەریە ئەرێنیەکانی بەشداریکردنی لایەنی تر لە پەروەردەکردنی منداڵدا

| کاریگەرییە ئەرێنیەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئاسوودەیی دەرونی منداڵ | 35 | 23.3 |
| هێمنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ | 12 | 8 |
| پاراوی زمانی منداڵ | 68 | 45.3 |
| بەرزی متمانەبەخۆبونی منداڵ | 35 | 23.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (23) ئاماژەیە بە و لایەنانەی تر کە بەشداری دەکەن لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە، لایەنی تر ڕەنگە دایەنگا و باخچە یا کەسی نزیک بێت. سەرەتای پێنج ساڵی  تەمەنی منداڵ قۆناغێکی گرنگە، چونکە زۆر لە توانا سەرەکییەکان لەم تەمەنەدا وەردەگرێت کە کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تری تەمەنی هەیە لەژیاندا.هەڵبەتە دانانی منداڵیش لە لای کەسێکی تر هەندێ باری ئەرێنی و نەرێنیشی هەیە لەسەر پەروەردەو  دروست بوونی کەسێتی منداڵ. کاریگەرییە ئەرێنیەکان پێکهاتبوو لە (ئاسوودەی دەروون، هێمنی لە ڕەفتار، پاراوی لە زمان و بەرزی متمانە بە خۆبوون)ە لای منداڵ. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (45.3)ە کە پاراوی زمانی منداڵیان هەڵبژاردووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی منداڵان تێکەڵی خەڵکی تر دەبن وکارلێکیان لەگەڵ دەکەن و فێری شتی تازە دەبن هەروەك (پارسونز) دەریخستووە کە پەروەردەکردن پرۆسەی فێر بوونەو پشت بە ئامۆژگاری و  یەکبوون لەگەڵ چوارچێوە عەقڵی و سۆزداری و ئاکارییەکانە لای منداڵ، کە ئەم فێر بوونەش پشت بە تواناکانی  زمان دەبەستێت. بەبیرو ڕای زانایانی (کارلێکی هێمایی)یش بێت  مرۆڤ لە توانایدا هەیە کە چاکسازی لە خودی خویدا بکات و دارشتن و شێوەی ئەو واقعە کۆمەڵایەتیەی تیایدا دەژی

دەسکاری بکات ئەویش لەڕێی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیەوە و بە بەکارهێنانی هێماکان بەتایبەت زمان (لطفي و زيات،1999،ص126–128). چونکە زمان بە بنەمای دروستبوونی بیروبۆچوونی مرۆڤ دادەنرێت و لەبەرئەوەی منداڵیش لەو تەمەندا گەشەی زمانی بەهێزە و توانای بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان و بەستنەوەی هۆکار و دەرئەنجام هەیە کە ئەمانەش کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کەسێتی دەبێت بەوەی کە بتوانێت گۆڕانکاری بکات و بەرەنگاری سەختیەکانی ژیان ببێتەوە. هەروەها (ئاسوودەیی دەروون و بەرزی متمانە بەخۆبوون) دوو کاریگەری باشی ترن کە منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەستیان دەکەوێت بە ڕێژەی (23.3٪)یەکە هەریەك لە م سیفەتانە کاریگەری لەسەر و دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ دەوروبەر و گەشەکردنی کەسێتییەکی تەندروست بۆ منداڵ هەیە. تەنها ڕێژەی (8٪) ی نمونەکە پێناوایە کە هێمنی لە ڕەفتار ی کۆمەڵایەتی منداڵە دروست دەبێت.

### 24– کاریگەرییە نەرێنیەکانی لایەنی تر لە پەروەردەکردنی منداڵانی نمونەکە:

خشتەی (24)

کاریگەرییە نەرێنیەکانی بەشداریکردنی لایەنی تر لە پەروەردەکردنی منداڵانی نمونەکە دەردەخات

| کاریگەرییە نەرێنیەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| شڵەژانی دەرونی منداڵ | 35 | 23.3 |
| شەڕەنگێزی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ | 91 | 60.7 |
| سستی لە زمانی منداڵ | 7 | 4.7 |
| لاوازی متمانە بەخۆبوونی منداڵ | 17 | 11.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100.0 |

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بە و لایەنانەی تر کە بەشداری دەکەن لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە، لایەنی تر ڕەنگە دایەنگا و باخچە یا کەسی نزیك بێت. کاریگەرییە نەرێنیەکان پێکهاتبوو لە (شڵەژان دەروون، شەڕەنگێزی لە ڕەفتار، سستی لە زمان و لاوازی متمانە بە خۆبوون)ە لای منداڵ. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (60.7)یە ئاماژەیان بە شەڕەنگێزی لە ڕەفتارە کردووە ئەویش بەهۆی ئەوەی منداڵ کە لە تەمەنێکی بچوکدا تێکەڵی کەسی تر دەبێت و کارلێکیان لەگەڵ دەکات، بە شێوەیەکی سروشتی جموجوڵی زیاد دەکات و ڕەنگە هەندێ ڕەفتار یا ووشە وەربگرێت کە نەگونجاو بێت لەگەڵ ئەو پەروەردەیەیماڵەوەیەدا، چونکە منداڵ زوو تر فێری شت دەبێت و وەریدەگرێت بەبێ ئەوەی لێکدانەوەی بۆبکات کە باشە یا خراپە. وە ڕێژەی (23.3)ی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بە شڵەژانی دەرونی،

هەروەها لاوازی متمانە بەخۆبوون بە ڕێژەی (11.3) و سستی لە زماندا ڕێژەی (4.7)ی پێکهێناوە.

**25– کاتبەسەربردنی منداڵانی نمونەکە کاتێك لە ماڵەوەن:**

**خشتەی (25)**

**چۆنیەتی کات بەسەر بردنی منداڵانی نمونەی توێژیەوەکە دەردەخات**

| کات بەسەربردنی منداڵ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەیریکردنی تەلەفیزیۆن | 66 | 25.38 |
| یاریکردن بە ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان | 74 | 28.46 |
| یاریکردن لە کۆڵان | 30 | 11.54 |
| زیاتر لەگەڵ خۆمدایەو هەوڵدەدەم لێم نزیك بێت | 50 | 19.23 |
| یاریکردن بەتەنها | 40 | 15.38 |
| کۆی گشتی | 260 | 100 |

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بەکات بەسەر بردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کاتێك لە ماڵەوەن وەك دەردەکەوێت زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە رێژەی (28.46٪) کاتەکانیان بە یارییە ئەلەکترۆنیەکان بەسەر دەبەن، و ڕێژەی (25.38٪)ی منداڵانی نمونەکە کاتەکانیان بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەر دەبەن لە کاتێکدا ڕێژەی (19.23٪)ی منداڵان لەگەڵ دایکیانن و لێیان نزیکن هەروەها ڕێژەی (15.38٪)ی منداڵان یاری دەکەن بە تەنها و ڕێژەی ئەو منداڵانەی لە کۆڵان یاری دەکەن و کاتیان بەسەر دەبەن دەکاتە (11.54٪) ی توێژینەوەکە. هەڵبژاردنی یاریە ئەلیکترۆنیەکان و سەیرکردنی تەلەفزیۆن گەورەترین ڕێژەیە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی تردا لە کاتێکدا زۆربەی توێژینەوەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە نابێت منداڵانی تەمەن (2–5) ساڵان ڕۆژانە بەردەوام لەبەردەم شاشەدا بن جا ئیتر شاشەی ئایپاد، مۆبایل، یا تەلەفزیۆن بێت چونکە دواتر ئالودەبوون دروست دەکات لای منداڵ، ئالودەبوون بە ئامێرە زیرەکەکانەوە گەورەترین مەترسی لەسەر ژیانی منداڵ هەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی جەستە و دەرونی دەبێت. سەرەرای ئەوەش زیانی لەسەر قسەکردن و شێوازی خەو خواردن دەبێت جگە لەوەش کێشەی جوڵەی بۆ دروست دەبێت چونکە جوڵەی کەم و بەردەوام دانیشتن دەبێتە هۆی قەڵەوی و زیان بە ئەندامەکانی تری جەستەی دەکەوێت وەك چاو ومل و پشت و منداڵ بەهۆی ئەم ئامێرە زیرەکانەوە لاواز دەبێت لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە و گۆشەگیر دەبێت و

حەزی بە هاوڕێیەتی و کارلێکی ئەوانی تر نامێنێت. لەوەش زیاتر منداڵ فێری ڕەفتاری توندوتیژی دەبێت بەتایبەت کە سەیری فلیمێك یا یارییەك بکات کە توندو تیژی تیابێت.

## 26- رای نمونەی لەسەر جیاوازی رەفتاری منداڵەکانیان:

خشتەی (26)

رای نمونەی توێژینەوەکە

| وەڵامەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 97 | 64.7 |
| نەخێر | 53 | 35.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (26) ئاماژەیە بە هەڵوێستی نمونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵانێك کە دایکیان کارناکات، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە ڕێژەی (64٪) پێیانوایە کە رەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان جیاوازە لەو منداڵانەی کە دایکیان کارناکات لە دەرەوەی ماڵ، لە کاتێکدا ڕێژەی (35.3)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کە جیاوازی نیە لە نێوان رەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی دایکیان  کارناکات لە دەرەوەی ماڵ. کەواتە بەپێی رای نمونەکە بێت ئەوا منداڵانی ئەو ژنانەی کە کاردەکەن لە دەرەوە رەفتاری کۆمەڵایەتیان جیاوازە لەو منداڵانەی دایکیان ژنی ماڵەوەیە.

## 27- هۆکاری جیاوازی ڕەفتاری منداڵەکانیان:

خشتەی (27)

هۆکاری جیاوازی رەفتاری منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| هۆکاری جیاوازی رەفتاری منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرزی متمانە بەخۆبوونی منداڵەکەم | 31 | 32 |
| چالاکی و جوڵەی زۆری منداڵەکەم | 25 | 26 |
| بەهێزی پەیوەندی نێوان خۆم و منداڵەکەم | 30 | 31 |
| پاراوی زمانی منداڵەکەم | 11 | 11 |
| کۆی گشتی | 97 | 100.0 |

ئەم خشتەیە پاشکۆی خشتەی پێشووە، کاتێك نمونەی توێژینەوەکە رایان وابوو کە منداڵەکانیان ڕەفتاری کۆمەڵایەتیان جیاوازە لەو منداڵانەی کە دایکیان کار ناکات ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی لەوانە کە زۆرینەیان ئاماژەیان پێدابووبە ڕێژەی (32٪) بەرزی متمانە بەخۆبوونە لای منداڵەکانیان کە یەکێکە لە سیفاتە ئەرێنیەکانی کەسێتیەکی گەشبین و هۆکارێکە بۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەر کەئەمەش بەهۆی ئەوەیەیە کاتێك نمونەی توێژینەوەکە کاردەکات لە دەرەوەی ماڵ منداڵەکانی زیاتر پشت بە خۆیان دەبەستن لە جێبەجیکردنی کاری ڕۆژانەیاندا، واتە باوەڕیان بە تواناو لێهاتوویەکانی خۆیان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و و لەم سیفەتەدا جیاوازییان هەیە لەو منداڵانەی کە دایکیان کارناکات. هەروەها هۆکارێکی تری جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەهێزی پەیوەندی نێوان نمونەی توێژینەوەکە و منداڵەکانیەتی بە ڕێژەی (31٪)ە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایکێك کاردەکات چەند کاتژمێرێك لە دەرەوە و لەگەڵ منداڵەکەی نییە بۆیە زۆر لە دایکان هەست بە ئازاری ویژدان دەکەن هەوڵدەدەن ئەو ماوەیە بۆ منداڵەکانیان قەرەبوو بکەنەوەو زیاتر لێان نزیك بن و نازیان زیاتر پێبدەن بەمەش پەیوەندیان بەهێزتر دەبێت وەك لە دایکێك کە بەردەوام لە ماڵەوەیەو لەگەڵ منداڵەکەیەتی.و ڕێژەی (26٪)ی نمونەی توێژینەوەکە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ چالاکی و جوڵەی منداڵەکانیان بە واتەی ئەوەی منداڵێك کە دایکی کار دەکات چالاکی و جوڵەی زیاترە لە منداڵێك کە دایکی کار ناکات. لێرەدا لەگەڵ توێژیەوەکەی (سونالی اگەروال –2016) یەکدەگرینەوە کە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی ئەو منداڵانەی دایکیان کار دەکەن زیاتر چالاکترن و زیاتر سەربەخۆن وپشت بە خۆیان دەبەستن لەو منداڵانەی کە دایکیان لە ماڵەوەیە چونکە کاتێك ئەو منداڵانەی دایکیان لە ماڵەوەیە زیاتر پشت بەوان دەبەستن و کەمترچالاك دەبن و ڕێژەی (11٪) ی نمونەکە پێیانوایە کە پاراوی زمانی منداڵەکانیان هۆکارە بۆ ئەو جیاوازیەی نێوان منداڵێك کە دایکیان کار دەکات لەگەڵ ئەوانەی دایکیان لە ماڵەوەیە.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کارکردنی ژنان لە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵدا بە هەردوو شێوەکە ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ژنان بەهۆی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ ناچارن کەس ولایەنی تری وەك دامەزراوەکان هاوکاریان بکەن لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کەئەمەش وەك ڕونکرایەوە لەئەنجامی مەیدانیەوە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە هەروەها زۆری کاتژمێری کارکردنی ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیان زیاتر کاتەکانیان لەبەردەم تەلەفزیۆن و یارییە ئەلیکترۆنیەکان بەسەر بەرن لەکاتێکدا لە ماڵەوەن. واتە تا کاتژمێری کارکردنی ژنان زۆر بێت ئەوا منداڵەکانیان لەماڵەوەزیاتر هۆگری ئەو ئامێرانە دەبن و بەکاریان دەهێنن چونکە تا ژنان کاتی زیاتر لەدەرەوە بمێننەوە ئەوا دەرفەتی پێکەوە بوون و کات بەسەربردنیان کەمتر دەبێتەوە لەگەڵ منداڵەکانیان و کاتێکیش دێنەوە ماڵ هیلاك و ماندون و ناتوانن چالاك بن لەگەڵ منداڵەکانیان.

لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکە لە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستییە،و کاتژمێری کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ لە نێوان (5–6) کاتژمێرە، ئەم کاتەش تا ڕادەیەك گونجاوە بۆ ئەوەی کە ژنانی فەرمانبەری ئەم دوو کەرتە ڕۆڵی ئەرێنیان هەبێت لە پەروەردەکردن و گەشەکردنی منداڵەکانیاندا.

## 28– پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەکە:

خشتەی (28)

پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| پاڵنەرەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەستکەوتی ماددی | 25 | 16.7 |
| سەلماندنی خود | 9 | 6 |
| بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیم | 3 | 2 |
| بۆدەروون دروستی خۆم | 6 | 4 |
| هەموویان | 107 | 71.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

خشتەی (28) ئاماژە بە پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەکات، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەیان (71.3٪) هۆکارەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ هەموو پاڵنەرەکان، بەواتەی ئەوەی تەنها پاڵنەرێك نیە لە پشت کارکردنیانەوە بە ڵکو چەند پاڵنەریکە وەك (دەستکەوتی ماددی، سەلماندنی خود،بەرزبونەوەی پێگە، دەروون دروستی خۆیان)،لە بەرامبەر ئەمەدا ڕێژەی (16.7)ی نمونەی توێژینەوەکە تەنها بۆ دەسکەوتی ماددیان گێڕاوەتەوە، واتە ئەمان باوەڕیان وایە کە ژنان دەیانەوێت خاوەن ئابوریەکی سەربەخۆبن وە لە هەمان کاتدا بوون و توانای خۆیان وەك ژن بسەلمێنن، چونکە سەربەخۆبون لە ڕووی ئابوریەوە و ڕێخۆشکەرە بۆ سەربەخۆبوون لە ڕووی کەسێتیشەوە. هەر بۆیە لە هۆکاری (سەلماندنی خود) ڕێژەی (6٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، هەروەها پاڵنەرێکی تری نمونەی توێژینەوەکە بۆ دەروون دروستی (4٪ )یە، لەکاتێکدا بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی بەڕێژەی (2٪)ی نمونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە هەموو هۆکارەکان دەگرێتەوە چ (ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەرونی) بێت چونکە بە پڕکردنەوەی ئەو لایانانە لە ژیانی مرۆڤدا چێژی سەرکەوتن دەکات. لەم ئەنجامەوە هاوڕا دەبینەوە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکەی ( عبدالفتاح،1984) کە

سەلماندوویەتی کارکردنی ژن دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی کە پەیوەندی هەیە بە گرنگی و پێگەی ژن و هەست کردن بە بوونی خودی خۆی.

## 29- بەشداری نمونەکە لە بڕیاردانە:

خشتەی (29)

بەشداریکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە بڕیاردان لە ناو خێزاندا دەردەخات

| ڕێژەی بەشداریکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 131 | 87.3 |
| کەم | 17 | 11.3 |
| بەشداری ناکەم | 2 | 1.3 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی (87.٪)ە، بەشداری بڕیاردان دەکەن لە چوارچێوەی خێزاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی کە ژنەکانیان کاردەکەن تاڕادەیەك دۆخێکی دیموکراسیان تێدا دەگوزەرێنێت و بڕیاردان لە بەرژەوەندی گشت ئەندامانی خێزان دەردەکرێت، نەك تەنها ئەو بڕیارانە لەلایەن ئەندامێکی خێزانەوە دەربچێت و ئەوانی تر گوێڕایەڵی بن بەبێ ووتوو وێژ، ئەوانەی کە وەڵامیان بە کەم داوەتەوە ڕێژەی (11.3٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن بەواتای ئەوەی مەرج نییە هەرکات ژن کاری هەبێت توانای بەشداری بوونی بڕیاردانی هەبێت لە چوارچێوەی خێزاندا، ڕێژەی (1.3٪) لە نمونەی توێژینەوەکە بەشداری ناکەن لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ هەردوو توێژینەوەکەی (عزیز،1981) و (عبدالله،1982) یەکدەگرینەوە لەوەی ئەو ژنانەی کارێك دەکەن لە دەرەوەی ماڵ بەشدارن لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا و توانای بەرپرسیارێتان هەیە.

## 30– هۆکاری بەشداری نمونەکە لە بڕیادانە:

پاشکۆی خشتەی (30)

هۆکاری بەشداریکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزان دەردەخات

| هۆکاری بەشداریکردن لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بە هۆی بونی ئابوری سەربەخۆ | 6 | 4 |
| بە هۆیوشیاری و تێگەیشتنم لەگەڵ هاوسەرەکەم | 86 | 66 |
| بە هۆی بەهێزی کەسێتی خۆمەوە | 17 | 13 |
| بەهۆی لێهاتوی و بوێریم لە بڕیاردانە | 22 | 17 |
| کۆی گشتی | 131 | 100 |

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بە پاشکۆی خشتەی (29) کە لە ئەنجامی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بۆ هۆکاری بەشداریکردنیان لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ووشیاری و لێك تێگەیشتنیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان کە ئەویش ڕێژەی (66٪) پێکدێنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان و ڕێزگرتننیان لە بیرو بۆچوونی یەکتر،کە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری هاوسەران ڕۆڵیکی گەورە دەبینێت لەم ئاستەدا، تا چەند تەبایی و هاوڕایی هەبێت لە خێزاندا ئەوندە زیاتر کار لە جێگیری و هاوبەندی خێزان دەکات کە ئەمەش دواجا کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەو کەسێتی منداڵ چونکە دروستکردنی کەشێکی ئارام و هاوسەنگ لەناو خێزاندا گرنگی هەیە لە ژیانی منداڵدا. هەروەها ڕێژەی (17٪) ی نمونەی توێژینەوەکە هۆکاری بڕیادانیان لە ناو خێزاند دەگەڕێننەوە بۆ لێهاتووی و بوێری خۆیان لە بڕیاردانە چونکە کاتێك ژن خاوەنی مووچە و داهاتێکی سەربەخۆی خۆیەتی زیاتر لێهاتووە و بوێرە لە بڕیاردانە، و بە مافی خۆی دەزانێت کە بڕیار بدات، و ئەوانەی کە بەهۆی بەهێزی کەسێتی خۆیانەوە بڕیار دەدەن بە ڕێژەی (13٪)ی نمونەکە پێکدێنێت، ڕێژەیەکی کەم کە (4٪) لە نمونەکە ئاماژەیان بە بوونی ئابوری سەربەخۆداوە کە هۆکار بێت بۆ بڕیاردانیان لە چوارچێوەی خێزاندا.

## 31– کێشەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

خشتەی (31)

کێشەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەبەرئەنجامی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ

| ز | جۆری کێشەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کێشەی پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵەکانم | 172 | 28.67 |
| 2 | کێشەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەم | 160 | 26.67 |
| 3 | کێشەی نێوان خۆم و هاوسەرەرکەم | 713 | 22.83 |
| 4 | کێشەی ململانێی ڕۆڵەکان | 113 | 21.83 |
| کۆی گشتی | | 600 | 100 |

خشتەی (31) ئاماژەیە بە جۆری ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی نمونەی توێژینەوەکە دەبنەوە بە هۆی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ، پرسیارەکە بە شێوەی پلەبەندی ئاراستەکراوە بەواتەی ئەوەی کە کام کێشە زیاتر لە کێشەکانی تر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. وەك دەردەکەوێت لە خشتەکەدا کێشەی پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵەکانیان بە پلەی یەکەم دیاریکراوە کە بە ڕێژەی (28.67٪)پێکدێت، لە کاتێکدا کێشەی کێشەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەیان بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (26.67٪)پێکدێت، و بە پلەی سێیەم کێشەی نێوان نمونەی توێژینەوەکە و هاوسەرەکانیان بە رێژەی (22.83) پێکدێت، بەلأم کێشەی ململانێی ڕۆڵەکان بە پلەی چوارەم بە ڕێژەی (21.83)پێکدێت. زۆرترین کێشەی نمونەکە لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکانیاندایە ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵانی نمونەکە تەمەنیان لە نێوان (2–5) ساڵاندایە و ئەو تەمەنەش لە ژیانی منداڵدا هەستیارترین تەمەنە کە پێویستی بە گرنگی پێدان و چاودێریکردنیەتی لە خەو خواردن و پاکڕاگرتنی سەرەرای ئەوەی لەم تەمەندا زیاتر پێویستی بەکات بەسەر بردن ویاریکردنە لەگەڵیدا کەئەمانەش دەبنە ئەرك لەسەر نمونەی توێژینەوەکە لە کاتێکدا ئەوان کار دەکەن لە دەرەوە و دێنەوە ماڵ بە هیلاکی و ماندووی ڕۆژەکەیان بەو کارانە تەواو بکەن. جگە لەمانەش هۆکارێکی تر کە هەمیشە بیرو هزری ژنانی ئیشکەری سەرقاڵکردووە ئەوەیە کە منداڵەکانیان لە چ شوێنێك دابنێن کاتێك دەچنە سەر کارەکانیان چونکە بۆ ئەوان گرنگە کە ئەو شوێنەی چاودێری منداڵەکانیان تیادەکرێت دڵنیایی و سەلامەتی هەبێت دواجار ئەمانە هەمووی دەبنە بار بەسەر شانی ژنەوەو بەردەوام لە دوودڵی وناجێگیری دەرونیدا دەبێت هەتا ئەو کاتەی منداڵەکەی گەورە دەبێت. هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە کێشەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەی بۆ دروست بێت چونکە نمونەی

توێژینەوەکە لە دوای کێشەی پەروەردە چاودێریکردنی منداڵەکانی، کێشەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەی بە دووەم کێشە داناوە کە ئەمەش لەگەڵ ئەنجامەکەی (عبدالله، 1982) یەکدەگرێتەوە کە کێشەکانی تری کاریگەری دەکاتە سەر کارە پیشەییەکەی.ئەوەی جێگەی سەرنجە کێشەی ململانێی ڕۆڵەکانە کە لەلایەن نمونەکەوە بە پلەی چوارەم دیاریکراوە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە کێشەکانی تر زیاتر کاریگەری دروستکردووە لە سەر ژیانی نمونەی توێژینەوەکە وەك لە کێشەی ململانێی ڕۆڵەکان.

**32–هاوسەنگکردن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانی نمونەکە:**

خشتەی (32)

هاوسەنگکردن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| وەڵامەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 110 | 73.3 |
| کەم | 24 | 16.0 |
| بەدەگمەنی | 16 | 10.7 |
| کۆی گشتی | 150 | 100 |

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بەوەی کە تا چەند نمونەی توێژینەوەکە توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان کاری پیشەییان و ژیانی خێزانی و هاوسەرییان. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (73.3) بە شێوەیەکی زۆر توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان کارەکەیان و ژیانی خێزانییاندا لەبەرئەوەی ژن لە ناو خێزاندا توانای بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتی هەیە هەربۆیە کاتێکیش لە دەرەوە کاردەکات بەهۆی ئەو

بیروباوەرەی بەخۆی هەیەتی، دەتوانێت بەباشترین شێوە هەوڵبدات ئەو هاوسەنگیە ڕابگرێت لە نێوان ماڵ و دەرەوەی ماڵیشەوە. و ڕێژەی (16,0) بە شێوەیەکی کەم توانویانە هاوسەنگی ڕابگرن لە کاتێکدا ڕێژەی (10.7٪)ی نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی دەگمەنی توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان ژیانی کار و ژیانی خێزانییدا.

### 33- هۆكاری ناهاوسەنگی لای نمونەكە:

خشتەی (33)

هۆکاری نا هاوسەنگڕاگرتن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانی دەردەخات

| ز | هۆکاری نا هاوسەنگڕاگرتن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نەبوونی گیانی هاوکاری لەلایەن هاوسەرەکانەوە | 3 | 18.75 |
| 2 | لاوازی ئاستی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێشەکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان | 13 | 81.25 |
| | کۆی گشتی | 16 | 100 |

ئەو خشتەیە کە پاشکۆیە بۆ خشتەی ژمارە (32) سەبارەت بەوەی ئەو ژنانەی نمونەکە کە نەیانتوانیوە هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانیدا، هۆکارەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ چەند شتێك، لەوانە کە زۆرترین ڕێژە (81.25٪)یە بۆ لاوازی ئاستی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان دە گێڕننەوە و بە ڕێژەی (18.75)ی نمونەکە هۆکارەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی گیانی هاوکاری لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە.

### 34- دەسکەوتەكانی كاركردن:

خشتەی (34)

دەسکەوتەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| دەستکەوتەکانی کارکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ماددی | 16 | 10.7 |
| مەعنەوی | 2 | 1.3 |
| هەردووکیان | 132 | 88.0 |
| کۆی گشتی | 150 | 100.0 |

خشتەی (34) ئاماژەیە بەو دەسکەوتانەی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیان کەوتووە لە بەرئەنجامی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان داوە بە هەردوو دەسکەوتەکە بە ڕێژەی (88٪)، چونکە کارکردن هۆکارێکە هەم بۆبوژانەوەی باری ئابوری و هەم بۆئاسوودەیی لایەنی مەعنەوی،

هەرچەندە ڕێژەی (10,7) ی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بە دەسکەوتی ماددی و ڕێژەی (1.3)ی نمونەکەش بە دەسکەوتی مەعنەوی، بەلأم دیارە کە کارکردن لە دەرەوەی مالّ هەردوو دەسکەوتەکە فەراهەم دەهێنێت بۆ ژن چ ماددی بێت یا مەعنەوی.

**ئەنجامی ئامانجی دووەم: دیاریکردنی بەهێزترین هۆکار لە ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی مندالّ لە ڕێگەی پۆلێنکردنی بڕگەکانی توێژینەوەکەوە. وەك لە خشتەی (35)دا دەردەکەوێت:**

خشتەی(   ) تایبەت بە هێزی بڕگەکانی *وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | هێزی بڕگە | ئاستەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی منداڵان. | 2.98 | بەهێزە |
| 2 | نان خواردنی بەیانیانی منداڵان. | 2.58 | بەهێزە |
| 3 | کاتی خواردنی منداڵان. | 2.13 | ناوەندە |
| 4 | چۆنیەتی خەوی منداڵان. | 2.84 | بەهێزە |
| 5 | ئامادەکردنی ژەمەخواردنی منداڵان. | 2.35 | بەهێزە |
| 6 | شێوازکانی پەروەردەکردنی مناڵان. | 2.88 | بەهێزە |
| 7 | رای نمونەکە لەسەر ئامادەنەبونی دایك لەماڵەوەو کاریگەری لەسەر منداڵ. | 2.36 | بەهێزە |
| 8 | رەنگدانەوەی کارکردن لەسەر پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك | 1.58 | لاوازە |
| 9 | دروستبونی سیفەتەکان لەبەرئەنجامی کارکردنی دایکەوە. | 2.83 | بەهێزە |
| 10 | شێوازی کات تەرخانکردن لەگەڵ منداڵەکان. | 2.56 | بەهێزە |
| 11 | شوێنی چاودێریکردنی منداڵان. | 2.58 | بەهێزە |
| 12 | چۆنیەتی گەیاندنی مناڵان بۆ شوێنی چاودێریکردن. | 3.5 | بەهێزە |
| 13 | پەیوەندی منداڵان بە باوکیانەوە. | 2.5 | بەهێزە |
| 14 | کاریگەریە ئەرێنیەکانی بەشداری کەسی تر لە پەروەردەی مناڵ. | 2.31 | ناوەندە |
| 15 | کاریگەریە نەرێنیەکانی بەشداری کەسی تر لە پەروەردەی مناڵ. | 2.96 | بەهێزە |
| 16 | چۆنیەتی کاتبەسەربردنی منداڵان. | 3.29 | ناوەندە |
| 17 | هۆکاری جیاوازی رەفتاری منداڵان. | 2.78 | ناوەندە |
| 18 | پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەکە. | 1.92 | لاوازە |
| 19 | بەشداریکردنی نمونەکە لە بڕیاردان لەناو خێزان. | 2.86 | بەهێزە |
| 20 | هۆکاری بەشداریکردنەکە. | 2.58 | بەهێزە |
| 22 | هاوسەنگکردن لە نێوان ژیانی خێزانی و کاردا. | 2.62 | بەهێزە |
| 23 | هۆکاری هاوسەنگ ڕانەگرتن لە نێوان ژیانی خێزانی و کاردا. | 1.37 | لاوازە |
| 24 | دەسکەوتەکانی کارکردنی نمونەکە. | 1.22 | لاوازە |

لە کۆی (23) بڕگە(16) ئاماژەدارە .....

* - ریگای (The Weighted Mean) بۆ پۆلین ودەرکردنی هێزی برگە کاتێک کە ئەلتەرناتیڤیەکان بێوەرمەکە سێیانی بێت.

| 3 - 2.34 | 2.33 - 1.67 | 1.66 – 1 |
|---|---|---|
| بەهێزە | ناوەندە | لاوازە |

ئاماژەدارە ← → ئاماژەدارنییە

خشتەی (35) سەبارەت بە ئامانجی دووەمە بە پشتبەستن بە ئامرازی ئاماری ناوەندی سەنگکراو، ناوەندی سەنگکراو ئامرازێکی بەهێزە بۆ دەرکردنی کێشی هەر بڕگەیەك لەناو پێوەردا. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی هەموو ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە دەردەکەین بەشتبەستن بەم ئاستانەی خوارەوە:

هەروەك ئاماژەی پێدرابوو لە دیدی نمونەی توێژینەوەکەوە کە بەکێشی(2.98) هاتووە هەڵدەستن بەئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی منداڵەکانیان و نان خواردنی بەیانیانی منداڵانی نمونەکە لە کاتی خۆیدا بەکێشی (2.58) کاتی خەوی منداڵان لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە خۆیدا بە کێشی (2.84) وە ئامادەکردنی لە ژەمە خواردنی خێزانی بە کێشی (2.35) هاتووە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی نمونەکە بەهۆی کارکردنیان لەدەرەوەی ماڵ تووشی کەمتەرخەمی نەبوون لەچاودێری تەندروستی و ئاگاداربوونیان لە خەو و خواردنی منداڵەکانیان ئەمەش ئاماژەیەی بەوەی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لەدەرەوەی ماڵ کاریگەری لەسەر گەشەی جەستەی منداڵ دروست نەکردووە.

سەبارەت بە شێوازەکانی پەروەردەکردن لە دیدی نمونەکەوە بە کێشی (2.88) هاتووە. شێوازەکانی پەروەردەکردن گرنگی زۆری لەسەر دروستبوونی کەسێتی منداڵ هەیە چونکە ئەو شێوازەی دایباب دەیگرێتەبەر لەپەروەردەی منداڵەکانی بناغەی بیناکردنی کەسێتیەکی تەندروستە لەنێو کۆمەڵگا. و سەبارەت بەڕای نمونەی توێژینەوەکە لەسەر ئامادەنەبوونی دایك لەماڵەوە کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ بە کێشی(2.36) هاتووە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە نمونەکە ڕای وایە زۆری کاتژمێری کارکردن کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵ دروستدەکات. ئەمە لە کاتێکدا کارکردنی نمونەکە خۆی کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان خۆی و منداڵەکەی دروست نەبووە و بە کێشی (1.58)هاتووە بەڵکو کاریگەریەکە زیاتر لەسەر خودی خۆی نمونەکە دروستبووە کە بۆتە هۆی نەمانی ئارامێتی و هیلاکی بەرامبەر بە منداڵەکانی.

سەبارەت بەدروستبوونی سیفەتە ئەرینیەکان لە کەسێتی منداڵدا لەبەرئەنجامی دایکیانەوە، پێمان وایە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کارکردنی دایك و سیفەتە ئەرێنیەکان هەیە کە بەکێشی (2.83) هاتووە چونکە ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکەن زیاتر پشت بەخۆبەستوو بە کۆمەڵایەتین. وێڕای ئەوەش سەبارەت بەدابینکردنی کات لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە لەگەڵ منداڵەکانیان بەکێشی (2.56) هاتووە لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکە لەهەردو کەرتی پەروەردەو تەندروستی کاردەکەن زۆری کاتژمێری کارکردنیان لە ڕۆژێکدا لەنێوان (5−6) کاتژمێرە ئەوا تاڕادەیەك کاتی گونجاویان هەیە بۆ تەرخانکردن و کات بەسەربردن لەگەڵ منداڵەکانیان ژونکە دابینکردنی کات و یاریکردن لەگەڵ منداڵدا دەبێتەهۆی لێك نزیك بونەوە و فروانبوونی بازنەی گفتوگۆکردن و لێك تێگەیشتنی نێوان منداڵ و دایباب. کات بەسەربردن لەگەڵ

منداڵ جگە لەفێربوونی ئەزمونەکانی ژیان ئەوا چێژو خۆشیەکانیش دەبەخشنە یەکتر. هەروەها بەشوێنی چاودێریکردنی نمونەکە بەکێشی (2.58) هاتووە و چۆنیەتی گەیاندنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ شوێنی چاودێریکردن بەکێشی (3.5) هاتووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە منالآنی نمونەکە کاتێك دەبرێنە شوێنی چاودێریکردن زیاتر ئەرکەکە لەئەستۆی دایکەکە خۆیدایە لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان منداڵ بەباوکیشیەوە پەیوەندییەکی بەهێزەو بەکێشی (2.5) هاتووە. دەربارەی کاریگەرە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەشداریکردنی کەسانی تر لەپەروەردە و چاودێریکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەکێشی(2.31) و (2.96) هاتووە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەشداری لایەن و کەسانی تر لەچاودێری و پەروەردەی منداڵ چەندە کاریگەری ئەرێنی هەبێت هێندە کاریگەری نەرێنی دەبێت. هەروەها بۆمان دەردەکەوێت لەشێوازی کات بەسەربردنی منداڵانی نمونەکە کە بەکێشی (3.29) هاتووە زۆرینەی کاتەکانیان منداڵەکان لەگەڵ دایکەکان خۆیاندان و کاتێکی زۆریش بەیاری ئەلکترۆنیەکان بەسەردەبەن. بەهۆی ئەو گۆرانکاری و پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە ئەوا هۆکارەکانی یاریکردن و کات بەسەر بردنی منداڵانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەسەردەمی ڕابردوودا منداڵان زیاتر کاتەکانیان لە یاریکردن لە کۆڵان بەسەر دەبرد و تێکەڵ بە خەڵك و هاوڕێ دەبوو ئەزموونەکان فێر دەبوو، وەلێ هەندێ خراپ و هەندێ باش دواتر ئەمانە هەموو دەبوونە بەشێك لە پەروەردەکردنی منداڵان هەرچەندە ئەمڕۆ چیدی منداڵان ئەزموونەکان لە خەڵك فێرنابن بەڵکو لە شاشەی ئایپا د وتەلەفزیۆن و مۆبایلەکانەوە، زمانیان زمانی ئینتەرنێت و کارلێککردنیان لەگەڵ ئامێری بێگیان و بێ رۆحدایە، کە ئەمانە دواجار دەبنە هۆی دروستبوونی کەسێتی گۆشەگیر و نامۆ، نامۆ بە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریەتی، کلتوری ئینتەرنێت هەڵدەستێت بە دروستکردنی جیهانێکی تایبەت بە منداڵان کە ئەمەش مانای هۆگری بە ئینتەرنێتەوە دروستدەکات بە واتای نەمانی کۆنترۆڵ بەسەر هەستی خۆیاندا، تێکچونی پەیوەندی نێوان خۆیان بە خودی خۆیان و لەگەڵ کۆمەڵگە تا وایان لێدێت لە دونیایەکی خەیاڵیدا بژین نەك واقعی،هەروەها لە توانایاندا نەبێت ڕەخنەی خودی خۆیان بکەن. (رشوان،2006،ص27). لەبارەی جیاوازی ڕەفتاری منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەو منداڵانەی دایکیان کارناکات بەکێشی (2.78) هاتووە ئەمەش هۆکارەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە منداڵی ئەوانەی کاردەکەن لەدەرەوەی ماڵ متمانەی زیاتریان بەخۆیان هەیە و توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ کەسی تر زیاترە کەئەمانەش سیفەتە ئەرێنیەکانی کەسایەتیە سەرکەتووەکانن کەلەبرئەنجامی کارکردنی دایکەوەیە لەدەرەوەی ماڵ. هەروەها لەبڕگەکانی پەیوەندی بەکارکردنی ژنانەوە هەیە بۆمان دەردەکەوێت کەبەشداریکردنی نمونەکە لەبڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا بەهێزە کە بەکێشی (2.86) هاتووە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ئەو ژنانەی کاردەکەن بەهۆی ئەو ئابوریە سەربەخۆیەی هەیانە و

ئەو ڕێزو لێتێگەیشتنەی لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا بۆتەهۆی ئەوەی بەشداربن لەبڕیاردان ئەمەش بەکێشی ($2.58$) هاتووە و بە کێشێکی بەهێز دادەنرێت.

سەبارەت بەهاوسەنگڕاگرتنی ژنی نمونەی توێژینەوەکە لە نێوان ژیانی خێزانی و ژیانی کاردا ئەوا بەکێشی($2.62$) هاتووە کەئەمەش ئاماژەیە بەوەی نمونەی توێژینەوەکە توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان ژیانی خێزانی و کارەکانیاندا سەرەڕای ئەو ئەرکانەی لەسەرشانیانە، هەروەها هۆکاری هاوسەنگ ڕانەگرتن لەلایەن هەندێك لە نمونەی توێژینەوەکە بەکێشی ($1.37$) هاتووە کە کێشێکی لاوازە. سەبارەت بەپاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەکێشی ($1.92$) هاتووە کە کێشێکی لاوازە چونکە کۆمەڵێك پاڵنەر هۆکارە بۆ کارکردنی نمونەکە نەك تەنها هۆکارێك، ناتوانرێت دەسکەوتی مادی یا سەلماندنی خود یا بەرزبونەوەی پێگە بەتەنها هۆکار دابنرێت چونکە ئەمانە هەموو پێکەوە بەچەشنێك پاڵنەردەبن بۆ کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ. هەروەها دەستکەوتەکانی کارکردنی نمونەکە کە کێشەکەی لاوازە بریتیە لە ($1.22$) سەیری خشتە ($35$) بکە.

## باسی سێیەم/ ئەنجام ودەرئەنجامی توێژینەوەکە

### یەکەم: ئەنجامی توێژینەوەکە:

1. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە ڕێژەی (32.7) تەمەنیان لە نێوان (30–34)ساڵیدایە.

2. زۆرترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە دەرچووی پەیمانگاکانن بە ڕێژەی (42.7٪)ی پێکهاتووە.

3. زۆرترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواری هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە دەرچووی پەیمانگاکانن بە ڕێژەی (40٪)ی پێکهاتووە.

4. زۆرترین ڕێژە لە نمونەکە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (500–999) دیناردایە.

5. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە ڕێژەی (50٪)ی پێکهێناوە جۆری نیشتەجێبوونیان موڵکە.

6. ژمارەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (50.7٪)ی خاوەنی دوو منداڵن.

7. ڕیزبەندی زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (42.7٪) لەناو خێزاندا دووەم منداڵن.

8. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (40٪) کاتژمێری کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ لە ڕۆژێکدا (6)کاتژمێرە.

9. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (82٪) بە پێی پێوسیت پشکنینی ساڵانەی تەندروستی بۆ منداڵەکانیان ئەنجامدەدەن.

10. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (64.7٪) منداڵەکانیان نانی بەیانی لە ماڵەوە دەخۆن.

11. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (52٪) منداڵەکانیان زیاتر لەگەڵ خۆیان نان دەخۆن.

12. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (90.7٪) منداڵەکانیان زیاتر لەگەڵ خۆیان دەخەون.

13. زۆرترین ڕێژە لە نمونەکە کە دەکاتە (67.3) لەکاتی ئامادەکردنی ژەمەخواردنی خێزانیدا ڕۆژانە ئامادەی دەکات.

14. ڕێژەی (55٪)ی نمونەی توێژینەوەکە ڕایانوایە بە هۆی کارەکەیانەوە توشی کەمتەرخەمی نەبوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان.

15. زۆرترین ڕێژە لە نمونەکە کە دەکاتە (28٪) لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا پشت بە شێوازی (چاودێریکردن و بەدواداچوون) دەبەستن.

16. بە بۆچوونی زۆرینەی نمونەکە کە ڕێژەی (49.3)ە، ئامادەنەبوونی دایك لەماڵەوە لە نیوەی ڕۆژەکە زیاتر کاریگەری لەسەر دەرونی منداڵ دەبێت.

17. بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (68٪)ی نمونەی توێژینەوەکە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی نەمانی ئارامێتیان بەرامبەر بە منداڵەکانیان.

18. بەڕێژەی (30.7٪)ی نمونەکە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی دروست بوونی سیفەتەکانی وەك (پشتبەخۆبەستن و بەکۆمەڵایەتیبوون) لە منداڵەکانیان.

19. بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (63.3٪)ی نمونەی توێژینەوەکە شێوازی کاتبەسەر بردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان ئەوەیە کە هەموو کاتە بەتاڵەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیاندان.

20. زۆرترین ڕێژە لە نمونەکە کە دەکاتە (48.7٪)ی توێژینەوەکە بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان پشت بە دایەنگاو باخچەکان دەبەستن.

21. زۆرترین ڕێژە لە نمونەکە کە دەکاتە (62٪) خۆیان منداڵەکانیان دەبەنە باخچە و دایەنگاکان.

22. زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە (72٪)ی توێژینەوەکە پەیوەندیان لەگەڵ باوکیان بەهێزە.

23. بە بۆچوونی زۆرینەی نمونەکە کە ڕێژەی (45.3)ە، کاریگەرییە ئەرێنیەکانی بەشداریکردنی لایەن و کەسانی تر لە پەروەردەکردنی منداڵدا بریتیە لە( پاراوی زمانی منداڵ).

24. بە بۆچوونی زۆرینەی نمونەکە کە ڕێژەی (60.7)ە، کاریگەرییە ئەرێنیەکانی بەشداریکردنی لایەن و کەسانی تر لە پەروەردەکردنی منداڵدا بریتیە لە( شەرِنگێزی لە ڕەفتاری منداڵ).

25. زۆرترین ڕێژە کە دەکاتە (28.46) لە منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە کات بەسەربردنیان لە ماڵەوە بە یارییە ئەلیکترۆنیەکانە.

26. ڕێژەی (64.7)ی نمونەکە پێیانوایە ئەو منداڵانەی دایکیان لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن ڕەفتارییان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو منداڵانەی دایکیان لە ماڵەوەیە، هۆکاری جیاوازییەکەش دەگەڕێننەوە بۆ بەرزی متمانە بەخۆبوون لای منداڵ کە ئەویش بە ڕێژەی (32٪).

27.ڕێژەی (71.3)ی نمونەکە پاڵنەرەکانی کارکردنیان بۆ هەموو پاڵنەرەکانی وەك (دەسکەوتی ماددی، سەلماندنی خود، بەرزبونەوی پێگە و دەروندروستی) گەڕاندۆتەوە.

28. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی (87٪)ە، بەشداری بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزان دەکەن. هۆکاری ئەمەش هۆشیاری و لێك تێگەیشتنی هاوسەرەرکانە لەگەڵ یەکتری کە بە ڕێژەی (66٪)ی نمونەکەی پێکهێناوە.

29.زۆرترینی کێشەی نمونەی توێژینەوەکە کە بە ڕێژەی (28.67)ی نمونەکەیە ئاماژەیان بەوە داوە کە کێشەی پەروەردەرکردن و چاودێریکردنی منالەکانیان یەکەم کێشەیە لە ڕیزبەندیەکەدا.

30. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی (73.3٪)ە، پێانوایە توانویانە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان ژیانی خێزانی و کاری پیشەییاندا و ئەوانەی نەیانتوانیەوە هاوسەنگی ڕابگرن هۆکارەکەیان بۆ لاوازی ئاستی دامەزراوە پەروەردەییەکان گەڕاندۆتەوە کە ئەویش بە ڕێژەی (81.25)ی نمونەکەی پێکاهێناوە.

31. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی (88٪)ە، دەسکەوتەکانی کارکردنییان بۆ هەردوو دەسکەوتی (ماددی و مەعنەوی) گەڕاندۆتەوە.

## دووەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە

دوای شیکردنەوەی ئەنجامە مەیدانیەکان کە بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان دەست کەوتوون. توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێك کە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا دەخرێتە ڕوو.

لە ئەنجامی مەیدانیەوە دەرکەوتووە کە وا بەشێوەیەکی گشتی زۆرترینی ژمارەی منداڵانی نمونەی ناو توێژینەوەکە دوو منداڵە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە وردە وردە خێزانی کوردی لە بچوك بوونەوەیەدایە. هەروەها دەرکەوت لە توێژینەوەکەدا کە کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی جەستی منداڵ دروست نەکردووە ئەویش بەوەی ساڵانە پشکنینی تەندروستی بۆ منداڵەکانیان ئەنجامدەدەن و لە چۆنیەتی نان خواردن و شێوازی خەوی منداڵەکان هەروەها ژنانی نمونەکە کەمتەرخەم نەبوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان. کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ لە نیوەی ڕۆژەکە زیاتر کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرونی منداڵ دروست دەکات. کەم و زۆری کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ هۆکارە بۆ دروستبوونی کاریگەرییەکان لەسەر گەشەی دەرونی منداڵ. بەپێی توێژینەوەکە دەرکەوت کە کاکردنی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی نەمانی ئارامێتی خۆیان بەرامبەر بە منداڵەکانیان نەك کەمبونەوەی سۆز و لاوازی پیوەندیان لەگەڵ منداڵەکانیان. لەکاتێکدا ڕەنگدانەوەی کارکردنی نمونەکە لەسەر منداڵەکانیان دەرکەوتووە کە سیفەتەکانی (

بەکۆمەڵایەتی و پشت بەخۆبەستن) بەرجەستە بووە لە منداڵەکانیاندا. نمونەی توێژینەوەکە پشت بە دایەنگاو باخچەکان دەبەستن بۆ چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و توێژینەوەکە گەیشتە ئەوەی کە ئەو منداڵانەی نمونەی توێژینەوەکە لە شوێنێك دایاندەنێن و کەس و لایەنی تر بەشدارە لە پەروەردەکردنیان ئەوا کاریگەری ئەرێنی وەك پاراوی لە زمانی منداڵدا دروست دەبێت. لەبەرامبەردا کاریگەری نەرێنی وەك (شەڕنگێزی لە ڕەفتار)یاندا دروست دەبێت.لەبارەی کات بەسەر بردنی منداڵانی نمونەکە کاتێك لەماڵەوەن زیاتر کاتەکانیان بە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بەسەر دەبەن. و دەرکەوت پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتە ئابوری ودەرونی و کۆمەڵایەتیەکان. دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە ژنانی نمونەکە توانای بڕیاردانیان لە چوارچێوەی خێزاندا هەیە، ئەویش بە هۆی لێك تێگەیشتن و ڕێزگرتنیان لەگەڵ هاوسەرەرکانیانە. لەکاتێکدا بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە کێشەی پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵان یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی نمونەکە. و لە ئەنجامی مەیدانیەوە دەرکەوتووە کە ژنانی نمونەکە توانویانە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان کاری پیشەیی و ژیانی خێزانیاندا. لەکۆتاییدا دەرکەوت کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ هۆکارە بۆدەسکەوتنی هەردوو دەسەکەوتی ماددی و مەعنەوی پێکەوە بۆ ژنانی ئیشکەر.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە :

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، توێژەر پێی باشە چەند ڕاسپاردەیەك لەبارەی کارکردنی ژنان و پەروەردەی منداڵەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بخاتە ڕوو

یەکەم: پێویستە لە یاساوڕیساکانی کارکردندا ئەوپەڕی (موراعاتی) ژن بکرێت و کارئاسانی بۆ بکرێت بەتایبەت ئەو ژنانەی خاوەن منداڵن ئەویش بە پێدانی مۆڵەتی کاتی ڕۆژانەی دایکانە بەر لە تەواو بوونی دەوام.

دووەم: وەك دەردەکەوێت خێزانی کوردی لە بچوك بونەوەیەدایەو بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ژنانی ئیشکەر هانبدرێن بۆ خستنەوەی نەوەی نوێ ئەمەش لەڕێی ئەو کارئاسانیانەوە دەبێت کە بۆیانبکرێت وەك:

ا.پێدانی مۆڵەتی منداڵبوون بە ماوەی زیاتر و موچەی تەواو بۆ ئەو دایکانەی کاردەکەن بۆ ئەوەی لە تەمەنێکی زۆر زوودا منداڵەکانیان بە جێنەهێڵن.

ب. کردنەوەی دایەنگاو باخچەی حکومی زیاتر هەتا دایکان کەمتر پەنا ببەن بۆ دایەنگاو باخچە ئەهلیەکان.

ت. درێژکردنەوەی کاتی دەوامی دایەنگاو باخچە حکومیەکان بە جۆرێك لەگەڵ دەوامی دایکەکاندا بگونجێت و دانانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە دایەنگاو باخچەکاندا.

پ. کردنەوەی دایەنگاو باخچە لە نزیك شوێنی فەرمانگەو دەزگاکانی ژنان کاری لێدەکەن.

ج. هاوکاریکردنی ئەو دایکانەی هێشتا منداڵەکانیان بچوکە لە شوێنی کارەکەیان چاوپۆشیان لێبکرێت لە کاری گران و بەرپرسیارێتی زۆر.

د. دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ ئەو ژنانەی کاردەکەن لە دەرەوەی ماڵ بۆئەوەی ئاسانکاریان بۆبکرێت لە هاتوچۆدا و دانانی کەسی پسپۆڕو شارەزا لە چاودێریکردنی منداڵان لە کاتی گواستنەوەیاندا.

سێیەم: کردنەوەی خولی ووشیاری و ڕاهێنانی بۆ ئەو ژنانەی کاردەکەن لە دەرەوەی ماڵ لە بواری گەشەپێدانی تواناو ولێهاتویەکان، خودناسی،و دەرونیەکان.

## پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر فرە ڕەهەندە و پێکداچوو گرنگە، هەربۆیە پشنیار دەکەم: توێژەرانی دیکە لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوەی دیکە لەلایەنە جیاوازەکانی تری ئەم بابەتەدا بکەن.

ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر نمونەی تر و کۆمەڵگەی جیاوازتر وەك:

1- ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵانی ئەو ژنانەی لەکەرتی تایبەت کار دەکەن.

2-ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵان، بە پێی تەمەنە جیاوازەکانی تربەتایبەت بۆ تەمەنی هەرزەکاران، چونکە توێژینەوەکەی ئێمە تەنها منداڵانی تەمەن (2-5) ساڵانە.

3- شێوازی پەروەردەکردنی منداڵان لای ژنانی ماڵەوە.

4- ڕەنگدانەوەی کارکردن لەسەر خودی ژن خۆی و لایەنی دەرونی.

5- کارکردنی ژن و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا.

# سەرچاوەکان:

## یەکەم/ قورئانی پیرۆز

## دووەم/ کتێب:

### - کوردیەکان:

1- ال عبدالله، محمد بن محمود(2014): دەروونزانی کۆمەلأیەتی، رۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەلأیەتیدا و. ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی.

2- بایەزیدی، مەلا مەحمود(1982)، داب و نەریتی کوردەکان، و: شوکریە رسول، چاپخانەی العدالە، بەغداد.

3- جەمال، سوزان(2004) : ژن لەبەردەم قەیرانەکاندا، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

4- خانی، محێدین محمد (2019): دەلاقەیەك بە ڕووی ژیاندا، کتێبخانەی گەشە بۆ چاپکردن، چاپی یەکەم، سلێمانی.

5-خەلیقی، حوسێنی(1992): کۆمەڵناسی کوردەواری، چاپخانەی الحوادس، بەرگی دووەم، بەغداد.

6- خۆشناو، ابوبکر (2003): میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

7- سالح، کازیوە(2002) : ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا، کۆمەڵە ووتار، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

8-السعداوی، نوال(2006): ڕوخساری ڕەوتی ئافرەتی عەرەب، و.سۆزان جەمال،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر.

9-عبدالرحمن و وا لی، بیستون محمد و تەها حسێن(2006): هۆکارەکانی ڕاکردنی مێرد منداڵ لە خێزانەوە بۆ سەر جادە، خانەی چاپ و بلأوکراوەی چوار چرا، سلێمانی

10- عومەر، معن خلیل(2007): کۆمەڵناسی خێزان، و:ئارام أمین جلال، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك.

11- موحسنی مەنوچهێر (2006)، : دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕیبوار سیوەیلی و کۆمەڵێکی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم ، هەولێر

12- گیدنز، ئەنتۆنی (2009): کۆمەڵناسی، و. حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

13- محمد، بەهار عبدالرحمن(2010): بەشداری سیاسی ئافرەتان لە عێراقدا، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلیمانی.

14- وەلەدبەگی، ئەکبەر(2009): کۆمەڵناسی بۆ ژیان، و. خالید حسین پێنجوێنی، چاپخانەی گەنج چاپی یەکەم، سلێمانی. چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر.

## - عەرەبیەکان:

15- اتفاقية حقوق الطفل،(1990) اعتمدتها الجمعية العامة بالاجماع، 44/25 بموجب القرار المؤرخ، 20تشرين الثاني/ نوفمبر

16- احمد، محمد مصطفي(1995):الخدمة الاجتماعية في مجال السكان والاسرة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية .

17- بدران، شبل(2000): اتجاهات الحديثة في التربية الاطفال ماقبل المدرسة، الدار المصرية اللبنانية.

18- بدوي، أحمد زكي (1982): معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت.

19- بصمةجي، سائر (2013): دليل تربية الطفل من الولادة حتي المراهقة، دار كتاب للنشر، لبنان.

20- تركية، بهاءالدين خليل(2004): علم الاجتماع العائلي، الاهالي للتوزيع، الطبعة الاولي، دمشق.

21- الجبوري، عبدالقادر يوسف(1980): تأريخ الاقتصاد، مطابع مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.

22- جعنيني، حبيب (2009): علم الاجتماع التربية المعاصر، دار وائل للنشر، الاردن

23- حافظ، ناهدة عبدالكريم (1981): مقدمة في البحوث الاجتماعية، مطبعة المعارف، بغداد.

24- الحسن، احسان محمد(1982): الاسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعي، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

25- الحسن، احسان محمد (1999): موسوعة علم الاجتماع، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

26 - الحسن احسان محمد(2005): علم الاجتماع الصناعي، دار وائل للطباعة والنشر، عمان.

27- الحسن، عبدالباسط محمد (1971): أصول البحث الاجتماعي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة

28- الحسن، عبدالباسط محمد (1977): اصول البحث الاجتماعي،معرض وسيط للطبع والنشر،مصر.

29- الحسن، عبدالباسط محمد (1982): اصول البحث الاجتماعي، مكتبة الوهبة، القاهرة.
30- الحسن والحسني، احسان محمد و عبدالمنعم (1981): طرق البحث الاجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث الاجتماعي، بغداد، العراق.
31- الخشاب، مصطفي(1985):دراسات في الاجتماع العائلي، دار النهضة العربية للطباعة،بيروت .
32- الخولي، سناء محمد(بدون سنة) : الزواج والاسرة في عالم المتغير، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر، الاسكندرية.
33- الخولي، سناء(2002): الاسرة والحياة العائلية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
34- دبابنة و محفوظ، ميشل نيل(1998): سيكولوجة الطفولة، دار المستقبل للنشر والتوزيع، الاردن.
35- ديفرجية موريس(1980): الاحزاب السياسية، مطبعة بيروت،لبنان.
36- رشوان، حسين عبدالحميد(1987) : العلم والبحث العلمي، دراسة في المنهج العلوم،ط3، المكتب الجامعي الحديث، مصر.
37- زايتلن، ارفنج (1989): النظرية المعاصرة في علم الاجتماع،ت. محمود عوادة و ابراهيم عثمان، \ات السلاسل للطباعة والنشر، الكويت.
38- الساعاتي، حسن (1982)، تعليم البحوث الاجتماعية، دار النهضة، بيروت.
39- سرحان، منير مرسي(1977): في اجتماعيات التربية، دارالنهضة العربية، ، الطبعة الثانية، بيروت، لبنان.
40- سعوص، محمد عبداللطيف و الخضيري محسن احمد (1992): الاسس العلمية لكتابة رسائل الماجستر والدكتورا، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
41- سليم و الشعراني، مريم والهام(2006): الشامل في المدخل الي علم النفس، دارالنهضة العربية، الطبعة الاولي، لبنان.
42- طلعت ابراهيم لطفي وكمال عبدالحميد الزيات(1999):النظرية المعاصرة في علم الاجتماع ،دار غريب للطباعة والنشر،القاهرة.
43- عباس، فاضل(1996): الاختبارات النفسية تقنياتها واجرائتها، دار الفكر العربي، بيروت.
44- عبدالفتاح، كاميليا(1972): سايكولوجي المرأة العاملة، دار النهضة، القاهرة.
45- عبدالفتاح، كاميليا (1990): سايكولوجيا المرأة العاملة، دار النهضة، المصر
46- عبدالمؤمن، علي معمر(2008م): مناهج البحث في العلوم الاجتماعية، الاساسيات والتقنيات والاساليب، منشوات جامعة 7 اكتوبر، ليبيا.
47- عبدالمعطي، عبدالباسط(1998):اتجاهات نظرية علم الاجتماع، عالم المعرفة، الكويت.

48- عبيدات، زوفان واخرون(1987): البحث العلمي (مفهومه، ادواته،اساليبه)، دارالنشر والتوزيع،عمان.
49- العزاوي، رحيم يونس كرو (2008): مقدمة في المنهج البحث العلمي، دار دجلة، عمان.
50-عمر،معن خليل(1982): نقد الفكر الاجتماعي المعاصر، دار الاتفاق العربية، بيروت.
51- علاونة، د. شفيق(1994): سيكولوجة النمو الانساني(الطفولة)، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان.
52- فرح، محمد سعيد(1989):البناء الاجتماعي والشخصية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
53- القائمي، علي(1994): دور الام في التربية، دارالنبلاء، بيروت، لبنان.
54- قندبلجي، عامر(2008): البحث العلمي واستخدام مصادر المعلومات التقليدية والالكترونية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،عمان.
55-القصير وعمر، مليحة عوني،معن خليل (1992): المدخل الي علم الاجتماع،مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
56- ليلة، علي(2006): الطفل والمجتمع، جامعة عين شمس، المكتبة المصرية، اسكندرية.
57- ليلة، علي (1991): النظرية الاجتماعية العاصرة ، دارالمعرف، القاهرة.
58- محمد، د. وهيبة شوكت(1990): العوامل النفسية في جنوح الاحداث، مطبعة الحوادث بغداد.
59- معروف، صبحي عبداللطيف(1980):سيكولوجة الطفولة والمراهقة، الطبعة الثانية، مطبعة الجامعة بغداد.
60- الحمداني، موفق والاخرون، (2006): مناهج البحث العلمي، اساسيات البحث العلمي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.
61- ميشل، دينكن(1980): معجمع علم الاجتماع ، ت: احسان محمد الحسن ، مطبعة دار الحرية ، بغداد.
62- مينورسكي(1968): الاكراد ملاحظات والانطباعات، ت: معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد
63- الناقولا،جهاد زياب(2011):الاثار الاسرية الناجمة عن خروج المراة السورية للعمل، دارالهيئة السورية، دمشق.
64- نايفة قطامي و محمد برهوم (1997): طرق دراسة الطفل، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
65-النصار، عبدالكريم عبدالسادة (1997)، التصنيع وأثره في حضر التغير الاجتماعي، دار دجلة،العراق.
66- هرمز،صباح حنا(1989):سيكولوجة لغةالاطفال، دارالشووءن العامة، بغداد

**سێیەم/ ماستەر و دکتۆرا نامەکان:**

67- بن زيان، مليكة(2004) عمل الزوجة وانعكاساتة علي العلاقات الاسرية، جامعة منتوري، رسالة ماجستير، ، كلية الالجزائر.

68.بكاكرة، كاملة (2014):عمل المراة وعلاقتة بالتحصيل الدراسي للابناء، رسالة ماجيستر ، قسم علم الاجتماع، جامعة الوادي، الجزائر.

69- حمة ويس، واحدة (2005): الهجرة الخارجية واثرها في بناء الاسرة ووظائفها، رسالة ماجيستر، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، جامعة بغداد.

70- الحاج يوسف، ملكة (2003): أثار عمل الام على تربية أطفالها، دراسة ميدانية لبعض الامهات العاملات بمدينة، رسالة ماجستير ، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، الشارقة، الجزائر.

71-عبداللة، اسو ابراهيم(1982): المشكلات الاجتماعية والحضارية للمراة العاملة في منطقة حكم ال\\اتي، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، بغداد.

72- عبدالفتاح، كاميليا(1984) : سايكولوجيا المراءة العاملة، دار الثقافة العربية للطباعة، القاهرة.

73- عزيز، فريال بهجت(1981): عمل المراة واثره على دورها في الاسرة، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، قسم علم الاجتماع، قاهرة.

74- قادر، ژيا عباس(2012): دور الموارد البشرية في اعادة تنظيم المجتمع، اطروحة دكتورا، جامعة السليمانية،كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، العراق.

75- محمد، کەژاڵ حسين (2006): صراع الادوار لدى المراه الكورديه، رساله ماجستير ، جامعه السليمانيه، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، العراق.

76- Sonali Aggarwal, Personality Traits in children of working and non working mothers: A comparative study,Lal Nehru University,Delhi, 2016

77- Allahdin Abro andRosan Ali Mugheri, Study of the effects of working mothers on the Development of Children, Pakistan, 2012

**چوارەم/ گۆڤارەکان:**

78- حەسەن، شێرزاد(2006): ئەفسانەی ماڵ، گۆڤاری رەهەند، سلێمانی، ژ. 18.

97- قانع، مەریوان وریا(2006): سەرەتایەك دەربارەی فیمینیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژ. 18-19.

**پێنجەم/ سەرچاوەکانی ئینتەرنێت:**

80-https://journalistsresource.org/studies/economics/jobs/working-mother-employment-research

81-(Hansen, rashl , 2013, lisbeth palmhoj ) https://journalistsresource. org/studies/economics/jobs/working-mother-employment-research/
82-McGinn, Kathleen L. ; Castro, Mayra Ruiz; Lingo, Elizabeth Long. *Work, Employment and Society*, April 2018. DOI: 10. 1177/0950017018760167
83- Jayita Poduval and Murali Poduval, 2008
https://www. ncbi. nlm. nih. gov/pmc/articles/PMC3151456/working mother
84-Wollershiem JP.Occup med.1993 0ct-dec.8(4) university of montana,missoula https://www. ncbi. nlm. nih.Gov depression ,women,and the workplace.

# پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (1)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کولێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان– خوێندنی باڵا (ماستەر)

بەشی کۆمەڵناسی

دایکی بەڕێز....

ئەم فۆڕمەی لەبەردەستدایە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری کۆمەڵناسیدا لە ژێر ناونیشانی ( ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ) لە پێناوی سەرکەوتنی توێژینەوەکەدا پێویستمان بە هاوکاری تۆی بەڕێزە، هاوکاریت مایەی دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەیە.

تێبینی :

- پێویست ناکات ناوی خۆت بنوسیت.
- هێمای (√ ) بدە لە هەڵبژاردنەکەت.

خوێندکار: کانیاو ابراهیم کریم سەرپەرشتیار: د.واحدە حمەوەیس نصراللە

یەکەم : پرسیارە گشتیەکان

أ. تەمەن : ( ) ساڵ

ب.ئاستی خوێندەواری : سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( ) دبلوم ( )
بەکالوریۆس ( ) خوێندنی باڵا ( )

ت.ئاستی خوێندەواری هاوسەرەکەت : سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( )
دبلوم ( ) بەکالوریۆس ( ) خوێندنی باڵا ( )

پ. داهاتی مانگانەت : دینار

ج. جۆری نیشتەجێبون : موڵك ( ) کرێ ( ) حکومی ( ) هی تر

ح. ژمارەی منداڵ : ( ) منداڵ

خ. ڕیزبەندی منداڵە (2–5) ساڵەکەت لەناو خێزاندا؟ ( )

ز. کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا ؟ ( ) کاتژمێر

دووەم: پرسیارە تایبەتەکان: تەوەرەی تایبەت بە گەشەکردنی جەستەی منداڵ

1. پشکنینیە تەندروستیەکانی منداڵەکەت کەی ئەنجام دەدەیت؟

ا. ساڵانە ( ) ب. بەپێی پێویست ( ) ت. شەش مانگ جارێك ( ) پ. پابەند نیم بە پشکنینەکان

2. منداڵەکەت نانی بەیانی لە کوێ دەخوات؟

ا. لەماڵەوە ( ) ب. لەگەڵ دادەو مامۆستاکانی لە دامەزراوەکان ( ) ت. نانی بەیانیان ناخوات ( )

3. منداڵەکەت لە چ کاتێکدا زیاتر خواردن دەخوات؟

ا. لەگەڵ خۆم ( ) ب. لە دەرەوەی ماڵ ( ) ج.هەرکات پێویست بێت ( )

4. چۆن ژەمە خواردنی خێزانەکەت ئامادە دەکەیت؟

ا. ڕۆژانە ( ) ب. پەنا دەبەمە بەر خواردنی دەرەوە ( ) ت. لە نێوان هەردووکیان ( )

5. منداڵەکەت لە چ کاتێکدا زیاتر دەخەوێت؟

ا. لەگەڵ خۆم ( ) ب. لەلای کەسانی تر ( ) ج. بەتەنها ( )

6. ئایە بەهۆی کارەکەتەوە توشی کەمتەرخەمی بوویت لە چاودێری تەندروستی منداڵەکەت؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( )

سێهەم: تەوەرەی تایبەت بە گەشەکردنی دەرونی منداڵ

7. کام لەم شێوازانە دەگریتەبەر پەروەردەکردنی منداڵەکانتدا ؟

ا. ئازادی ( ) ب. نازپێدان ( ) ت. چاودێریکردن و بەدواداچوون ( ) پ. تاوتاوی ( ) ج. پارێزگاری و پشتیوانیکردن ( ) هـ. پاداشت و سزا ( )

8. ئایا ئامادەنەبوونت لە ماڵدا لە نیوەی ڕۆژەکە زیاتر تا چەند کاریگەری دروست دەکات لەسەر دەرونی منداڵەکەت؟

ا. زۆر ( ) ب. کەم ( ) ج. کاریگەری دروست نەکردوە ( )

9. کارکردنت لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی کام لەمانە؟

ا.لاوازی پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکەت ( ) ب.کەم بوونەوەی سۆزت بەرامبەر منداڵەکەت ( )

ت. نەمانی ئارامیّتی بەرامبەر منداڵەکەت ( )

10. کارکردنت لە دەرەوەی ماڵ کام لەم سیفەتانەی زیاد کردووە لە منداڵەکەتدا؟

ا.پشت بە خۆبەستنی منداڵەکانت ( ) ب. بەکۆمەڵایەتیبونی منداڵەکانت ( )

ت. زۆر هۆگر بوون بە کەسانی تر ( )پ. تورەیی وبێزاری ( )

11. بەکام لەم شێوانە کاتت بۆ منداڵەکەت تەرخانکردووە ؟

ا.هەموو کاتە بەتاڵەکانم لەگەڵیدام ( )

ب.کاتێکی کەم لەگەڵیدام بەڵام چالاکی زۆری لەگەڵ ئەنجام دەدەم ( )

ت. کاتم زۆر کەمە و ناتوانم لەگەڵیدابم تا چالاکی لەگەڵ ئەنجام بدەم ( )

چوارەم: تەوەرەی تایبەت بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ

12. لەکاتی چوونت بۆ کارکردن منداڵەکەت لای کێ بەجێدەهێڵیت؟

ا. هاوسەرەکەم ( ) ب. کەسێکی نزیك (دایکم) ( ) ت. دایەنگا و باخچە پ. کەسی تر

13. ئەگەر وەڵامەکەت (ب،پ،ت)کێ هاتوچۆ بەمنداڵەکەت دەکات؟

ا. خۆم ( ) ب. باوکی ( )

ت. بە پاصی تایبەت ( ) پ. هی تر ( )

14. بە بڕوای تۆ بەشداریکردنی کەس و لایەنی تر لە پەروەردەکردنی منداڵەکەتدا یارمەتی گەشەکردنی کام لەم لایەنانە دەدات؟

ا. ئاسوودەیی دەرونی منداڵ ( ) ب. هێمنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ ( )

ت.. پاراوی زمانی منداڵ ( ) پ. بەرزی متمانەبەخۆبونی منداڵ ( )

15. پێت وایە بەشداریکردنی کەس و لایەنی تر لە پەروەردەکردنی منداڵەکەتدا بۆتە هۆی کام لەمانە؟

ا. شڵەژانی دەرونی منداڵ ( ) ب. شەڕەنگێزی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ ( )

ت. سستی لە زمانی منداڵ ( ) پ.لاوازی متمانە بەخۆبوونی منداڵ ( )

16. ئایە پەیوەندی منداڵەکانت چۆنەبە باوکیانەوە ؟

ا. بەهێزە ب. لاوازە ت. ئاساییە

17. منداڵەکەت چۆن کاتەکانی لە ماڵ بەسەر دەبات؟ یەکێك زیاتر هەڵبژێرە

ا. سەیریکردنی تەلەفیزیۆن ( )ب. یاریکردن بە ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان. ( )

ت. یاریکردن لە کۆڵان. ( )پ.زیاتر لەگەڵ خۆمدایەو هەوڵدەدەم لێم نزیك بێت ( )ج. یاریکردن بەتەنها

18. پێت وایە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵەکەت باشترە لە منداڵێك کە دایکی کارناکات؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

19.ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە بۆچی؟

أ. بەرزی متمانە بەخۆبووونی منداڵەکەم ( ) ب.چالاکی و جوڵەی زۆری منداڵەکەم ( )

ت. بەهێزی پەیوەندی نێوان خۆم و منداڵەکەم ( ) پ. پاراوی زمانی منداڵەکەم ( )

شەشەم: تەوەرەی تایبەت بە کارکردنی ژن و هاوسەنگی ڕاگرتنی لە نێوان ژیانی کارو خێزاندأ

20. پاڵنەرەکانی کارکردنت بۆکام لەمانە دەگەڕێتەوە ؟

ا. دەستکەوتی ماددی ( ) ب. سەلماندنی خودی خۆم لە ڕێی کارەکەمەوە ( )

ت. بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیم ( ) پ. بۆدەروون دروستی خۆم ( ) د. هەموویان

21. تا چەند بەشداریت لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزانەکەتدا ؟

أ. زۆر ( ) ب. کەم ( ) ت. بەشداری ناکەم ( )

22.ئەگەر وەڵامەکەت (زۆر)ە بۆ کام لەم هۆکارانەی دەگەڕێنیتەوە ؟

ا. بە هۆی بونی ئابوری سەربەخۆ ( ) ب. بە هۆی وشیاری و تێگەیشتنم لەگەڵ هاوسەرەکەم( )

ت. بە هۆی بەهێزی کەسێتی خۆمەوە ( ) پ. بەهۆی لێهاتوی و بوێریم لە بڕیاردانە ( )

23. کام لەم کێشانەت ڕووبەڕووت دەبنەوە بە هۆی کارکردنت لە دەرەوەی ماڵ؟ بەڕیزبەندی ژمارە یەك تا چوار دیاری بکە؟

ا. کێشەی نێوان خۆم و هاوسەرەرکەم. ( ) ب. کێشەی پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵەکانم. (

ت. کێشەی ململانێی ڕۆڵەکان. ( ) پ. کێشەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەم. ( )

24. تا چەند توانیویتە هاوسەنگی ڕابگریت لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی هاوسەریتدا؟

أ. زۆر ( ) ب. کەم ( ) ت. بەدەگمەنی ( )

25. ئەگەر وەڵامەکەت بەدەگمەنیە ئایا هۆکاردەگەرێتەوە بۆکام لەمانە؟

ا.نەبوونی گیانی هاوکاری لەلایەن هاوسەرەکانەوە ب. لاوازی ئاستی دامەزراوەکان لە پێشەکەشکردنی خزمەتەکان

26. کارکردن لە دەرەوەی ماڵ چ دەستکەوتێکی پێ بەخشیت؟ أ.ماددی ( ) ب.مەعنەوی

پ.هەردووکیان( )

پاشکۆی (2)

راستێتی فۆرمی راپرسی

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسسپۆڕی | پۆست | ژمارەی پرسیاری پەسەندکراو | ژمارەی پرسیاری پەسەندنەکراو | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. صابر بكر مصطفى | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی | سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان | 45 | 2 | ٪95.74 |
| 2 | د.نیان نامق صابر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | فەلسەفەی پەروەردەیی | نیە | 45 | 2 | ٪95.74 |
| 3 | د.نجاە محمد فرج | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | نیە | 42 | 4 | ٪89.36 |
| 4 | د.کەژاڵ حسین محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | سەرۆك بەشی کۆمەڵناسی | 45 | 2 | ٪95.74 |
| 5 | د. عالیە فرج محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی خێزانی | نیە | 46 | 1 | ٪97.87 |
| 6 | د. ژیا عباس محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەڵایەتی | لێپرسراوی خوێندنی باڵا | 47 | نیە | ٪100 |
| 7 | د. ڕزگار مصطفی غفور | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەڵایەتی | سەرۆك بەشی کاریکۆمەڵایەتی | 47 | نیە | ٪ 100 |
| 8 | د.عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونناسی پەروەردەیی | بڕیاردەری بەشی باخچەی منداڵان | 46 | 1 | ٪97.87 |
| 9 | د. کوردستان عمر محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەڵایەتی | نیە | 47 | نیە | ٪100 |
| 10 | د.هەناو حسن محمد خان | مامۆستا | دروستی دەروونی | ب.سەنتەری جێندەرناسی ز.سلێمانی | 46 | 1 | ٪97.87 |
| کۆی گشتی | | | | | 456 | 13 | 97.2٪ |

ژمارەی گشتی پرسیارەکان = 47

ژمارەی شارەزایان = 10

کۆی گشتی پرسیارەکان = ژمارەی پرسیارەکان × ژمارەی شارەزایان (47×10 = 470 )

ژمارەی گشتی پرسیارە پەسەندکراوەکان = 456

ژمارەی گشتی پرسیارە پەسەند نەکراوەکان = 13

ڕێژەی سەدی ڕاستێتی گشتی فۆڕمەکە = ژمارەی پرسیارە پەسەند کراوەکان ÷ ژمارەی گشتی پرسیارەکان × 100

ڕێژەی سەدی = 456÷ 470 = 97.02٪

### پاشکۆی (3)

گونجاندنی ناوەکی برگەکانی فۆرمی ڕاپرسی بەبەکاهێنانی هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ

| ز | تەوەرە | هاوکۆلکەی ئەافاکرۆنباخ | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| 1 | گەشەکردنی جەستەی منداڵ | 0.822 | پەسەندە ( زۆر باشە) |
| 2 | گەشەکردنی دەروونی منداڵ | 0.810 | پەسەندە ( زۆر باشە) |
| 3 | گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ | 8100. | پەسەندە (باشە) |
| 4 | کارکردنی ژن و هاوسەنگی ڕاگرتنی لە نێوان ژیانی کارو خێزاندا | 0.825 | پەسەندە ( زۆر باشە) |
| 5 | بەگشتی هەرچوار تەوەرەکە | 0.856 | پەسەندە ( زۆر باشە) |

لەو خشتەیەی سەرەوەدا لەبەر ئەوەی نرخی هاوکۆلکەی ئەافاکرۆنباخ بۆ هەموو تەوەرەکان گەورەترن لە (0.6) کەواتە هەموویان پەسەندن ( نرخی هاوکۆلکەی ئەافاکرۆنباخ پەسەندە کاتێك گەورەتربێت لە 0.6) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرسیارەکانی تەوەرەکان گونجاون لەگەڵ تەوەرەکاندا.

تێبینی : هاوکۆلکەی ئەافاکرۆنباخ = هاوکۆلکەی جێگیری

پەیوەندی نێوان تەوەرەکان:

**Correlations**

| ز | تەوەرەکان | Pearson Correlation | P-Value | N |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گەشەکردنی جەستەی منداڵ | .477** | 0.000 | 150 |
| 2 | گەشەکردنی دەروونی منداڵ | .348** | 0.000 | 150 |
| 3 | گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ | .525** | 0.000 | 150 |
| 4 | کارکردنی ژن و هاوسەنگی ڕاگرتنی لە نێوان ژیانی کارو خێزاندا | .609** | 0.000 | 150 |

**بەوپێیەی هاوکۆلکەی پێکەوەبەستراوی پێشوو پەیوەستە بە جێگیری ناوەکی فۆرم کە پەسەندە بەپێی داتا ئامارییەکان.**

بەوەش توێژەر دڵنیا دەبێتەوە لە ڕاستێتی و جێگیری تەوەرەکانی فۆرمەکە بەوەش فۆرمەکان گونجاوە لە بوارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەدا

خشتەی الفا کرونباخ

| ئەنجام | Internal consistency | Cronbach's alpha |
|---|---|---|
| نایابە | Excellent | $0.9 \leq \alpha$ |

| | | |
|---|---|---|
| باشە | Good | $0.8 \leq \alpha < 0.9$ |
| پەسەندە | Acceptable | $0.7 \leq \alpha < 0.8$ |
| جێگەی گومانە | Questionable | $0.6 \leq \alpha < 0.7$ |
| لاوازە | Poor | $0.5 \leq \alpha < 0.6$ |
| پەسەند نیە | Unacceptable | $\alpha < 0.5$ |

تێستی نۆرمەڵی داتاکان

| Tests of Normality | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تەوەرەکان | Shapiro-Wilk | | |
| | | Statistic | df | P-Value |
| 1 | گەشەکردنی جەستەی منداڵ | 0.935 | 150 | 0.072 |
| 2 | گەشەکردنی دەرونی منداڵ | 0.984 | 150 | 0.079 |
| 3 | گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵ | 0.986 | 150 | 0.134 |
| 4 | کارکردنی ژن و هاوسەنگی ڕاگرتنی لە نێوان ژیانی کارو خێزاندا | 0.986 | 150 | 0.138 |
| 5 | بەگشتی هەرچوار تەوەرەکە | 0.988 | 150 | 0.245 |

لەو خشتەیەی سەرەوەدا کە بریتیە لە تێستی (شاپیرۆ ویلکۆکسن )تایبەت  نۆرمەڵی داتاکان بۆ هەموو تەوەرەکان, لەبەر ئەوەی نرخی (P-Value) ی هەموو تەوەرەکان گەورەترە لە (0.05) کەواتە داتاکان نۆرمەڵن ( سروشتین ) .

پاشکۆی (4) **جێگیری فۆرمی توێژینەوەکە**

1– **جێگیری فۆرم ( بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە)**

| جێگیری فۆرم ( بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هاوکۆلکەی پێرسون | قەبارەی نمونە | ژمارەی برگەکان | P-Value | ئەنجام |
| 0.72 | 15 | 34 | 0.008 | معنویە ( پەسەندە) |

لەو خشتەیەی سەرەوەدا کە بریتیە لە تاقیکردنەوەی جێگیری بە ڕێگەی دوبارەبونەوە بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی یەکە لەبەرئەوەی نرخی (P-Value) کە یەکسانە بە ( 0.008) وە بچوکترە لە (0.05) کەواتە ئەنجامەکە پەسەندە واتە فورمەکە گونجاوە بۆ شیکاری.

### 1- جێگیری بە ڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوە:

پرسیارەکانی ناو ڕاپرسیەکە دابەشکرا بۆ دوو بەش، بەشی یەکەمیان پێکهاتووە لە پرسیارە تاکەکان و بەشی دووەم پێکهاتووە لە پرسیارە جووتەکان، هەروەها بە هاوکۆلکەی پەیوەست هەژمار دەکرێت لە نێوان نمرەی پرسیارە تاکەکان و نمرەی پرسیارە جوتەکان، هەروەها بە پشت بەستن بە هاوکۆلکەی پیرسون وەك:

$$\text{Reliability Coefficient} = \frac{2\ r}{1+r}$$

| الثبات بطريقة التجزئة النصفية (مجموعه س) | | | |
|---|---|---|---|
| الفا كرونباغ (معامل الفا ) | الجزو الاول | معامل الفا | .713 |
| | | عدد العناصر | 81 |
| | الجزو الاول | معامل الفا | .691 |
| | | عدد العناصر | 61 |
| | عدد الكلي للعناصر | | 43 |
| معامل الارتباط بين مجموعتين | | | 0.65 |
| معامل سبيرمان براون | | متساوى مجموعتين | 0.79 |
| | | غير متساوى مجموعتين | 0.79 |
| معامل ثبات جثمان للتجزئة النصفية | | | .897 |

هاوکۆلکەی سبیرمان براون 0.79 پەسەندە

$$\text{هاوکۆلکە سبیرمان براون} = \frac{2r}{1+r} = \frac{2*0.65}{1+0.65} = \frac{1.30}{1.65} = 0.79$$

حكومة اقليم كوردستان–العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية العلوم الانسانية/دراسات العليا
قسم علم الاجتماع

# انعكاسات عمل المرأة على التربية الاطفال

## (دراسة ميدانية في المدينة السليمانية)

**من قبل**

**كانياو ابراهيم كريم**

**رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية، كجزء من المتطلبات نيل درجة ماجستير في علم الاجتماع**

**باشراف**

**استاذة الدكتورة/ واحدة حمةويس نصرالله**

**2720 ك** **1441 هـ** **2020 ز**

# ملخص البحث

لما خلق الله الانسان  جعل من المرأة جزاءً اساسياً من المجتمع و مكملاً للرجل ولها دورها الفعال في تنظيم الأسرة و التربية وتنشئة الأجيال والرجال العظام على مدى العصور، ولما نتحدث عن المرأة نجد بأنها بارعة في جانبين من جوانب وهي: اما أن تكون بارعةً في الأعمال المنزلية و تربية الأطفال وادارة الأسرة، أو انها بارعةً خارج البيت بأن تعمل مع الرجل في كسب المعيشة والرزق لأسرتها وأطفالها.

رعاية الأطفال وتربيتهم عمل شاق وصعب على الأسرة وبالأخص تقع هذه على عاتق المرأة، لأن مرحلة الطفولة هيِ من أهم المراحل التي يمر بها الانسان، والطفل في هذه المرحلة يواجه مستجدات و صعوبات ومشاكل الحياة لأول مرة وتقع هذه المسؤولية بصورة خاصة على عاتق المرأة.لهذا المشكلة  يتطرق الى كشف حقيقة و مدى تأثير عمل المرأة على تربية الأطفال والنمو الجسدي أو النفسي الاجتماعي لهم؟

**الهدف الاساسي** لهذا البحث هو التعرف علي دور المرأة العاملة في تربية الأطفال منها: التعرف علي اثر عمل المرأة في نمو الجسدي، النفسي، الاجتماعي للطفل. و التعرف علي اقوي سبب للانعكسات عمل المرأة الي التربية الاطفال. اما نوع البحث فهو وصفي تحليلي و منهجه المسح الاجتماعي اما وسائل جمع المعلومات فهي الاستبيان مع الوسائل الاحصائية، ومجتمع البحث  يشمل المرأة العاملة في قطاع الصحة والتربية اللواتي عندهن اطفال يتراوح اعمارهم بين(2–5) سنة.و المجال المكاني كانت المديرية العامة للتربية والصحة في مدينة السليمانية. وعينة البحث(150) عاملة كانت عينة قصدية.

محتوي البحث ينقسم الي قسمين(النظري والعملي) في قسم النظري تم الاشارة الي المواظيع النظرية، وفي قسم العملى تم الاشارة الي النتائج البحث والتوصيات والمقترحات، ومن نتائح التي وصل اليها البحث:

**في** هذا البحث تبين  بأن العينات يجرين سنوياً الفحوصات اللازمة لأطفالهن، و كذلك تبين  كيفية أكل و نوم للطفل، وأن الأطفال الذين يأكلون مع امهاتهم ينامون ويرتاحون أكثر من غيرهم.مع عدم اهمال أكل الفطورفي البيت، وأن الامهات اللواتي يحضرن الاكل في البيت قليلاً ما يلجأون الى الوجبات السريعةخارج البيت، مع أن عمل العينات المأخوذة خارج البيت لم تكن مقصرات في رعاية صحية لاطفالهن بشكل يومي.**و** بحسب رأي العينات عمل المرأة خارج البيت أكثر من نصف اليوم لها تأثير سلبي على نفسيةو ذهن الطفل.**و**اظهرت نتائج البحث بأن عمل المرأة خارج البيت سبب لهن قفدان الأمن على أطفالهن من غير نقص في المجال العاطفي وعلاقتهن بأطفالهن.

واثر  عمل المرأة (عينة البحث) على أطفالهن ابرز بأن لديهم الرغبة في تكوين العلاقات الاجتماعية و الاختلاط بالمجتمع، و الاعتماد على النفس) و هذه الصفات اكتسب بسبب التربية النفسية للطفل. واظهرت معطيات البحث

بأن المرأة العاملة من عينة الدراسة تستعين في رعاية أطفالها بالمؤسسات التربوية كالروضة و الحضانة. توصلت نتائج البحث الى أن الاطفال الذين تشارك في تربيتهم المؤسسات التربوية يخلق فيهم جوانب ايجابية وسلبية، و تتضمن الايجابيات مثل (فصاحة اللسان، واستقرار النفس، و الثقة العالية) للطفل اما اهم السلبيات التي ظهرت فتتمثل ببعض الصفات مثل (العدوانية في السلوك).الاطفال افراد العينة يقضون اكثر اوقاتهم باللعب بالأجهزة الكترونية عندما يكونون في البيت.و تؤكدون افراد العينة علي ان دافع الاساسي خارج النمزل هو كسب المادي ورضا النفسي والاجتماعي. و تؤكدون افراد العينة بان احدى المشاكل الرئيسية التي تعانون منها هي مشكلة متعلقة بالتربية و رعاية الاطفال العاملة من. و تؤكد نتائج البحث علي ان اغلبية افراد العينة تؤكدون علي انها تستطيعون أن توازن بين عملها و حياتها الاسرية.

**Kurdish Regional Government**
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Humanities
Sociology Department

# The Effect of Women's Work on Raising Children

**It's a Practical Research about Sociology of Education**

**A thesis**

**Submitted to the Council of College of Humanities**

**University of Sulaimani in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master in**

**Sociology/Education**

**By**

**Kaniaw Ibrahim Karim**

**Supervised by**

**Assistant professor**

**Dr. Whaida Hama Wais**

**2719K** **1440 Al. H** **2020 A. D**

## The Summary of the Research in English Language

## Title: The effect of women's work on raising children


**Prepared by: Kaniaw Ibrahim Karim**

**Supervised by: Assistant Professor Dr. Wahida Hama Wais**



Ever since the beginning of the evolution of the human species, women have been an essential part of society, playing active roles in the full range of human endeavors. In many societies, women have played a dual role in raising children and managing domestic activities and working outside the home to provide for their families. Research problem, this research examines the impact of women working outside the home on raising children and the physical, mental or psychosocial development of children.

The main aim of the research is examine the aspects of the relationship between women working outside the home and raising children, including: Understanding the role of the woman in the physical, psychological, social development of the child. It is Descriptive analysis and research method is social survey. The means of information gathering is Questionnaire form

The aspects of the research, Humanitarian aspect are Women who work in education and healthcare sectors and that have children with age between 2-5 years. And Place aspect, the field is education and healthcare sectors. Time aspect: the study year

## Most Important Results:

- It became clear to us in the research that the women in the sample conduct the necessary annual medical examinations for their children and that children who eat with their mothers tend to sleep and relax more than others. We found that women working outside the home did not lead to neglect or negative health or nutrition consequences for the children.

- It became clear to us in the research that the method of education followed by the women is care and follow-up or penalty and punishment  and according to the opinion of the sample, the women working outside the house more than half of the day hurts the psyche and mind of the child.

- It became clear to us, according to the research, that a woman's work outside the home is a reason for them to protect and provide for their children, not by losing their compassion and their relationship with their children.

Furthermore, the effect of women’s work (samples) on their children has emerged from them as “social, social mixing, and self-reliance”, and these attributes are acquired due to the child's psychological education.

- It was found in the research that working women seek help in caring for their children from institutions like kindergartens and nursery schools.

- The study found that the children who attend institutions like kindergartens and nursery schools acquire both positive and negative aspects. Among the positive results are attributes such as eloquence, tongue stability, and high confidence, while some develop negative attributes, such as aggressive behavior.

- Most of the time, the children spend at play while they are at home involve electronic devices.

- The primary motivations for working among the women in the sample are physical, psychological, and social gain.

- Raising and caring for children is one of the main challenges for women working outside the home.

- According to the results of the research, working women in the sample were able to balance their professional work and their family life.